# ڕستە و پاش ڕستە

## تێڕوانینێکی ئەرکی

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# ڕستە و پاش ڕستە

تێڕوانینێکی ئەرکی

ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی

ناوی کتێب: ڕستە و پاش ڕستە
نووسینی: ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی
بڵاوکراوەی ئاراس – ژمارە: ٧٣٢
پیت لێدان: سەهەند سەرتیپ + بەسۆز هیمداد
هەڵەگری: تریسکە ئەحمەد حەمید
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم + سەنگەر عەبدولقادر
بەرگ: مەریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٨
لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٢٢٥ی
ساڵی ٢٠٠٨ی دراوەتێ

# پێشەکی

**١- ناونیشانی نامەکە و بوارەکەی:**

ناونیشانی نامەکە کە بریتییە لە (ڕستە و پاش ڕستە - تێڕوانینێکی ئەرکی) ئەوە دەگەیەنێ کە هەموو نامەکە بۆ لێکدانەوە و شیکردنەوەی دانەکانی ناو ڕستە و پاش ڕستە تەرخان دەکرێت بەپێی بیر و بۆچوونی ئەرکی. کارەکە زیاتر ئاستی ڕستەسازی و واتاسازی و پراگماتیك دەگرێتە ئەستۆ و هەندێ جاریش لە کاتی پێویستدا دەچێتە ناو ئاستەکانی تر.

**٢- هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:**

لەبەرئەوەی تاکو ئێستا ئەم ڕێبازە نەهاتۆتە ناو زمانی کوردی و هیچ سەرچاوەیەکی کوردیش ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ باسی ئەم ڕێبازەیان نەکردووە (هەرچەندە ئەم ڕێبازە بەسەر زۆربەی زمانەکاندا پیادە کراوە) بەپێویستمان زانی لەم ڕوانگەوە بڕوانینە هەندێ لایەنی ڕستە و پاش ڕستە لە کوردیدا.

**٣- کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە:**

لەم نامەیەدا کوردی نوێی نووسین (زاری کرمانجی خواروو) دەکرێت بەسەرپشك و کەرەستەی لێکۆڵینەوە. بۆ ئەم مەبەستەش بەشێکی زۆری ڕستە و نموونەکان لە بەرهەمی ئەدەبی (چیرۆك و شیعر) وەردەگرین، هەروەها ڕستەی خۆمان لە هەندێ شوێنی پێویستدا بۆ نموونە دەهێنینەوە

کە پیشانی کوردیزان دەدرێن بۆ ئەوەی کەس گومانی ئەوەی لێ نەکات، کە کوردی نەبن. سەرچاوەی ڕستەکان لە شوێنی خۆیاندا دیاری دەکرێن.

**٤- ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:**

ڕێبازی لێکۆڵینەوەکەمان ڕێبازی زمانەوانی وەسفییە. هەموو ڕستە و پاش ڕستەیەك دەتوانێت لە چەند ڕوانگەیەکی جیا جیاوە سەیر بکرێت و شی بکرێتەوە. ئەو ڕستە و ڕۆنانانەی لە دوو توێی ئەم نامەیەدا لێك دەدرێتەوە هەموویان لە ڕوانگەی ڕێزمانی ئەرکییەوە تێیان دەنوارِدرێ بەتایبەتی لە ڕوانگەی هالّیدەیەوە کە لەسەر تیشکی ئەم بنەمایانە دەڕۆن:

١- وەك ئامرازێك دەڕوانێتە زمان کە ئامانجی هەرە گەورەی لە یەکتر گەیشتنە. ئەم ئامانجەش کاریگەری لەسەر زمان دەبێت، واتە بەپێی ئەم ئەرکەی دەگۆڕێ.

٢- داهێنان دەداتە پاڵ زمان بەکارهێن، نەك سروشتی و هەڵکەوتی پەیڕەوی زمان خۆی.

٣- زمان بەدیاردەیەکی یاسابەند سەیر ناکات، بەڵکو وەك دیاردەیەکی ئاکام گەیین.

٤- پێوەندی نێوان واتا و زمان وەك پێوەندی نێوان ئاکام و ئامراز تەماشا دەکات (وسیلة لغایة)[١].

**بەشی چوارەم:** کە لە ژێر ناونیشانی (دەرەوەی ڕستە - ئەرکی تێکستی)دایە. لەم بەشەدا باس لە هەندێ لێکدان دەکرێت کە بەپێی ڕێزمانەکانی تر لە دەرەوەی ڕستەن بەڵام لە ڕوانگەی ئەرکییەوە بەباسی ڕستە دەژمێردرێن. بەشەکە ئەم سەر باسانەی گرتۆتەوە: باس و خواس

(١) هۆگر مەحموود، ٢٠٠٠، ل ٣٠.

(کۆن و نویێ)ی، باس لە ڕستەی هەواڵداندا، باس لە ڕستەی پرسدا، باس لە ڕستەی فرماندا، فرە باس، باسی پاڕستەیی.

**بەشی پێنجەم:** لە ژێر ناونیشانی ( لە سەرووی ڕستەوە – فراوانکردنی ڕستە)دایە. لەم بەشەدا باس لە ڕستەی ئاڵۆز دەکرێت کە تیایدا دوو جۆر پێوەندی خۆیان دەنوێنن. پێوەندی بەندێتی کە لە نێوان هەموو یەکەیەکدا هەیە و وشە و گرێ و پاڕستە و پێوەندی فراوانکردن کە بەتایبەتی لە پێوەندی لە نێوان ڕستەکانی ئاڵۆزدا خۆی دەنوێنێ. بەشەکە ئەم سەرباسانەی گرتۆتەوە: جۆری پێوەندی نێوان ڕستەی ئاڵۆز. پێوەندی بەندێتی و جۆرەکانی، پێوەندی فراوانکردن و جۆرەکانی: ڕوونکردنەوە، درێژکردنەوە، دەوڵەمەندکردن، فراوانکردن، بەبێ ئامراز، فراوانکردن بەتێهەڵکێشان، پێوەندی پەخشکردن و جۆرەکانی: گوتنی ڕاستەوخۆ و گوتنی نا ڕاستەوخۆ.

**بەشی شەشەم:** کە لە ژێر ناونیشانی (ڕستە لە ناو دەق دایە) لەم بەشەدا باس لە ڕستە دەکرێت لە ناو دەقدا کە لە ڕوانگەی جیاوازەوە لای هەندێ لە زمانەوانان شی کراوەتەوە بەتایبەتی لای هالیدەی. بەشەکە ئەم سەرباسانەی گرتۆتەوە: دەق و نادەق، شیکردنەوەی دەق، لکاندنی دەق و جۆرەکانی. ڕێگاکانی لکاندنی ڕێزمانی، لکاندنی لێکسیکی و جۆرەکانی: دووبارەکردنەوە، بەکارهێنانی وشەی هاوواتا، بەکارهێنانی وشەی دژواتا، بەکارهێنانی ناوی گشتی (گرتنەوە).

یەکێك لە ئەنجامە گرینگەکانی نامەکە ئەوەیە کە ڕێزمانی ئەرکی هالیدەی بێ خەوش نییە و لە کاتێکدا کە هەندێ لایەنی زمانی کوردی بەڕوونی ڕاڤە دەکات (وەك بیرۆچکەی ویستی قسەکەر) هەندێ لایەنی تر فەرامۆش دەکات وەك پێوەندی نێوان ڕستەکانی زمانی لە ناو خۆیاندا.

**٥- کورتەی نامەکە:**

نامەکە باس لە شیکردنەوە و لێکدانەوەی ڕستە و پاش ڕستە دەکات بەپێی ڕێبازی ئەرکی. ئەو ڕێبازەی چەندین بۆچوون و ڕێگە و بنەما دەگرێتە خۆ، کە سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ بیرەکانی ماتسیوس دواتر لە لایەن هەندێ زمانەوانانی ترەوە بەتایبەتی لای زمانەوانانی قوتابخانەی لەندەن گەشەیان پێداوە. بەپێی ئەم ڕێبازە زمان هۆکارێکی گەیاندنە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا و ڕێسا کۆمەڵایەتییەکان و داوونەریت کار لە زمان دەکەن و زمان دەبێ لە ڕوانگەی ئەو ئەرکانەوە سەیر بکرێ کە ئەنجامیان دەدات.

هالیدەی کە بەپێشەنگی ڕێبازی ئەرکی قوتابخانەی لەندەن دادەنرێ سێ ئەرکی سەرەکی دەداتە پاڵ زمان:

ئەرکی نواندنی (واقیع) ئەرکی نێوان کەسی و ئەرکی دەقی. لە ئەرکی نواندندا قسەکەر شارەزایی و بۆچوون و هەست و سۆزی خۆی بەرامبەر بیوەرەکەی و جیهانی ناوەوەی خۆی (هۆشی یان پەی بردن) دەردەبڕێ. لە ئەرکی نێوان کەساندا قسەکەر بەزمان پێوەندی خۆی لەگەڵ کەسانی دەوروبەریدا دەردەبڕێ، کارلێکی لەگەڵ هاوبەشانی ئاخاوتن، تێڕوانینی بۆیان و بۆ ئەو مەبەستەی هەیەتی. ئەرکی دەقی ئەوە دەدات بەقسەکەر کە بتوانێ دەق دەربهێنی کە بریتییە لە قسەی بەردەوامی شیاو بۆ بۆنەکان و دەق و نادەق لە یەکتری جیا بکاتەوە.

لەبەر ڕۆشنایی ئەم سێ ئەرکەی زمان، ناوەڕۆکی ئەم نامەیە ڕێکخراوە کە بێجگە لە پێشەکی و ئەنجام، بریتییە لە شەش بەش.

**بەشی یەکەم:** کە ناونیشانی (ڕێبازە ئەرکییەکان و ڕێبازی ئەرکی هالیدەی – تێڕوانینێکی مێژوویی).

دراوەتــێ بــەشێکــی تــیــۆرییــە و زەمــیــنــە خــۆش دەکــات و چــوارچــێوە بۆ بەشەکانی تر ئامادە دەکات. ئەم بەشە بەگشتی کورتەیەکە لە بارەی سەرهەڵدان و گەشەکردنی ڕێزمانی ئەرکی مەبەست لە بوونی ناساندنی بنەما و یاساکانی ڕێزمانەکەیە. هەندێ جاریش پەلی هاویشتووە و لەگەڵ ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە بەراورد کراوە. بەشەکە ئەم سەرباسانەی گرتۆتەوە: قوتابخانەی پراگ، ڕوانگەی ئەرکی بۆ ڕستە، قوتابخانەی لەندەن، واتـــا و دەوروبــەر لای فـێرث، ئاستەکانی زمان، قوتابخانەی ڕێزمانی هالیدەی، ڕێزمانی ئەرکی دیل هایمز، ڕێبازە ئەرکییە نوێیەکان.

**بەشی دووەم:** کە ناونیشانی (ڕستە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە – ئەرکی نواندنی دنیای دەرەوە)ی دراوەتێ. لەم بەشەدا باس لە ئەنجامدانی ئەرکی نواندن دەکرێت وەك بەکارهێنانی زمان بۆ گەیاندنی بیر و هۆش و سۆز و کاری ئەم ئەرکە لەسەر زمان. بەشەکە ئەم سەرباسانەی گرتۆتەوە: کردە و دەوروبەر، جۆرەکانی کردە، کردەی مادی، کردەی پەی بردن، کردەی بەدەر لە دەسەڵات، کردەی پێوەنداری، کردەی گەیاندن، کردەی بوون.

**بــەشی سێیــەم:** کــە نــاونــیشانی (ڕستــە و هــاوبــەشەکانی ئاخاوتنی) دراوەتێ. لەم بەشەدا باس لە ئەرکی نێوان کەساندا دەکرێت وەك قسەکەر بەزمان پێوەندی خۆی لەگەڵ کەسەکانی دەوروبەریدا دەردەبڕێ. بەشەکە ئەم سەرباسانەی گرتۆتەوە: مۆدالکاری و بۆچوون، پێناسەی مۆدالکاری، دەربڕینی مۆدالکاری، ڕێگاکانی دەربڕینی مۆدالکاری، مۆدالکاری و جۆرەکانی ڕستە، نواندنی مۆدالکاری لە ڕێزمانی ئەرکیدا.

## بەشی یەکەم

# ڕێبازە ئەرکییەکان و ڕێبازی ئەرکی هاڵیدەی

تێڕوانینێکی مێژوویی

## سەرەتا

لە سەدەی بیستەمدا چەند قوتابخانە و تیۆر و ڕێبازی زمانەوانی سەریان هەڵدا کە هەوڵیان دا سروشتی زمان لە چەند گۆشەیەکی جیا جیاوە ڕاڤە بکەن، یەکێك لەم ڕێبازانە ڕێبازی ئەرکییە کە پێچەوانەی ڕێبازی گواستنەوەیە، چونکە ڕێزمانی گواستنەوە هیچ بیانگەیەکی ئەرکی بۆ ڕوودانی گۆڕانکارییەکان لە قۆناغە جیا جیاکانی بەرهەمهێنانی ڕستە و هیچ ڕواڵەتێکی بۆ باری دەروونی قسەکەر دانەناوە. هەروەها بابەتی دەوروبەری (سیاق) پشتگوێ خستووە و تەنها زمانی بەچالاکییەکی هۆشەکی داناوە.

ڕێبازی ئەرکی قوتابخانەیەکە لە قوتابخانەکانی بیری زمانەوانی سەدەی بیستەم، کە بایەخ بەچۆنیەتی بەکارهێنانی زمان و بەهای پێوەندییەکانی زمان دەدات. لەم ڕێبازەدا زمان بریتییە لە هۆیەکی پێوەندیکردن کە مرۆڤ لە کۆمەڵگادا بۆ گەیشتن بەمەبەست و ئاواتی بەکاری دێنێ. هەروەك هالیدەی دەڵێ[1]: لایەنی ئەرکی زمان شتێکی دابڕاو نییە لە خودی پەیڕەوی زمان – پەیڕەوی ڕێزمانی هەر زمانێك پەیوەستە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەو ئەرکەی کە ڕستەکان لە دەوروبەرە جیاوازەکاندا دەیبینن.

ئەرکییەکان وای بۆ دەچن کە پەیڕەوی زمان لە ژێر کاریگەری ئەو ئەرکانەدایە کە دەیبینێت، واتە ئەرکەکان بۆتەی ڕێزمانی دادەڕێژن نەك بەپێچەوانەوە، هەروەك چۆن هەموو ئامێرێك بەپێی ئەو ئەرکەی دەیبینێ شێوەی دەدرێتێ. بۆ نموونە بەڕای ئەرکییەکان، زمان سێ جۆر ڕستە

(1) Halliday, 1973 p23.

بەخۆیەوە دەگرێ، چونکە بۆ ئەنجامدانی سێ ئەرکی کۆمەڵایەتی بەکار دێ.

١- ئەرکی رێکخستنی چالاکی خەڵکی تر ( رستەی فەرماندان) وەك:

لەم دوو رۆژەدا نووسینەکەی تەواو بکە.

٢- ئەرکی گەیاندنی زانیاری و شارەزایی (رستەی هەواڵ گەیاندن)

وەك: بەیانی یارییەکانی تۆپی پێ دەست پێ دەکات.

٣- ئەرکی دۆزینەوە و پەیداکردنی زانیاری پێویست. (رستەی پرس)

وەك: ئەم کتێبە لە کوێ دەست دەکەوێ؟[١]

بەمجۆرە رێبازی ئەرکی پەیرەوی زمان و چۆنیەتی دروستبوونی ئەم پەیرەوە بەیەکەوە دەبەستێتەوە بۆ بەخشینی واتا. ئەم بەستنەوەیە لە سێ رواڵەتدا خۆی دەنوێنێ[٢].

**یەکەم:** هەڵبژاردنێکی زۆر لە پێش قسەکەردا هەیە کە لە رۆنان و پێکهاتنی جیاوازدا خۆی دەنوێنێ. هەر پێکهاتێك ئەرکێکی جیا بەجێ دێنێ و قسەکەر دەتوانێ بەگوێرەی بارودۆخی گوتن رۆنانێك رێك بخات. ئەگەر ئێمە سەیری ئەم رستانەی خوارەوە بکەین دەبینین:

١- مامۆستاکە بەدڵێکی فراوانەوە رەخنەی قوتابییەکانی پەسند کرد.

٢- بەدڵێکی فراوانەوە مامۆستاکە رەخنەی قوتابییەکانی پەسند کرد.

٣- رەخنەی قوتابییەکان بەدڵێکی فراوانەوە لە لایەن مامۆستاکەوە پەسند کرا.

٤- پەسند کرا رەخنەی قوتابییەکان بەدڵێکی فراوانەوە لە لایەن مامۆستاکەوە.

(١) د. محەمەد مەعرووف فەتاح. موحازەرەکانی خوێندنی باڵا (دکتۆرا) پراگماتیك، ٢٠٠١.

(٢) يحيى أحمد، ١٩٩٩، ص ٧١.

هەریەك لەم ڕستانە ئەركێكی جیاواز دەبەخشن، چونكە هەریەكەیان لەگەڵ دەوروبەرێكی جیاواز دێن و لە بارودۆخێكی جیاوازیشدا بەكار دێن. بەپێی ڕێزمانی ئەركی ناتوانین بڵێین ئەم چوار ڕستەیە هاوواتان، چونكە هەریەكەیان جەخت لەسەر لایەنێكی دیاریكراو دەكات لە ڕووداوەكە. بەمجۆرە هەر یەكێك لەم ڕستانە هێز و ئاوازی جیاواز وەردەگرێ و بە شێوازێك لە ژیانی كۆمەڵایەتی نمایش دەكرێت. ئەمەش بەپێچەوانەی ڕێبازی گواستنەوەیە چونكە ڕێبازی گواستنەوە ئەم چوار ڕستەیە لە ڕووی واتاوە بەهاوواتا دادەنێت و دەڵێت ڕستەی (٤،٣،٢) تەنیا داڕشتنی وان كە لە ڕستەی سەرەكی وەرگیراون. دەتوانین بەپیادەكردنی یاسای گواستنەوە لە یەكەمەوە ئەوانی تر داڕێژین.

**دووەم:** ئەركییەكان پێیان وایە كە ڕەگی زمان درێژ دەبێتەوە بۆ بینای كۆمەڵایەتی بەهەموو شێوەكانییەوە و زمان لە كولتوور و داوونەریت دانابڕێت. دیاردە كۆمەڵایەتییەكانیش كە یەكێكیان زمانە لە هەر كۆمەڵگایەكدا بن دەكەونە ژێر كاریگەری كۆمەڵگاوە ئەمەش بەڕوون و ئاشكرا لە شێوازی ئاخاوتندا بەدیاردەكەوێ، كە مرۆڤ لە هەڵوێستە جیا جیاكان بەكاری دێنێ. بۆ نموونە قسەكردن لەگەڵ سەرۆكی دەوڵەت جیاوازە لە قسەكردن لەگەڵ هاوپۆلێك یان منداڵێك..

داڕشتن تەنیا ڕێزمانی زمانەكە نایهێنێ، بەڵكو مۆركی داوونەریتی كۆمەڵایەتی پێوە دیارە و تەنیا لە زەمینەیەكی كۆمەڵایەتی و كولتووری كۆمەڵێكی دیاریكراودا خۆی دەبینێتەوە. هەر لەسەر ئەم بنەمایە كۆمەڵایەتییە دەكرێ زمانی بازاڕ و زمانی قوتابخانە و... جیا بكرێنەوە[١]. كەواتە ناكرێ زمان لە كۆمەڵ و دیاردە كۆمەڵایەتییەكان بەدوور بن و بەدەر لە مانە سەیر بكرێ.

(١) د. یوسف شەریف موحازەرەكانی خوێندنی باڵا (دكتۆرا) (قوتابخانە زمانەوانییەكان) ٢٠٠١.

**سێیەم:** یەکگرتنی توخمەکان، واتە توخمەکانی زمان پێکەوە بەشداری دەکەن بۆ گەیاندنی ئەو بیرۆکەیەی کە قسەکەر دەیەوێ بیگەیەنێ. ئەمەش وەکو کرداری هێڵی کارەبا وایە[1] یەك هێڵی کارەبا لە چەند هێڵێکی باریکی ورد پێك دێت و ناتوانین بڵێین تەنها یەك هێڵ لەم هێڵە باریکە وردانە بەرپرسە لە گەیاندنی کارەبا، بەڵکو ئەم هەموو هێڵە باریکە وردانە پێکەوە بەم ئەرکە هەڵدەستن زمانیش وەکو هێڵی کارەبا تەنیا بەیەك ئاستی زمانی پێك نایەت، بۆ نموونە یەکەی دەنگی کاتێ واتای دەبێ، کە لەگەڵ یەکەکانی دەنگی تردا، یەکتر دەگرن، وشەش لە ناو پەیرەوی ڕێزمانی واتا پەیدا دەکات.

کەواتە ڕێبازی ئەرکی بەوە لە ڕێبازەکانی تر جیا دەبێتەوە کە بوون و دروستبوونی زمان لە لایەکەوە بەبوونی کۆمەڵ و لە لایەکی ترەوە بەو ئەرکانەوە گرێ دەدات کە زمان ئەنجامیان دەدات، ئەمە جگە لەوەی کە زمان وەك دیاردەیەکی ئاڵۆزی پێکهاتوو لە چەندین ئاست و توخم دەبینێ کە تەنیا بەلێکدانیان زمان ئەو کارانە دەکات، کە لە پێناویدا دروست بووە.

جگە لەم سێ ڕواڵەتەی سەرەوە، ڕێبازی ئەرکی لەبەر ڕۆشنایی چەند بنەمایەکی تر کار دەکات کە گرینگترینیان ئەمانەی خوارەوەیە[2]:

١- مرۆڤ بەهۆی زمانەوە دەتوانێ لە کۆمەڵدا بژی و بمێنێتەوە. زمان چالاکییەکی کۆمەڵایەتییە زیاتر لەوەی هۆیەك بێت بۆ زانیاریی گەیاندن. (زمان بەکارهێنان و بنەما کۆمەڵایەتییەکانی ڕەوشتە).

٢- زمانەوانی ئەرکی نەك هەر لەو یاسایانە دەکۆڵێتەوە کە لە مێشکی قسەکەردایە (Competence) بەڵکو بەوەوە خەریك دەبێ و لەوە دەکۆڵێتەوە کە قسەکەر لە کەیدا و لەکوێ دا چی دەڵێ و چۆن دەیڵێ. (Communicative Competence).

(١) یحیی احمد، ١٩٩٩، ص٧٢.

(٢) محمد معروف فتاح، ١٩٨٦، ل ١١٥ - ١٢٦ - ١٢٧.

٣– بۆ ئەوەی زمانەوانی ئەرکی بتوانێت ئەم کارە گەورانە ئەنجام بدات، ناکرێ وەك زۆربەی ڕێبازەکانی تر لە سنووری ڕستەدا بوەستێ، هەروەها گوێی بەڕستەی تاك و ترازاو نادات و خۆی لە ڕۆنانی وا دەدات کە لە ڕستە گەورەتر بێت وەك دەق و پارچە ئاخاوتن.

ڕێبازی ئەرکی وەك ڕێبازەکانی تر چەندین شێوەی جیاوازی هەیە، ئەم شێوانە هەرچەندە لە هێڵە گشتییەکاندا یەك دەگرنەوە، بەڵام لە وردەکاریدا جیاوازییان زۆرە. وا لە خوارەوە بەکورتی لە هەندێ لەم ڕێبازە جیا جیایانەی زمانەوانی ئەرکی دەدوێین[١].

**قوتابخانەی پراگ**

لە ساڵی **١٩٢٦** کۆمەڵەی زمانەوانی لە پراگ بەسەرۆکایەتیی ماتسیوس دامەزرا کە بە (حەلەقەی پراگی زمانەوانی)[٢] Prague Linguistic Circli ناسرا بەڵام پێش ئەم مێژووە لە دەوروبەری ساڵی **١٩١١** ماتسیوس Mathesius (١٨٨٢ – ١٩٤٥) وانەیەکی گرینگی پێشکەش کرد بەناوی (تایبەتمەندییەکانی زمان) دەربارەی ئەم وانەیە یاکوبسون وتویەتی ئەگەر لە شوێنێکی تر بگوترایا نەك لە پراگ بۆ نموونە لە مۆسکۆ ئەوا ئەو کات شۆڕشێکی ڕاستەقینەی دەربارەی لێکۆڵینەوەی زمانەوانی بەرپا دەکرد. بۆیە بیر و بۆچوونەکانی ماتسیوس ناسراو نەبوو لە لایەن ناوەندە زمانەوانییەکان تاکو کۆبوونەوەی یەکەمی ساڵی **١٩٢٦**. دوای کۆتاییی هاتنی دانیشتنەکانی کۆبوونەوەکە ئامادەبووان لەسەر ئەوە ڕێکەوتن کە ناوبەناو لە ناو (حەلەقەی پراگی زمانەوانی) کۆببنەوە. هەر لەو ماوەیەدا کۆمەڵێك زمانەوان لە دەوری ماتسیوس کۆ بوونەوە. پاشان ئەمە ناسرا بە (قوتابخانەی پراگ)[٣].

(١) جفری سامسون، ١٩٩٧، ص ١٠٥.
(٢) احمد مختار عمر، ١٩٧٧، ص ١٨.
(٣) وفاء محمد کامل، ١٩٩٧، ص ٢٣٢.

کۆ بوونەوەکە ژمارەیەك لە زمانەوانانی ئۆکرانی و ئەڵمانی و ڕوسی و سلاڤی ئەوانەی کە لە چیکۆسلۆڤاکیا نیشتەجێ نەبوون گرتەخۆ. کەواتە ناونانەکە ئاماژە بۆ وڵات ناکات، بەڵکو ئاماژەیە بۆ ئەو کۆمەڵە بنەما و تێڕوانینانەی کە ئەم قوتابخانەیەی لە قوتابخانەکانی تر جیا کردەوە کە بەتێڕوانینێکی ئەرکی دەناسرێ.

لەگەڵ هەڵگیرسانی جەنگی جیهانیی دووەم قوتابخانەی پراگ زیانێکی زۆری پێگەیشت کاتێ هێزەکانی ئەڵمانیا چیکۆسلۆڤاکیایان داگیر کرد هەموو زانکۆکانیان داخست. ساڵی **١٩٣٩** یەکێك لە شارەزا بەناوبانگەکانی ئەم کۆمەڵەیە کۆچی دوایی کرد ئەویش تروتسکوی بوو، هەر لەو ماوەیەشدا لە ئەنجامی بارودۆخی شەڕدا ڕۆمان یاکوبسون ناچاربوو لە دەست حوکمی نازی هەڵبێت بۆ دانیمارك دواتر بۆ نەرویج و دواتر لە ویلایەتی یەکگرتووی ئەمریکی جێگیر بوو. پێش کۆتایی هاتنی جەنگ بەماوەیەکی کەم لە ساڵی **١٩٤٢** دامەزرێنەر و پێشەوای یەکەمی قوتابخانەی پراگ ماتسیوس کۆچی دوایی کرد[١]. ئەم بارودۆخانە وایانکرد ئەم قوتابخانەیە پەرت و بڵاو ببنەوە.

لە سەرەتای پەنجاکاندا ناوەندە ئەکادیمییەکان لە هەندێ لە زانکۆکانی چیکۆسلۆڤاکیادا هەوڵیاندا ڕێبازی قوتابخانەی پراگ زیندوو بکەنەوە بەڵام بەناونیشانی نوێ وەکو (پێوەندی زمانی) Linguistic Association و کۆمەڵەی زمانەوانی ئەرکی The Group for Fanctional linguistiecs زۆر کەسی چالاك چوونە پاڵ ئەم کۆمەڵەیە و دەستیان بەبڵاوکردنەوەی گۆڤارێکی ئەکادیمی وەرزی کرد بە ناوی[٢] Travaux Linguistigue de Prague.

(سیمای دیاری زمانەوانەکانی قوتابخانەی پراگ بریتییە لە تێڕوانینیان بۆ زمان لە چوارچێوەی ئەرکەوە، واتە بەگشتی سەیری

(١) أحمد مختار عمر، ١٩٧٧، ص ١٨.

(٢) يحيى أحمد، ١٩٩٩، ص ٧٣.

زمانیان نەکردووە، ئەمەش ڕاستییەکی ناسراوە بە تەنیا جیایان ناکاتەوە لەوانی تر، مەبەست ئەوەش بوو ئەوان زمانێکی دەستنیشانکراویان شی دەکردەوە لە چوارچێوەی تیۆروانینێك کە مەبەستی ڕوونکردنەوەی ئەم ئەرکە تایبەتیانە بوو کە ڕۆنانە جیاوازەکان دەگەیەنن لە بەکارهێنانی هەموو زمانەکە. ئەم تیۆروانینەش قوتابخانەی پراگی بەڕوونی لە هاوچەرخەکانیان ڕۆنانکارە ئەمریکییەکان و تەحویلیەکان جیادەکردەوە ئەوانەی سەیری زمانیان دەکرد بەوەی کە بریتییە لە کۆمەڵێك توخم)(١). لە نیشانە گرینگەکانی قوتابخانەی پراگ بایەخدانە بەکێشەی واتا. تاکو گرینگی ئەم لایەنە بزانین واباشە لەم بوارە باسی ڕێڕەوی ڕۆنانکاری بکەین، کە خۆی دەنوێنێ لە نووسینەکانی بلۆم فیلد و ئەوانی تر لە زمانەوانەوە ئەمریکییەکان، واتای بەستۆتەوە بە توخمی کار و کاردانەوە.

ڕێبازی ڕۆنانکاری ئەمریکی لە ژێر کاری دەروونناسی ڕەوشتکاریدا سەری هەڵدا(٢) کە یەکێك لە بنەماکانی ئەوە بوو واتا بریتییە لەو بارەی کە قسەی تیا دەکرێ ئەو کاردانەوەی کە لە گوێگر بەدی دێ، لێرەدا واتا وەك هەموو چالاکییەکی مرۆڤ بەهۆی کار و کاردانەوە پەیدا دەبێت پێوەندی بەوێنە و چەمك و خەیاڵەوە نییە.

کار S ⟶ R کاردانەوە

بەپێی ئەم بۆچوونە هەموو کارێك (Stim ulus) دەکەوێتە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوەیەکی ئەزموونی ورد و دەبێتە زانیارییەك کە دەبینرێ و لە بەردەستدایە. هەر لەبەرئەمەشە کە ڕەوشتکاری دژی هەموو ڕێبازە دوو لایەنەکانی پێشتر لە دەروونناسیدا دەوەستێ ئەو ڕێبازانەی کە باوەڕیان

(1) Sampson, 1980, p103.

(٢) بڕوانە ئەم سەرچاوانەی خوارەوە:
ا- بێخاڵ عەبدوڵڵا سەعید، ١٩٨٩، ل ٢٥.
ب- محەمەد مەعرووف فەتاح، محازەرەکانی خوێندنی باڵا، (ماجستێر)، زمانەوانی، ١٩٩٣.

بە ناوکەشی (استبطان) هەبوو لە دۆزینەوەدا و پشتیان بەمێشك و بیر و وێنـە دەبـەست. بلۆم فیلد کە یەکێکە لەڕەنگرێژانی ئەم ڕێبازە یەکەم زمانەوانە کە پەنا دەباتە بەر ڕەوشتکاری بۆ لێکدانەوەی بیری خۆی دەربارەی ئـەرکـی سەرەکـی زمـان بـۆ ڕوونـکـردنـەوە ئـەم چیرۆکە بەناوبانگەی خوارەوە دادەڕێژی[1].

(گریمان جاك و جیل بەڕێگایەکدا دەڕۆن جیل برسیەتی و سێوێك دەبینێ بەدارێکەوە دەنگێکی لێوە دێت. جاك بەدارەکەدا هەڵدەگەڕێ و سێوەکەی لێ دەکاتەوە و دەیهێنێ بۆ جیل، جیل سێوەکە دەخوات).

ئەگەر جیل هەر خۆی بوایە، ئەوا هەر خۆی کارەکەی ئەنجام دەدا، واتە سێوەکەی لێ دەکردەوە و دەیخوارد، بەڵام لەبەرئەوەی هەر خۆی نییە ئەوا ڕووداوێك لە شێوەی گوتندا دێتە نێوان کار و کاردانەوە. گوتنەکە دەبێتە کارێکی زمانی بریتی (بدیل) لە لای گوێگر و کاردانەوەیەکی لە ناخی ئەمدا دەبێت:

(کاردانەوە) ⟵ جاك R ⟵ S.......r ⟵ S جیل (کار)

لێرەدا (r) ڕووداوێکی دەمییە و (S) کاردانەوەیەتی لە گوێگردا.

بەم پێیە گوتن دەبێتە لایەنێکی تایبەتی ڕەوشتی مرۆڤ و کۆی هەموو ئەو گوتنانەی کە لە کۆمەڵێکدا دەبێت بریتی دەبێ لە زمانی کۆمەڵەکە. هەموو زنجیرە کار و کاردانەوەیەك کە قسەی تێ بکەوێ بریتی دەبێ لە سێ بەش (١) S (٢) R کە ڕووداوی کارەکین، (٣) (r....s) کە ڕووداون لە شێوەی گوتندا. بەشی یەکەم و دووەم تەواو بەندن بەیەکترەوە و بەهەر دووکیان (ناوەڕۆك) یان (واتا) دێنێتە کایەوە. بە پێچەوانەشەوە، بەشی سێیەم (r...s) کە بریتییە لە شریتێکی دەنگی دیار و ئاشکرا لایەنی

(١) محەمەد محەمەد یونس علی، ١٩٩٣ ص ٩٦.

(ڕووخسار) یان (ڕواڵەتی) گوتن پێك دێنێ. ئەركی سەرەكی زمانەوانی گرێدانی ئەم دوو لایەنەی گوتنەیە هەروەك بلوّم فیلد دەڵێ:[1]

(لە قسەی مرۆڤدا ڕیزە دەنگی جیاواز واتای جیاواز دروست دەكەن. لێكۆڵینەوە لە پێوەندی نێوان دەنگ و واتا، لێكۆڵینەوەیە لە زمان).

بەڵام بلوّم فیلد بەمە ناوەستێ بەڵكو وای بۆ دەچێ كە پێش ئەوەی بگەینە پێناسەیەكی تەواوی واتا، دەبێ وەسفێكی ورد و زانیاریانەی ناولێنراومان لە بەردەستدا بێت، واتە دەبێ وەسفێكی وردی هەموو ئەو كارانە كە كاردانەوەی زمانی برێتی دروست دەكەن لە ئارادا هەبێت لەبەرئەوەی هەموو شتێك لە دەوروبەردا دەتوانێ ببێتە كار (هاندەر) بۆ گوتن، (واتا) دیاریكردنێكی وردی پەیرەوداره كە خۆی بەشێكە لە دنیای دەرەوەی زمان دەبێ دوا بخرێ[2] تا زانیارییەكانی (نەك زمانەوانی) بەدەستی دێنن.

ئاشكرایە بەپێی ئەم بۆچوونە (واتاسازی) ناچێتە ناو چوارچێوەی زمانەوانییەوە[3]. بلوّم فیلد ڕەشبینە لەوەی كە زمانەوانی بتوانێ لە هەلومەرجی ئێستەدا لە واتا بكۆڵێتەوە یان وەك بنەمایەك كەڵكی لێ وەربگرێ بۆیە لەم بارەیەوە دەڵێ: (واتا دیاریكردن خاڵێكی زۆر بێ هێزە لە لێكۆڵینەوەی زماندا و هەر واش دەمێنێتەوە تا زانیاری مرۆڤ زۆر لە ئاستی ئێستە پێشتر دەكەوێ).

بەمجۆرە لە ژێر زەبری تێڕوانینی ڕەوشتكاریانەی خۆیاندا، ڕۆنانكارە ئەمریكییەكان واتاسازیان تەواو خستە لاوە و هەموو هەوڵێكیان بۆ شیكردنەوەی لایەنی ڕووخسار بێ گوێدانە واتا تەرخان كرد. كەواتە بەپێی ئەم بۆچوونە گوتن كاتێ واتادار دەبێ كە وەڵامێك لای گوێگر بەدەست بێت.

---

(1) Blomfield. 1933. p191.

(٢) د. وفاء محمد كامل، ١٩٩٧، ص٢٤٤.

(٣) د. محەمەد مەعرووف فەتاح، ١٩٩٣، ل١٥.

واتە گوتنی واتادار کاردانەوە لە گوێگردا بەدی دەهێنێ و کار لە ڕەفتاری دەکات، بەڵام کە گوتن واتای نەبێ کاردانەوەش نابێ لای گوێگرەکە چی شیکردنەوەی واتا لای قوتابخانەی پراگ ڕێڕەوی لۆجیکی داڕێژراو یا ڕێڕەوی داماڵراوی نەگرتە بەر کە جیاوازی لە نێوان واتا و بەکارهێنانی زمانی دەکات، بەڵکو ڕێڕەوی ئەرکی گرتە بەر. ئەوەش بەئاشکرا دەردەکەوێ لەوەی ناویان بردووە بە ناوەڕۆکی واتایی Semantic Content کە لە لایەك بەئاستەکانی تری زمان وەکو ئاستی ڕێزمانی و ئاستی شێواز بەستراوەتەوە و لە لایەکی تریش بەڕاستییەکانی جیهانی دەرەوە، کە لەوانە هەستکردنمان بەرامبەر بەو جیهانە دەگرێتەوە[٢].

لێرەشدا ڕاستییەکی گرینگ هەیە دەربارەی کرداری پێوەندیکردن کە پێویستە هەستی پێ بکەین ئەویش ئەوەیە کاتێ کە قسەکەر دەیەوێ قسە ئاراستەی گوێگر بکا بە تەنیا نایەوێ چەند ڕاستییەکی بۆ بگوازێتەوە، بەڵکو دەیەوێ هەست و سۆزی خۆی دەربارەی ئەو ڕاستییانەش بگوازێتەوە.

زمانەوانەکانی قوتابخانەی پراگ وای تێگەیشتوون کە بەستنەوەی ناوەڕۆکی وشە بەڕاستییەکانی دەرەوە بریتییە لە ئەرکی زمان لە کۆمەڵدا. لەمەودواش دەبینین قوتابخانەی لەندەن ئەم بیرۆکەیەی بەشێوەیەکی نموونەیی پیادە دەکات لە چوارچێوەی بیردۆزی باری دەوروبەردا[١].

## ڕوانگەی ئەرکی بۆ ڕستە

وتارەکانی ماتسیوس لە شیکردنەوەی بنیاتی پێکهاتن لە ئینگلیزی و چیکی بەخاڵی سەرەتا دادەنرێ بۆ ئەم بۆچوونە کە ماتسیوس خۆی لە ژێر ناوی (ڕوانگەی ئەرکی بۆ ڕستە) Functional Sentence Perspective باسی لێوە دەکات، بۆ ئەوەی سروشتی ئەم زاراوەیەمان بۆ ڕوون بێتەوە

(1) Vachek, 1966, p34.

(٢) جفری سامسون، ١٩٩٧، ص ١٠٦.

باشتر وایە ئەمە بەبیر خۆمان بێنینەوە کە زمان بەپێی قوتابخانەی پراگ سێ ئاستی هەیە(١).

ئاستی ڕێزمان (کە مۆرفۆلوجیش دەگرێتەوە)

ئاستی واتا.

ئاستی قسەکردن Organisation of utterance

ئاستی قسەکردن دیاری دەخات کە چۆن ئاستی ڕێزمان و ئاستی واتا کار لە یەك دەکەن لە کردەی گەیاندنی زماندا لە ناو چوارچێوەی ئاستی سێیەمدا بیری ڕوانگەی ئەرکی بۆ ڕستە دەردەکەوێت. ئەم شیکردنەوەیە لەسەر دامەزراندنی بەهای پێوەندی زمان هەڵدەستێ، کە زمان وەکو هۆیەکی دەربڕاوی کاریگەر بەکاردێت. تەنها شتێکی ڕووت نییە لە واقیع کە تێدایە، بەڵکو ئەرکی کار لە یەك کردنە لەگەڵ ئەو واقعە. ڕوانگەی ئەرکی بۆ ڕستە وا تەماشای ڕستە دەکات کە پێك دێت لە دوو بەش: یەکەمیان پێی دەوترێت باس theme و دووەمیان پێی دەوترێت خواس Rheme. ئەم ڕستانەی خوارەوە ئەم دوو بەشە ڕوون دەکەنەوە.

١– گەڵای دارەکە ← باس | وەری ← خواس

٢– مامۆستاکە ← باس | هاتەوە. ← خواس

٣– نانەکە ← باس | خورا. ← خواس

(١) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٧.

زۆربەی جار باس پێش خواس دێت لە ڕیزکردنی ئاسایی ڕستەدا ئەو ڕیزکردنەی کە زۆر باوە بەتایبەتی لە ڕستەی هەواڵگەیاندندا، بەڵام کاتێك قسەکەر دەیەوێت سەرنجی گوێگر ڕابکێشێ بۆ توخمێکی دیاریکراو لە ڕستەدا یان بیەوێ جەخت بکاتە سەر توخمێکی دیار، لەو کاتەدا ئەو ڕیزکردنە ئاساییە تێك دەدات پێی دەوترێت ڕیزکردنی نائاسایی وەك ئەم ڕستانەی خوارەوە.

١- مامۆستاکە ← باس | کوڕەکەی بەیەکەم دەرچوو. ← خواس

٢- دارەکە ← باس | گەڵای وەری. ← خواس

٣- دایکەکە ← باس | مناڵەکەی مرد. ← خواس

٤- دوێنێ ← باس | میوانەکان گەیشتنەجێ. ← خواس

٥- گەیشتنەجێ ← باس | دوێنێ میوانەکان. ← خواس

دیاریکردنی شوێنی باس لە ڕیزکردنی ئاساییدا لە ڕستەیەکی ناسراوەوە هەڵدەقوڵێ، واتە کاتێ مرۆڤ یەکەم جار قسە دەکات بەزانیارییەکی ناسراو دەست پێ دەکات و دواتر زانیاری نوێ دەخاتە سەری کە لای خوێنەر یان گوێگر ناسراو نییە (لە بەشی چوارەم بەدرێژی ئەم لایەنە ڕوون کراوەتەوە).

چەمکی باس و خواس لەم چوارچێوەیەدا نامێنێتەوە. ئەو زمانەوانانەی دوای ماتسیوس هاتن گەشەیان بەم چەمکە دا. بەناوبانگترینیان زمانەوان (جان فێرباس)ە کە ڕوانگەی ئەرکی بۆ ڕستە بە بنەما دادەنێت. یەکێك لە بیرە نوێیەکانی فێرباس لە بواری شیکردنەوەی ڕۆنانی ڕستەدا بیری (داینامیکییەتی گەیاندنە) (Communi cative dynamism)[1] بەپێی ئەم بیرە ڕستە کردەیەکە کە بەرە بەرە هەنگاو لە دوای هەنگاو واتا دەدرکێنێ، هەر کەرتێکی بەجیاو بەڕادەیەك هاوبەشی لە گەیاندندا دەکات، هەندێ بەش هاوبەشی لە واتادا کەمە، چونکە تەنیا ئەوە دەڵێتەوە کە گوێگر دەیزانێ، واتە زانیاری کۆن. ئەمانە کەمترین پلەی داینامیکی دەدەن بە دەستەوە ئەمانە گەیاندن بەرەو پێشەوە دەبەن[2].

چەمکی (داینامیکی گەیاندن) سێ دانەی ئەرکی لە ڕستەدا دیاری دەکات[3]. باس کە نزمترین پلەی داینامیکی گەیاندن دەگوازێتەوە، خواسیش کە بەرزترین پلە لە داینامیکی گەیاندن دەگەیەنێت ئینجا لە دوای ئەو دوو یەکەیە یان لە پێشیان یان لە نێوانیان یەکەی گواستنەوە transition دێت. کە زۆربەی جار توخمی زیادەن وەك (ئاوەڵگوزارە، بار، ئامرازەکانی لێکدەر و ئامرازەکانی بەستن... هتد) لێرە دیاریکردنی باس و خواس لەسەر بنچینەی ئەرکیان لە گەیاندنی زمانەوانیدا دەبێت. بەڵام دیاریکردنی پێشتر پەیوەستن بە توخمی زانیارییەوە، بۆئەوەی ئەو یەکانە

(1) Firbas, 1971, p136.

(٢) بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

A- John Lyons, 1977, p115.

B -Robinson, 1980, p213.

(٣) یحی احمد، ١٩٩٩، ص ٧٧.

لە ڕستەدا دیاری بکەین، پێویستە ئەو سێ هۆکارە لە بەرچاو بگرین:

١- ڕیزکردنی ڕستە. (چۆنیەتی ڕێکخستنی بەشەکان تێدا).

٢- دەوروبەری گشتی بۆ ڕووداوی ناو ڕستەکە.

٣- دەوروبەری واتایی تایبەت بۆ ڕستە (بینای واتایی).

لەم ڕستانەی خوارەوە ئەم سێ یەکەیە دیاری کراوە.

دەوروبەر/ کێ لەسەر مێزەکە کتێبەکەی دۆزییەوە؟

| رستە/ | قوتابییەکە | لەسەر مێزەکە | کتێبەکەی دۆزییەوە. |
|---|---|---|---|
| | ↓ | ↓ | ↓ |
| | باس | یەکەی گواستنەوە | خواس |

دەوروبەر/ لە کوێ قوتابییەکە کتێبەکەی دۆزییەوە؟

| ڕستە/ | لەسەر مێزەکە | قوتابییەکە | کتێبەکەی دۆزییەوە. |
|---|---|---|---|
| | ↓ | ↓ | ↓ |
| | یەکەی گواستنەوە | باس | خواس |

**قوتابخانەی لەندەن**

لە سالانی چل و پەنجاکاندا زمانەوانی ئینگلیزی جون روبرت فێرث (١٨٩٠ - ١٩٦٠) و کۆمەڵێك لەو زمانانەوانانەی کاریان لەگەڵ دەکرد لە زانکۆی لەندەن گەشەیان بەخوێندنی زمانەوانی دا لە قوتابخانەی دیراساتی ڕۆژهەلاتی و ئەفریقی. فێرث لە ساڵی ١٩٤٤ بە مامۆستای زمانەوانی گشتی دامەزرا لە زانکۆی لەندەن تاکو ساڵی ١٩٥٦[(١)]. ئەمەش بەیەکەم مامۆستا دادەنرێ ئەم پلە و پایەیەی لە زانکۆکانی بەریتانی وەرگرتووە. فێرث لە نووسینەکانیدا بەشێوەیەکی سەرەکی بایەخی بەلایەنی فۆنۆلۆجی و واتا داوە[(٢)]. بەڵام ئەوانەی لە دوای فێرث هاتن کە پێیان

(١) ر.هـ. روبنز، ١٩٩٧، ص ٣٤٨ - ٣٥١.

(٢) جفری سامسون، ١٩٩٧، ص٢٢٨.

دەوترێ (فێرثە نوێیەکان) ئەم دوو لایەنەیان فراوانتر کرد بەرەو لایەنی (وشە و ڕێزمان)یش چوون.

نووسینەکانیان لایەنی ئەرکی وەرگرت کە بووە تایبەتییەکی قوتابخانەی لەندەن ئەمەش لە زۆر لایەنی شیکردنەوەی زماندا ڕەنگ دەداتەوە. لە سەرەتادا باس لە لێکۆڵینەوەی واتا و دەوروبەر دەکەین لای فێرث.

**واتا و دەوروبەر لای فێرث**

بیر و بۆچوونی دەوروبەر لە سالآنی سییەکاندا سەری هەڵدا کاتێ گرینگی درا بەکۆمەڵ و پێوەندی کۆمەڵایەتی کە مرۆڤ دەتوانێت بەهۆی زمانەوە لە ئەندامەکانی کۆمەڵەکەی بگات و تێیان بگەیەنێ. بەتایبەتی لە سەردەمی (مالینۆفسکی و فێرث) ئەم ڕێبازە زیاتر پەرەی سەند و بایەخی پێ دراوە، هەروەها چەند زمانەوانێکی تر وەك هالیدەی و روبینز و بازل و کاتزڤودر بەشدارییان کردووە و بەرهەمیان دەربارەی ئەم بابەتە تۆمار کردووە[١].

فێرث وای بۆ دەچێ کە واتا ئەنجامی پێوەندییە تۆراوی وچوونە ناو یەکەکانە، بە تەنیا زێدەی کاتێکی دیاریکراو نییە کە دەنگ و ڕەنگی لەگەڵ بێ، بەڵکو دەرئەنجامی هەڵوێستە زیندووەکانە کە تاك لە ناو کۆمەڵ پیادەی دەکا. ڕستە واتاکانی لە کۆتاییدا لە میانی داپۆشینی ڕووداوەکان وەردەگری، واتە لە میانی باری دەوروبەر Context of Situation[٢] بۆیە فێرث پێشنیازی کرد کە (زمان وەکو بەشێك لە کردە کۆمەڵایەتییەکان بخوێنرێ[٣] Social process لەم لایەنە فێرث بە ئاشکرا لە ژێر کاریگەری

(١) عەبدوڵڵا عەزیز محەمەد، ١٩٩٠، ل ٤٠.

(٢) بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

ا– تمام حسان، ١٩٧٣، ص ٣٣٧.

ب– د. نهاد موسى، ١٩٨٠، ص ٨٥.

(٣) يحيى احمد، ١٩٩٩، ص ٧٨.

بیروبۆچوونەکانی مالینۆفسکی دابوو. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم خاڵەش پێویستە بیروڕایە پێکەیشتووەکانی مالینۆفسکی دەربارەی واتا کە ڕێ خۆشکەر بوون لە بەردەم فێرث دا بخرێنە ڕوو.

ب. مالینۆفسکی B. Malinowski (١٨٨٤–١٩٤٢) شارەزاییەکی ئەنثرۆپۆلۆجی بوو لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم چوو بۆ دوورگەکانی دەوروبەری ئوسترالیا لە ئۆقیانووسی باسیڤیك بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی مەیدانی لەسەر دانیشتوانی دوورگەی ترۆبریاند[1] Trobriand لە کاتی تۆمارکردنی تێبینییەکانی بۆی دەرکەوت ئەو وشە و دەستەواژە و ڕستانەی کە خەڵکەکانی ئەم دوورگەیە دەیلێن ئەگەر وەربگێڕدرێتە سەر زمانی ئینگلیزی بەوەرگێڕانێکی پیتی زۆر گرانە. هەروەها ئەم گرانییەش زیاتر دەبێ کاتێ دەگاتە ئەوەی باس لە داوونەریتی تایبەت بە خەڵکی ئەم دوورگەیە بکرێت.

مالینۆفسکی بۆئەوەی ئەم کێشەیە چارەسەر بکات تێبینییەکانی خۆی لە کتێبێکدا بەناوی Coral Gardens and their Magico بڵاو کردەوە ئەو تێبینییانەش بووە هۆی دانانی بنەماکانی تیۆری (باری دەوروبەر) لە وەسفکردنی واتادا.

بیر و بۆچوونەکانی مالینۆفسکی دەربارەی ئەم بابەتە بریتییە لەوەی کە واتای ڕستە لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا کە لێیەوە دێت دیاری دەکرێ. ئەو دەوروبەرەی کە مالینۆفسکی مەبەستیەتی بریتییە لە ژینگەیەکی سروشتی یا واقیعی ڕۆشنبیری کۆمەڵگا، بەڵام مالینۆفسکی زۆر بەفراوانی باسی دەوروبەر و چۆنیەتی بەدەستهێنانی لە چوارچێوەی تیۆرێکی شیکردنەوەی واتادا نەکردووە لەبەرئەوەی مالینۆفسکی زمانەوان نەبووە بۆیە بایەخی بە دارشتنی تیۆرێکی زمانەوانی نەداوە[2]. فێرث بیرۆکەی گرینگی

(١) جفری سامسون، ١٩٩٧، ل ٢٢٨.

(٢) جفری سامسون، ١٩٩٧، ص ٢٣٩.

لێکۆڵینەوەی زمانی لە چوارچێوەی دەوروبەرێکی دیاریکراو لە مالینۆفسکی وەرگرت و قۆڵکاری لەم بیرۆکەیە کرد و کردی بە بنیادێکی ڕووت و گلی دایەوە لە بواری زمان[١]. هەرچەندە پێشتر بیرۆکەیەکی گشتی بوو کە پێوەندی بەلایەنی ڕۆشنبیری کۆمەڵ هەبوو. فێرث سەیری زمانی دەکرد وەك کردارێکی کۆمەڵایەتی یان چالاکییەکی کۆمەڵایەتی. تێوری فێرثی زمانەوانی لەسەر بناغەی پێوەندی زمان و بەتاك و کۆمەڵەوە دامەزراند. بۆیە بیرۆکەی باری دەوروبەر لە لایەن فێرث واتە لێکۆڵینەوەی زمان وەکو ئامێرێکی کۆمەڵایەتی، وەکو ئامێرێك کە لە کۆمەڵدا تاك بەکاری دێنێ، بەمەبەستی پێکانی ئامانج و مەبەستی دیاریکراو.

بیرۆچکەی باری دەوروبەر ئەم ڕاستییانە بەرچاو دەگرێ:[٢]

١- ڕاستیەکانی پەیوەست بەبەشداربوون لە ڕووداوی زمانی.

٢- خودی ڕووداوە زمانییەکان.

٣- شتە مادییەکان کە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بەڕووداوی زمانی هەیە.

٤- کاریگەری دەستەواژە زمانییە دەربڕاوەکان بەکردار چۆن ڕستەیەك هەندێ جار کار لە گوێگرێك دەکات بەڵام هەمان کاریگەری لەسەر گوێگرێکی تر نییە ئەمەش بەهۆی داوونەریتەوە.

هەندێ توێژەر چەند ناڕەزاییەکی تێورییان دەربڕی دەربارەی چەمکی باری دەوروبەر لە شیکردنەوەی واتادا. ئەوەش بەهۆی ئەم چوار توخمەی دەوروبەر کە لە سەرەوە باس کران وا دەردەکەوێ کە ئەم ڕەخنەیە مامەڵە لەگەڵ بیری دەوروبەردا بە بۆچوونی قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گواستنەوە دەکات. بەڵام ڕێبازی ئەرکی واتا لە پێکهاتی ڕستە جیا

---

(١) ر. هـ. روبنز، ١٩٩٧، ص ٣٤٩.

(٢) جفری سامسون، ١٩٩٧، ص ٢٣٩.

ناکاتەوە، واتە قسەکەر ڕستەکە بەڕووتی دەرنابڕێ و دواتر پۆشاکی واتا لە قۆناغەکانی تردا دای بپۆشێ هەروەك چۆن تەحویلییەکان دەیبینن، بەڵکو واتا لە بارێکی گونجاو لەو ساتەدا کە زمان بەکار دێ دێتە کایەوە، واتە ساتی کار لەیەککردنی مرۆڤ لەگەڵ ڕووداو. هالیدەی دەڵێ: (دەوروبەر بەشێکە لە هەموو پلاندانانەکە... جیاوازییەك نییە لە نێوان چ دەڵێین و چۆن دەیڵێین؟ زمان دەبێتە زمان بەهۆی بەکارهێنانی لە باری دەوروبەردا. هەرچی تیایدایە بە دەوروبەرەوە بەستراوە)[١].

بەشێکی زۆر لە واتای وشە و ڕستە بەکارهێنراوەکان پشت دەبەستێ بەزانیاری هاوبەش لە نێوان قسەکەر و گوێگر. بۆیە پێویستمان بە باری دەوروبەر دەبێ نەك تەنیا بۆ ئەوەی بزانین تا چەند قسە یان زمانی بەکارهاتوو دەگونجێ بۆ ئەم دۆخە، بەڵام ناتوانین شێوازی زمانەوانی و ئاستە زمانییەکان و سروشتی زمان باس بکەین.

کەواتە بەپێی بیردۆزی دەوروبەر (سیاق) واتای وشە بریتییە (لەو ڕێگەیەی کە لە زماندا بەکار دێت یان بەکارهێنانیەتی لە زماندا)[٢] واتای وشە لە ماوەی پێوەندییەتی دیاری دەکرێ. هەموو وشەیەك واتای بنەڕەتی و واتای سیاقی هەیە. دەوروبەر واتا دیاری دەکات... بۆیە لێرەدا هەندێ لە زمانەوانان وتوویانە (بە دوای واتای وشەدا مەگەڕێ بەڵکو بەدوای بەکارهێنانەکەیدا بگەڕێ)[٣] و هەروەها وتوویانە ( بەتەواوەتی ناتوانین لە واتای وشەیەکی تەنیا بگەین کاتێ کە دادەبڕێ لەو وشانەی کە پێوەندی پێیانەوە هەیە، چونکە وشەکانی تر واتای تاکە وشەکە ڕوون دەکەنەوە)[٤] کەواتە بەهۆی دەوروبەرەوە دەتوانین واتای جۆراوجۆر

(1) Halliday, 1978, p33.

(٢) احمد مختار عمر، ١٩٨٢، ص ٦٨.

(٣) د. نورالهدی لوشن، ١٩٩٥، ص ٩٨.

(٤) جون لاینز، ١٩٨٧، ص ٨٣.

بدەینە وشە و ڕستە و دەوروبەرەکە واتاکە ڕوون دەکاتەوە بۆ نموونە وشەی (دەست) بەچەند واتای جیاواز بەکار دێ[1] وەك:

– پیاوێکی دەستپاکە... جێی بڕوا و متمانەیە
– مرۆڤێکی دەست و پێ سپییە... هیچ پیشەیەك نازانێ
– دەستبەسەرە... واتا دیلە
– کوڕێکی دەست بەتاڵە... کاری نییە

هەروەها واتای وشەیەك بەپێی پلەی ڕۆشنبیری دەگۆڕێت بۆ نموونە وشەی (ڕەگ) چەند واتایەکی هەیە[2].

– ڕەگی دار و درەخت... لە بواری کشتوکاڵ.
– ڕەگی ڕابردوو و ڕانەبردوو... لە بواری زمانەوانی.
– ڕەگ... لە بواری ماتماتیك.
– ڕەگی ددان... لە بواری پزیشکی ددان.

هەندێ زمانەوان ڕێبازی دەوروبەریان بەپلەیەکی سەرەکی ڕێبازی شیکردنەوە داناوە دەڵێن دەبێ فەرهەنگەوان بەگوێرەی ئەو دەوروبەرانەی کە تێدا بەکار هاتوون چ لە قسەکردندا بێت یان لە نووسیندا، تێبینی واتای وشەکان بکات.

هالیدەی بیرۆچکەی دەوروبەر بەرەو پێشتر و وردتر دەبات لە شیکردنەوەد دەقدا و ڕێگەیەکی جیاواز دەگرێتە بەر کە لە سێ بیرۆچکەدا خۆی دەگرێ:

١– بابەت: ئەو بابەتانەی کە زمانیان تێدا بەکار دێ.
٢– پلە و پایە: پلە و پایەی هاوبەشەکانی ئاخاوتن و پێوەندی کۆمەڵایەتی نێوانیان و ئەو ڕۆڵەی کە هەریەکەیان دەیبینن.

(١) عەبدوڵڵا عەزین، ١٩٩٠، ل ٤٢.
(٢) د. نورالهدی لوشن، ١٩٩٥، ص ٩٩.

٣- شێواز: شێوازی بەکارهێنانی زمان وەك شێوازی قسەکردن یان نووسین هەریەکەش لەمانە بۆ چەندین بۆنە بەکار دێ و هەریەکەش لەم بۆنانە کار دەکەنە سەر زمانەکە لە ڕووی هەڵبژاردنی وشە و جۆری ڕۆنان و... هتد.

**ئاستەکانی زمان:**

ئەو جۆرە شیکردنەوەیەی لە قوتابخانەی لەندەندا دەبینرێ شیکردنەوەیەکە کە لە چوار ئاستدا مامەڵە لەگەڵ زماندا دەکات کە هەریەکەیان پەیڕەوێکی جیاوازیان هەیە. جیاکردنەوەی ئەم ئاستانە بەندە بەدوو بنەمای بنەڕەتەوە کە فێرث زۆرجار دووبارەیان دەکاتەوە. پێوەندی ستوونی و ئاسۆی (ڕۆنان) کە بەهۆی پێوەندی هاوسێیەتییەوە دەنوێنرێ[١]. هیچ لەم دوو پێوەندییانە بەبێ ئەویتر نایەت بۆ نموونە لە ڕستەیەکی وەك:

- ئەو بەیانی دەگات.

پێوەندییەکی ئاسۆیی بەدی دەکرێ کە سێ هێماکە بەهۆی ڕیزبوونەوە دەی دەن. ئەم زنجیرە هێمایە کە لە ئاستێکی قووڵتر و ڕوونتردا لە (ڕاناو+ ئاوەڵکاری کات+ کار) پێکهاتووە بە(ڕۆنان) ناو دەبرێ. جگە لەم پێوەندیە پێوەندییەکی ستوونیش هەیە کە بریتییە لە پێوەندی هەر هێمایەکی ناو ڕستەکە لەگەڵ هێمایەك یان چەند هێمایەکی تر لەم ڕستەیەدا نابینرێت بەڵام بەشێکن لە زمانەکە هەمووی. بۆ نموونە، هەر لەم ڕستەیەدا هێمای یەکەم (ئەو) لەگەڵ هێمای تری وەك (من، تۆ، ئێوە، ئەوان...) پێوەندی دەبەستی. ئەم کۆمەڵە هێمایە بەیەکەوە پەیڕەوێکی بچووك دروست دەکەن کە (ڕاناوە کەسییەکان)ە کە تەنیا ئەندامێکیان لێرەدا بەکار دێ. هێمای دووەم (بەیانی) لەگەڵ هێمای تری وەك (شەو، ئێوارە، نیوەڕۆ،...) پێوەندی دەبەستێ کە پۆلی (ئاوەڵکاری کات) دروست


(١) د. وفاء محمد کامل، ١٩٩٧، ص ٢٢٧.

دەكات بۆ كارەكەش هەمان شێوە پێوەندی دەبەستێ لەگەڵ (دەڕوات، دێ، دەچێ، دەخوێنێ).

كەواتە **پێوەندی واتایی ئاسۆیی:** (بریتییە لە پێوەندی سینتاكسی نێوان وشەكــان و دەركـەوتن و گونجانیـان لەگەڵ یـەكتردا لـە نـاو چوارچێوەی ڕستەدا بەشێوەیەكی ئاسۆیی، واتە كام وشە لەگەڵ كام وشەدا دەچێتە پاڵ یەكەوە).

**پێوەندی واتــای ستوونیش:** (بریتییە لە پێوەندی مۆرفۆلۆجی نێوان وشەكان و گۆڕینی وشەیەك بەوشەیەكی تر لە هەمان بیئەدا. لەسەر باری ستوونی بێ ئەوەی كار لە ڕستەكە بكات و واتاكەی بشێوێنێ)(١).

لەم ڕستەیەدا هەردوو پێوەندی دیاریكراوە:




ئەم دوو پێوەندییە لە قوتابخانەی لەندەندا لە چوار ئاستدا كەڵكی لێ وەردەگیرێ:

(١) تاڵیب حوسێن عەلی، ١٩٩٨، ل٣٣.

١- ئاستی دەنگ (فۆنۆلۆجی):

لە دیدی فێرثەوە پەیڕەوی فۆنۆلۆجی هەموو زمانێك لە چەند پەیڕەوێکی تیکچرژاو پێك دێ نەك یەك تاکە پەیڕەو کە لەسەر هێڵێك پەخش بێت، لەبەرئەوە هەموو شیکردنەوەیەك دەبێ سیما پرۆسۆدییەکان بەرچاو بگرێ لە هەر شوێنێکی برگەدا دەربکەوێ لە کاتی بەکارهێناندا وەك ئەو کاتانەی کە برگەیەك دەچێتە ناو برگەیەکی تر خاڵی تێکچرژان-یان ئەو کاتانەی بەجیا لە یەکتری دەوەستن. بەپێی شیکردنەوەی پرۆسۆدی[1] یەکە دەنگییەکان و برگەکانیان پێوەندی ستوونی لەیەکیان دەدات، بەلاَم پێوەندییە ئاسۆییەکان (هاوسێیەتی) لە نێوان یەکە دەنگییەکان و برگەکانیاندا کاتێ دێتە ئارا کە لە دەق یان لە قسەی بەردەوامدا لە پاڵ یەکتردا ببن. بۆ نموونە لە وشەییەکی وەك (جەنگ)دا کە لە یەك برگە پێکهاتووە، فۆنێمی /ج/ لەگەڵ فۆنێمەکانی تری وەك (/ل/، /م/، /ن/، /د/، /ش/)دا پێوەندییەکی ستوونی دروست دەکات وەك لە وشەی (لەنگ، مەنگ، نەنگ، دەنگ، شەنگ)دا دەردەکەوێ، بەلاَم کە لەگەڵ فۆنێمی تردا لە قسەی بەردەوامدا دێ ئەوا پێوەندی ئاسۆیی کاری خۆی دەکات وەك: لە جەنگاوەر، جەنگێك، جەنگەکە... هتد کە تیایاندا هەرچەندە لە هەندێ زاری کوردیدا /نگ/ وەك تاکە فۆنێمی ڕەفتار دەکات، کەچی لەم کاتانەدا دەبێتەوە بۆ دوو فۆنێمی جیاواز وەك:

جەن-گە-کە

جەن-گێك

جەن-گا-وەر

٢- ئاستی وشەکانی زمان:

---

(١) ر.هـ. روبنز، ١٩٩٧، ص ٣٥٣.

لە ئاستی وشەدا بیرۆچکەی (هاوڕێیەتی)[1] جێگەی بیری (پێوەندییە ئاسۆییەکان) دەگرێتەوە، چونکە هەردووکیان تا ڕادەیەك بریتین لە پێوەندی دراوسێتی یان هاوڕێیەتی، بەڵام یەکەمیان لە ئاستی دەنگدا و دووەم لە ئاستی وشەدا.

بۆ نموونە: پێوەندی نێوان (دەوەڕێ) و (سەگەکە) لە ڕستەی (سەگەکە دەوەڕێ) پێوەندییەکی هاوڕێیەتییە، چونکە وشەی سەگەکە لە نێوان (دەوەڕێ، دەزەڕێ، دەقیژێنێ، دەزیرێنێ... هتد) هاوڕێیەتی لەگەڵ (دەوەڕێ)دا دروست دەکات. هەندێ جار هاوڕێیەتییەکە زۆر تەسکە بەجۆرێ ناتواندرێ یەکێکیان بگۆردرێ وەك ئەمانەی خوارەوە:

پیاوەکە مرد

سەگەکە تۆپی.

شیرەکە هەڵبزرکا

پشیلەکە میاواندی

شێرەکە نەڕاندی

٣- ئاستی ڕێزمان:

ڕۆنانی ڕستە دەگرێتەوە کە نەك هەر لێکدانی وشەکان بەڵکو پێکهاتی ناوەوەشیان دادەپۆشێ (واتە مۆرفۆلۆژی و سینتاکس). لێرەدا بیرۆچکەی ڕێکەوتن (Colligation) ڕۆڵێکی بەرچاو و کاریگەر دەبینێ[2].

ڕێکەوتن ئەو جۆرەیە لە دراوسێیەتی کەرەستەکان کە تێیدا یەکێك لە کەرەستە دراوسێیەکان کارێکی ڕێزمانی لەسەر ئەوی تر یان ئەوانی تر دەبێ و وایان لێ دێت کە هەمیشە پێکەوە دەبن وەك هاتنی بەرکار لەگەڵ

(١) محمد محمد یونس علی، ١٩٩٣، ص ١٠٣.

(٢) د. محمد عبید، ١٩٨٢، ص ٢٦٨.

کاری تێپەڕدا و بەکارهێنانی راناوەکانی کۆمەڵێ دوو (–یان، –تان، –مان) لەگەڵ کاری ڕابردوودا[١] تێکەڵی گومان و پرس لەگەڵ کاری ئیلزامی دا هەروەك لەم نموونانەدا دەردەکەوێ:

١– ئەو نان دەخوات

* ئەو نان دەچێت

٢– ئێمە خواردمان

* ئێمە دەخۆمان

٣– ئەوان نان بخۆن یان نا؟

* باوەڕ ناکەم نان دەخۆن

ڕێکەوتنی کەرەستە هاوسێیەکان بیرۆکەیەکی فراوانە کە بەشێکی گەورە لە واتای ڕێزمانی دادەپۆشێ و جێگەی کاتیگۆری هەڵبژاردن لە ڕێزمانی گواستنەوەدا دەگرێتەوە. بۆ نموونە کاری (لێدان) دەبێ گرێیەکی بەندی هەمیشە لەگەڵدا بێت، بەڵام کاری (خوارد) پێویستی بەگرێیەکی ناوییە وەك لە:

– لە منداڵەکەی دا.

– لە دەرگای دا.

– لە منی دا.

– نان دەخوات

٤– ئاستی واتا:

هەرچەندە باری دەوروبەر پێویستە بۆ تێگەیشتنی واتا. بەڵام ڕێبازی قوتابخانەی لەندەن لای وایە کە ناکرێ واتا هەر لە ئاستی واتاسازیدا

(١) د. وریا عومەر ئەمین، ١٩٨٦، ل٧.

پەنگ بخواتەوە، چونکە هەموو ئاستەکان هاوبەشی دەکەن لە بەخشینی واتادا. واتا هەیە لەسەر ئاستی ڕێزمانی، واتای تریش هەیە لەسەر ئاستی فۆرم. هەروەها دەربارەی ئەم بیرۆکەیە فێرث دەڵێ: (فۆرمەکانی زمان لەسەر ئاستی ڕێزمانی و مۆرفۆلۆژی واتایان هەیە. ئەم واتایەش ئەو پەیڕەوە ڕێزمانییانەی کە بۆ زمان دادەندرێ دەری دەخات بۆ نموونە دۆخی بکەری (Nominative) لە زمانێکدا کە خاوەنی چوار جۆر دۆخ بێت واتایەکی جیاوازی دەبێ لە زمانێك کە خاوەنی دوو دۆخ یان چواردە دۆخ بێت)[1].

هەروەها فێرث بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم ئاخاوتنە دەڵێ:

(تاك لە زمانێکدا کە زیاتر دووانەیی بێت واتایەکی ڕێزمانی جیاوازی هەیە لە تاك لە زمانێکی سیانی یا چواریدا وەکو زمانی فیجی Fijian کە جیاوازی لە نێوان تاك و دووانە و کۆیەکی کەم و کۆیەکی زۆر دەکات)[2].

هەروەهـا دەبینین بیرۆچکەی شیکردنەوەی پەیڕەوی دەنگی یەکێ لە مەبەستەکانی بریتییە لە دەرخستنی سێبەری واتاکان لە کاتی بەکارهێناندا، بۆیە دەبینین فێرث لە زۆر شوێنان لە نووسینەکانی دەڵێ:

لێکۆڵینەوەی زمان بەپلەی یەکەم بریتییە لە لێکۆڵینەوەی واتا. ئەم بیرکردنەوەیەش لە لای هاڵیدەی بەئاشکرا ڕەنگ دەداتەوە و کەوا دەبینێ زمان بریتییە لە جۆرێك لە ڕەوشتی واتای ئەگەری، مەبەستیش لە ڕەوشتی واتای ئەگەری ئەو ئەرکانەیە کە مرۆڤ بەزمان جێبەجێی دەکات.

ئەو کاتە داهێنانی زمانەوانی بریتی نابێت لە توانستی قسەکەر بۆ دروستکردنی یان ڕێکخستنی ڕستەی نوێ وەك تەحویلییەکان دەڵێن، بەڵکو توانای قسەکەرە لە داهێنانی واتادا. ئەم خاڵەش یەکێکە لە جیاوازییە بنەڕەتییەکانی نێوان ڕێبازی چۆمسکی هۆشەکی و ڕێبازی

(١) جفری سامسون، ١٩٩٧، ص ٢٢٧.

(٢) محمد محمد يونس علی، ١٩٩٣، ص ١٠٥.

هاڵیدەی ئەرکی. لە کاتێك دەبینین چۆمسکی سەیری زمان دەکات وەکو شتێکی ناسراو بەڵام هاڵیدەی وا دەبینێ کە زمان بریتییە لە کارێك کە پێی هەڵدەستین. لای هاڵیدەی فێربوونی زمانی دایك بریتییە لە فێربوونی بەکارهێنانی زمان لە بارە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکاندا بۆ ئەو واتایانەی کە قسەکەر دەیەوێن. پێکهاتە و وشە و دەنگەکان بریتین لەو هۆکارانەی کە لە ڕێگایانەوە ئەگەرەکانی واتایی دێتە کایەوە(١).

**قوتابخانەی ڕێزمانی هاڵیدەی**

لە قوتابخانەی لەندەن ڕێزمانی سیستەمی (Systemic grammar) بەتەواوترین تیوری زمان دەژمێردرێت کە زمانەوانی بەریتانی (پ هاڵیدەی)(٢) بنەماکانی داناوە لەساڵی **١٩٦١**.

لە دوای ئەویش شوێنکەوتووان و هەوادارانی لە ڕووی پراکتیك و پەل و پۆوە فراوانتریان کرد. ڕێزمانی سیستمی لەسەر بنەمای فرە ئەرکی زمان بنیاد نراوە multiple function ئەم بنەمایەش لە سیستمی زمانەوانیدا ڕەنگ دەداتەوە لەوەدا هەر پێکهاتێك و بنیاتێکی زمانی جۆرە ئەرکێکی جیاوازی هەیە. بەکارهێنەری زمان چەند هۆکارێکی دەربڕین لە بەردەمیدا بەدی دەکات کە بەهۆیەوە دەتوانێ گوزارشت لە هزر و بیر و بۆچوونەکانی بکات. ئەم هۆکارانەش لە واقیعدا بریتییە لە بەکارهێنانێکی ڕاستی سیستمی زمان و هۆکارەکانی دەربڕین کە بۆ قسەکەر پیادەن یان ئەو بەکارهێنانانەی کە بەکارهێنەری زمان دەتوانێ پەنایان بۆ ببات لە هەموو ئەو توانستە زمانییانەی کە لە زمانەکەدا هەن. ئەو توانستانەش بریتین لە تایبەتمەندی هەر زمانێك.

ئەم جەختکردنەی ڕێزمانی سیستمی لەسەر لایەنی ئەرکی زمان وا

(1) Halliday, 1978, p35.

(٢) لورینوتود، ١٩٩٤، ص ١٠٧.

دەكات هەر لە سەرەتاوە پۆلینكردنی ئەو ئەركە سەرەكییانە ئەنجام بدرێ لە چوارچێوەی سیستەمێكی ڕێزمانیدا كە بەپلەی یەكەم ڕەنگدانەوەی بەكارهێنانەكانی زمانەكە بێت. ئەو سیستەمە ڕێزمانییەی كە هالیدەی پێشكەشی كرد بریتییە لە تۆڕێكی[1] مەزن لە پێوەندی بەیەكداچوو، چونكە بەندە بەو ئەركانەی زمان كە خۆی جیایان دەكاتەوە. بۆ نموونە شێوەی تێپەڕی و تێنەپەڕی لای هالیدەی بریتییە لەو پێوەندییانەی كە لە نێوان كردە و بەشداربووەكانی قسەدا هەن.

با تەماشای ئەم ڕستانەی خوارەوە بكەین:

١- منداڵەكە ڕۆیشت

٢- باڵندەكە فڕی.

٣- باوكم لە ڕێگا نەخۆش كەوت.

٤- تاریكی بەسەر گوندەكەدا هات.

هەر یەك لەم ڕستانە لە دوو توخم پێك دێت:

١- كردە (كارەكە دەگرێتەوە)

٢- بەشداربووان

ڕستەی یەكەم و دووەم جووڵە action دەگەیەنن بەڵام ڕستەی سێیەم و چوارەم ڕووداو (event) دەگەیەنن. ئەو بەشداربووەی لەگەڵ جولەدا دێ پێی دەوترێت كارا actor ، بەڵام ئەو بەشداربووەی لەگەڵ ڕووداو دێ پێی دەوترێت كارتێكراو Patient[2].

---

(١) ر. هـ ڕۆبنز، ١٩٩٧، ص ٣٥١.

(٢) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ئەم سەرچاوانەی خوارەوە:

ا- یوسف شەریف ١٩٩٠، ل١٩.

ب- فەرەیدوون عەبدول ١٩٨٨، ل ٩٥ - ٩٦.

بەڵام ئەگەر سەیری ئەم ڕستانەی تر بکەین:

١– قوتابییەکە ڕاپۆرتێکی باشی نووسی.

٢– پیاوەکە قسەیەکی خۆشی گێڕایەوە.

٣– دارا لەسەر کورسییەکە دانیشت.

٤– ئێمە دوو خانوومان هەیە.

دەبینین بێجگە لەو دوو توخمەی کە لە ڕستەکانی پێشتر باسمان کرد چەند توخمێکی تر بەشداری دەکەن. وەك (مەبەست) goal و بار state ... هتد.

– قوتابییەکە ← کارا | ڕاپۆرتێکی باشی ← کارتێکراو | نووسی. ← کردە (کردن)

– دارا ← کارا | لەسەر کورسییەکە ← بار | دانیشت. ← کردە (کردن)

(بڕوانە بەشی دووەم بەدرێژایی ڕوونکراوەتەوە)

ڕێزمانی سیستمی ئەو دابەشبوونە بنبڕەی کردارەکان بۆ تێپەڕ و تێنەپەڕ بەپێی بنەمای مۆرفۆلۆژی ناهێڵێ. تێپەڕ و تێنەپەڕ بەگشتی بەئەرکێکی ڕستە دادەنێ، چونکە ئەرکەکانی زمان تێکڕا لە ڕێی ڕستەوە نمایش دەکرێن و دابەشکردنی ڕۆڵی بەشداربووان لەسەر بنچینەی ئەرکی واتایی دەبێ نەك ڕستەکە، بۆیە کارا و مەبەست و ڕۆڵەکانی تر بەئەرکی واتایی دەژمێردرێت.

هالیدەی هەوڵ دەدا سیستمێكی ڕێزمانی لەسەر بنچینەی واتا و ئەرك دروست بكات، چونكە وای بۆ دەچێ كە هەموو زمانێك بەوجۆرە دروست كراوە كە بەكارهێنەر بتوانێ واتای جیا جیای پێ دەرببڕێ. ئەم ڕاستییەش لەوەدا ئاشكرا دەبێ كە لە ڕێزمان نووسیندا بەدوای ئەو هۆكارانەدا دەگەڕێن كە واتاكان دەردەبڕن، بەڵام ئەم شێوە شیكردنەوەیە كە بەتەواوی پشت بەئەركی ڕستە دەبەستێ لە دەربڕیندا، شێوەیەكی بێ ئاستەنگ نابێ.

مارگریت بری كە یەكێكە لە لایەنگرانی ئەم ڕێبازە دەڵێ[1]: زۆر ئاسانە كە بیر لەو نموونانە بكەینەوە كە دوو سیستم لە ناو یەك تێكەڵ دەكەن. بەڵام دیاریكردنی ئەركی بەشداربوو بە وردی كارێكی ئاسان نییە، لە ڕستەیەكی وەك (كوڕەكە كچە مامەكەی هێنا) نازانین كوڕەكە كارایە یان سوودمەندە؟ هەندێ لە توێژەرە هاوچەرخەكان ئێستا وا پێشنیاز دەكەن كە ڕۆڵی بەشداربووان بەپلە دیاری بكرێ و تەنانەت لە دیاریكردنی ڕۆڵی بەشداربووانی قسەدا دەبێ دەوروبەری قەسە بەرچاو بگیرێ.

**ڕێزمانی ئەركی دیل هایمز:**

ڕێزمانی ئەركی دیل هایمز كاردانەوەیەك بوو دژی ڕەوتی هۆشەكی كە چۆمسكی و هاوڕێبازەكانی لە كۆتاییی شەستەكاندا بڵاویان كردەوە. چۆمسكی لە لێكۆڵینەوەی زماندا دوو بیرۆكەی جیا دەكردەوە[2]: بیری توانست كە ئەو توانا و سەلیقە زمانییانە دەگرێتەوە كە لە مێشكی قسەكەرێكی نموونەیی دا هەڵگیراوە و بیری چالاكیش بریتییە لە بەكارهێنانی ئەو توانستە.

(1) Margaret Berry, 1977, p41.

(٢) د. وفاء كامل، ١٩٩٧، ص ٢٤٨.

توانست زانینە زمانییە هەڵگیراوەکانی ناو مێشکە و قسەکەر لە کاتی بەجێهێناندا پەنایان بۆ دەبات، بەڵام چالاکی بریتییە لە بەکارهێنانی زانستی زمان(١).

هەروەك لەم وێنەیەدا دەردەکەوێ:

زانستی زمانی هەر تاکێك

| توانست | چالاکی |
|---|---|
| ا- یاسا و بنەما زمانییە هەڵگیراوەکان | ا- ڕەنگدانەوەی توانست |
| ب- بەرهەم هێنانی ژمارەیەکی بێ سنوور لە ڕستە | ب- دروستکردن و داهێنان: بەکارهێنانی زمان لە دەوروبەری نوێیدا |

لەم وێنەیەدا چۆمسکی پێی وایە زانستی زمانی هەموو قسەکەرێك پابەندە بەو توانستە ڕێزمانییەی کە ئەو کەسە هەیەتی و بەهۆیەوە دەتوانێ ڕستەی نوێ دروست بکات.(٢)

دیل هایمز ئەم جیاکردنەوە دوو لایەنەی چۆمسکی بەپەسند نازانێ و بەبۆچوونێکی تەسکی دادەنێ کە سروشتی کۆمەڵایەتی زمانی فەرامۆش کردبێت، بۆیە پێشنیاز دەکات کە توانست بگۆڕێ بە (توانستی گەیاندن) Communicative Competence هەر لەبەرئەوەی زمان هۆکارێکە بۆ گەیاندن. بەباوەڕی هایمز هەموو باسێك لە زمان دەبێ لەگەڵ چۆنییەتی بەکارهێنانیدا لە ژینگەیەکی ڕۆشنبیری و شارستانی دیاریکراودا گرێ

(١) لورینوتود، ١٩٩٤، ص١١١.

(2) Chomsky ,1965 ,p13.

بدرێ. بەباوەڕی هایمز توانای مرۆڤ بۆ بەکارهێنانی زمان چوار ڕواڵەتی هەیە کە هەریەکەیان لە بەکارهێنانی زمانەوە هەڵدەقووڵێ(١).

١- ڕادەی لە توانادابوون لە ڕووی ڕێزمانەوە کە پێوەندە بەتواناکانی زمان و پەلهاویشتنی بۆ بوارەکانی ژیان.

٢- ڕادەی بەجێیەتی کە پێوەندە بەو ڕێگایانەی جێبەجێ کردن کە لەبەردەستدان. لێرەدا جەخت لەسەر ئەو لایەنە دەروونیانە کە لە جێبەجێکردنی زماندا بەرچاو دەگیرێ وەك تێگەیشتن و هەڵگرتن و نەخشەکێشانە بۆ قسە.

٣- ڕادەی شیاوی بیرەکە لەگەڵ ئەو دەوروبەرەی تێدا بەکار دێ. ئەمەش پێوەندە بەبیرۆکەی شێوازە جیا جیاکانی زمان کە بەکارهێن پەنایان بۆ دەبات بەپێی ئەو بارەی قسەکەی تێدا دەکرێ. بازاڕ بێت یان قوتابخانە یان ئاخاوتنی ڕۆژانە بێت یان وتار... هتد. تا شێوازەکە لەگەڵ دەوروبەرەکەدا بگونجێت.

٤- ڕادەی جێبەجێکردن. ئەو نامەیەی قسەکەر دەیگەیەنێت و ئەو ڕستە و دەربڕینانەی بەکاری دێنێ و ئەو ڕەوشتەی کە لەگەڵیاندا دێ.

لێرەدا جەخت لەسەر دوو تەوەرە دەکرێ: (تەوەرەی نێرەر و تەوەرەی وەرگر) لە یەك کاتدا. قسەکەر چی دەڵێت و گوێگر چی وەردەگرێ یان دەتوانێت وەرگرێ.

بەبەرچاوگرتنی ئەو چوار دیاردەیەی سەرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامە کە چەمکی توانست تەنیا بریتی نییە لە زانستێکی ڕووتی یاساکانی زمان و بەرهەمهێنانی ژمارەیەکی لە بن نەهاتووی ڕستە، بەڵکو چەند ڕواڵەتێکی ئەرکی دەگرێتە خۆ وەك ئەمانەی خوارەوە:(٢)

(1) Hymes, 1971, p281.

(٢) يحيى احمد، ١٩٩٩، ص ٩٥.

**یەکەم:** جێگە بۆ نیاز و مەبەستی قسەکەر خۆش دەکات. بۆ نموونە قسەکەر لە شوێنێك ڕستەیەك بەکار دێنێ کە دەرئەنجامی پێکهاتەکانی بریتییە لە ڕستەیەکی بریندارکەر یان سەرزەنشتکەر، بەڵام دەبینین قسەکەرەکە مەبەستی گاڵتە و نوکتەبازییە لەم کاتەدا.

**دووەم:** گوزارشت لە بوونی کارامەی تری جۆراوجۆر دەکا کەقسەکەر و گوێگر هەیانە بەهۆی بوونیان لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتیی شارستانی دیاریکراودا: وەکو کارامەیی گوێگرتن و نۆبەگرتن لە ئاخاوتندا و ڕێزلێنان لە بەرامبەر و بەوێڵ قسەکردن و پاراستنی هاوڕێیەتی و بریندارنەکردنی هەستی گوێگر.

**سێیەم:** داکۆکیکردن لە داوونەریتی کۆمەڵایەتی و کەلەپوور لە ئاخاوتندا وەك ڕادەی دوور و نزیکی لە قسەکەر و بەکارهێنانی بزاوتن.

هایمز بەپێچەوانەی دامەزرێنەر و لایەنگرانی قوتابخانەی پراگ و لەندەنەوە، هیچ تیۆرێکی زمانی پێشکەش ناکات، هەموو کارەکەی بریتییە لە چەند پێشنیازێکی گرینگ دەربارەی بۆچوونێکی ئەرکی بۆ شیکردنەوەی زمان، بەتایبەتی لە بارەی گرینگی واتاوە لە بۆچوونێکی ئەرکیدا.

### ڕێبازە ئەرکییە نوێیەکان

ڕێبازی ئەرکی لە ڕێگای زمانەوانە ڕۆژئاواییەکانی زانکۆکانی هۆڵەندە و ئەڵمانیا و بەلجیکا و یابانەوە... وەرچەرخانێکی ئاشکرای بەخۆوە بینی و پەرەی پێ درا. ئەم شێوە پەرەپێدراوانە کە بنەما تیۆرییەکانی ڕێبازی ئەرکی و لوجیك کۆ دەکەنەوە و خاوەنەکانیان بەڕێزمانی ئەرکی ناویان دەبەن. بەئاشکرا لە شیکردنەوەی زماندا هەڵسوکەوت لەگەڵ سێ ئاستدا دەکەن. کە هەر ئاستێکیان بوار و زاراوەی خۆی هەیە. سایمون دیك کە خاوەنی قوتابخانەیەکی ئەرکی تایبەت بەخۆیەتی وای بۆ دەچێ کە

ڕستەیەکی وەك (قوتابییەکە نامەیەکی نووسی) دەتوانرێ لە سێ ئاستدا شی بکرێتەوە:

قوتابییەکە نامەیەکی نووسی.

١- ئاستی ڕێزمان بکەر بەرکار کار

٢- ئاستی واتایی کارا کارتێکراو کردە

٣- ئاستی پراگماتیك پاڵدراو پاڵپشت

هەندێك لە ئەرکییە نوێیەکان وەك هینخ فیلد[1] تەنها پشت بەدوو ئاست دەبەستێت: ئاستێك کە بریتیە لە نواندنی ڕێزمانی واتایی بۆ توخمەکان و ئاستێکی تر کە باس لە کردە و هاوبەشەکانی دەکات.

لە لای دیك[2] ڕستە لەڕێزمانی ئەرکیدا بریتییە لە پێشبینییەك Predication کە لەگەڵ چەند ناو لێنراوێك terms دێ و بە هەموویان دەربڕینێك دروست دەکەن کە ئاماژە بۆ جیهانی دەرەوەی زمان دەکات، واتە بەو بوونەوەرانەی کە لە دنیای زمانەکەدا هەن. مرۆڤ بەپڕکردنەوەی چاڵی یان خانەی پاڵپشت و (کە تایبەتی بوونەوەرەکان یان پێوەندی نێوانیان دەردەخات) ئەو خانانەی لەگەڵیدا دێن، خانەی بارەکان (arguments) کە بریتین لەو ناولێنراوانەی کە بگۆڕیان variablos پێدەگۆڕێتەوە) دەگاتە دەربڕین. لەگەڵ بنەو باریش دا هەندێ سەرباز satalites هەن کە زۆر مەبەست نین وەك (ئاوەڵناو، ئاوەڵکار...) دەتوانرێ ئەم زاراوانە بەو شێوەیە ڕوون بکرێتەوە:[3]

(1) Hengeveld, 1989, p128.

(2) Dik Simon, 1978, p15.

(٣) يحيى احمد، ١٩٩٩، ص٩٥.

(١X)   ø   (٣X) ...... (٢X)   (٣Y) ...... (٢Y) (١Y)

بنه   بار argument   سەربار satalites

ناولێنراو terms

پێش بینییەك Predication

لەم خشتەیەدا: Y, X بگۆڕن Variables کە دەشێ ئەرکی واتاییان هەبێت بەم پێیە، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم ئەرکە، ڕستە لە ڕێزمانی ئەرکی (دیك)دا لە چوارچێوەیەکی بنەییدا پیشان دەدرێ وەك لەم ڕستانەی خوارەوە دەردەکەوێ:

١- مامۆستاکە دەفتەری بەسەر قوتابییەکاندا دابەش کرد.

بار١ ← کارا، بار٢ ← کارتێکراو، بار٣ ← سوودوەرگر، بنە ← کردە

٢- پۆلیسەکە دوو دزی گرت.

بار١ ← کارا، بار٢ ← کارتێکراو، بنە ← کردە

بەم شێوەیە هەر ڕستەیەك چوارچێوەیەکی بنەیی نەخشێنراوی هەیە بۆ ڕوونکردنەوەی کارەکەی. لەم چوارچێوەدا بارە بگۆڕەکان بەناولێنراو

دەگۆڕدرێنەوە. بەمەرجێ لە چوارچێوەی کۆتی هەڵبژاردندا (salectional restriction) لەگەڵیدا ڕێك بکەون. بەمجۆرە ڕستەیەکی وەك (ستەم بیرەکانی تەزاندم) لە ڕووی واتاوە ناپەسندە، چونکە بنەی (تەزاند) پێویستی بەبارێکە (بار٢) کە (+گیاندار) بێت.

لێرەدا دەبینین ئەو شێوە ئەرکیەی لە شێوە پەرەپێدراوەکاندا هەیە جیاوازە لەوەی کە لە ڕێزمانە ئەرکییەکانی پێشتردا دەبینرێ. شیکردنەوە ئەرکییەکانی پێشتر کەمتر ئاڵۆز بوون و پێوەندییان لەگەڵ لۆجیك نەبوو. کەم و زۆر زمانیان بەدیاردەیەکی هۆشەکی دانەدەنا.

خاڵی دابڕان لە نێوان هەردوو کۆمەڵەدا لەوەدایە کە ئەرکییە کۆنەکان لە چوارچێوەی ئەو زاراوانەدا لە زمان دەکۆڵنەوە کە پێوەندی ڕاستەوخۆیان بەئەرکەکانی زمانەوە هەیە بەپێچەوانەوە ئەرکییە نوێیەکان وادەزانن کە ئەرك دەکرێ لە ڕێگەی لۆجیکەوە پیشان بدرێت، بەڵام ئەرکییەکان هەموویان لەسەر ئەوە ڕێکن کە زمان هۆیەکی گەیاندنە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا و ڕێسا کۆمەڵایەتییەکان و داوونەریت کار لە زمان دەکەن و زمان دەبێ هەر لە ڕوانگەی ئەو ئەرکانەوە سەیر بکرێ کە ئەنجامیان دەدات.

لەم دە ساڵەی دواییدا ڕێزمانی ئەرکی خۆی بەشێواز و ئاستە زمانییەکان و شیکردنەوەی دەق و چۆنیەتی لکاندنی دەق و جیاکردنەوەی لە نادەق (دەقی نووسراو یان زارەکی و جیاوازی نێوانیان) خەریك کردووە. هەروەها ئەرکییەکان هەموویان جەخت لەسەر شیکردنەوەی ئاخاوتن و ئاوازە و بڕگە کەرتکردن و دابەشکردنی قسە بۆ یەکە زمانییەکان دەکەن.

بە کورتی دەکرێ تایبەتییەکانی ڕێبازە ئەرکییەکان لەم سێ خاڵەی خوارەوەدا کۆ بکرێتەوە:

١– ئەركییەكان وەك ئامرازێكی گەیاندن دەڕواننە زمان نەك وەك هۆیەك بۆ نواندنی جیهانی دەرەوە(١).

٢– داهێنان دەدەنە پاڵ زمان بەكارهێن نەك سروشتی زمان خۆی و لەوەشدا دیار دەكەوێ كە بەكارهێن دەتوانێ خۆی لە هەموو واتایەكی نوێ بدات.

٣– زمان دیاردەیەكی یاسابەند نییە، بەڵكو دیاردەیەكی ئاكامبەندە، واتە زمان بۆ ئەنجامدانی چەند ئەركێك دروست بووە و خۆشی لە ژێر كاریگەری ئەم ئەركانەدا كار دەكات.

بە پێی ئەم تایبەتییەی دوایی كە گرینگترین خاڵە ڕێبازی ئەركی لە هەموو ڕێبازەكانی تر دەترازێنێ و هەموو ئەركییەكان كۆ دەكاتەوە، هالّیدەی كە بەپێشەنگی ڕێبازی ئەركی قوتابخانەی لەندەن یان (ڕێزمانی سیستمی) دادەنرێ سێ ئەركی دەداتە پاڵ زمان: ئەركی نواندنی واقیع، ئەركی نێوان كەسی و ئەركی دەقی.

لە ئەركی نواندندا قسەكەر شارەزایی و بۆچوون و هەست و سۆزی خۆی بەرامبەر بیوەرەكەی و جیهانی ناوەوەی خۆی (هۆشی یان پەیبردن) دەردەبڕێ ئەم ئەركەش دەبێ بەدوو بەشەوە: ئەركی شارەزایی لە دنیا و ئەركە لۆجیكییەكان، ئەوانەی لە زماندا شێوەی بەستن و پێچەوانە و پێوەندی لۆجیكی (واتای) تر وەردەگرن.

لە ئەركی نێوان كەساندا قسەكەر بەزمان پێوەندی خۆی لەگەڵ كەسەكانی دەوروبەریدا دەردەبڕێ. كارلێكی لەگەڵ هاوبەشانی ئاخاوتن، تێڕوانینی بۆیان و بۆ ئەو مەبەستەی هەیەتی.

ئەركی دەقی ئەوە دەدات بەقسەكەر بتوانێ دەق دەربهێنێ كە بریتییە لە

(١) احمد مختار عمر، ١٩٧٧، ص٢٢.

قسەی بـەردەوامـی شیـاو بـۆ بـۆنـەکـان و دەق و نـــادەق لـە یـەکـتری جیابکاتەوە. یەکێك لە لایەنەکانی دەق لکاندنی کەرتەکانیەتی کە بەندە بەدیاردەکانی گەڕانەوە (ئاماژە، لەبری خستن و لابردن و گوتنەوە و بەستن لە زماندا).

لەبەر ڕۆشنایی ئەم سێ ئەرکەی زمان بەشەکانی تری ئەم نامەیە ڕێك دەخەین. لە بەشی دووەمدا باس لە ئەنجامدانی ئەرکی نواندن دەکەین: بەکارهێنانی زمان بۆ گەیاندنی بیر و هۆش و سۆز و کاری ئەم ئەرکە لـەسەر زمـان. بـەشی سێیـەم بـۆچـوونـیـەتی گـەیـانـدنی پێوەنـدییـە نێوان کەسییەکان و کاریگەری ئەم ئەرکە لە کوردیدا تەرخان دەکەین. بەشی چوارەم و پێنجەم و شەشەم لە کاریگەری ئەرکی دەقی دەدوێ لە ڕستەی سادە لە (بەشی چوار) و ڕستەی فراوانکراودا لە (بەشی پێنجەم) و ڕستە لە ناو دەقدا لە (بەشی شەشەم). هەموو بیر و بۆچوونەکانیش لە تێڕوانینی هـاڵیدەیەوە سەیـر دەکـەیـن، چونکـە لـە هـەمـوو ڕێبـازە ئـەرکییەکانی تر بڵاوترە، لەسەر دەیان زمان پیادە کراوە و بەوردی دەچێتە ناو ناخی زمان و لە شێوەی تیۆری دەردەچێت. ڕێبازە ئەرکییەکانی تر تەنیا تێبینی و هێل و بنەما و ڕێنمایی گشتین کە زۆر کەم بەکارهێنراون.

بەشی دووەم

# ڕستە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە

ئەرکی نواندنی دنیای دەرەوە

## سەرەتا

لایەنێك لە لایەنەكانی واتای ڕستە ئەو واتایەیە كە وەك نواندن یان ناوەڕۆك دەردەكەوێ، ئەو واتایەی كە لە مێشكی خەڵكدا هەیە كاتێك لە واتای وشە یان ڕستە دەدوێن.

لەم بەشەدا لەڕستە وەك بیر دەكۆڵینەوە. واتە ڕۆڵی ڕستە لە گەیاندنی شارەزاییەكاندا (خبرات) شی دەكەینەوە یەكێك لە تایبەتییە گرینگەكانی زمانی ئەوەیە كە ئەو توانایە دەداتە مرۆڤ كە بتوانێ وێنەیەكی واقیعەكەی خۆی بنیات بنێ تا لە زانیاری و شارەزاییەكان و دەوروبەری و ناوەوەی خودی خۆی بگات. لە ڕاپەڕاندنی ئەم ئەركەشدا دیسان گرینگترین یەكەی ڕێزمانییە، چونكە یەكەیەكە كە دەتوانێ كردەكان بنوێنێ.

(مەبەست چییە كە دەگوترێ ڕستە كردە دەنوێنێ؟ بەهێزترین تێگەیشتن لە واقیع ئەوەیە كە ڕووداو پێكدێت لە: بوون، ڕوودان و هەستكردن. ئەم كردانە لە پەیڕەوی واتاسازی زماندا پۆلین دەكرێن و بەهۆی ڕیزمانی ڕستەوە دەردەبڕێن).[(١)]

ئەو چوارچێوە واتاسازییەی كە كردەی بوون و ڕوودان و هەستكردن دەنوێنێ، پەیڕەوێكە كە لە سێ بەش پێك دێت:

١ – كردەكە خۆی.

٢ – بەشدارەكانی كردەكە.

٣ – ئەو بارەی كە كردەكەی تێدا ڕوو دەدات.

ئەمانە بەهەرسێكیان دەتوانن زانیاری و شارەزاییەكان و تێگەیشتنی مرۆڤ و لێكدانەوەی بۆ دنیای دەوروبەر بدركێنن. بۆ نموونە لە ڕستەیەكی وەك:

(1) Halliday, 1985, p101

١– چۆلەکەکە بەئاسماندا دێ و دەچێت.

زمانی کوردی ئەو دیاردەیەی سەرەوە کە بریتییە لە (باڵندە، ئاسمان، جوولە) لە پەیڕەوێکی واتاسازیدا ڕۆناندووە کە بریتییە لە کردە و بەشداربووان و ئەو بارەی کە کردەی تێدا ڕوودەوە (کە کەرەستەیەکە دەکرێ نەدرێ). لەم نموونەیەدا کردەکە بەفرمان دەربڕاوە (دێ و دەچێت)، بەشدارەکە بەناو (چۆلەکەکە) باری کردەکەش بەگرێیەکی بەند (بەئاسماندا).

ئەم لێکدانەوە سێ لایەنەی کردە دەبێتە هۆی پۆلکردنی وشەکانی زمان و جیاکردنەوەی ناو لە فەرمان و ئاوەڵناو و ئاوەڵکار... هتد. دەکرێ ئەم ڕاستییە بەشێوەی خشتەیەك دەرببڕێ:

| سێ قووچەکەی کردە | پۆلە وشە یان گرێ |
|---|---|
| ١– کردە | فەرمان |
| ٢– بەشداربوو | ناو |
| ٣– بار | ئاوەڵگوزارە یان گرێی بەند |

بیری کردە و بەشداربوو و بار کاتیگۆری واتایین کە بەشێوەیەکی گشتی پیشانمان دەدەن چۆن دیاردەکانی دەرەوە (دەوروبەری زمان) لە زماندا ڕەنگ دەدەنەوە و دەڕۆنرێن. بەڵام لە لێکدانەوەی ڕێزمانی ڕستەدا، ناکرێ ئەم بیرانە وەك هەن بەکاربێن، لەبەرئەوەی زۆر گشتین و بەشێوەی ئێستەیان زانیارییەکی وەها نادەن بەدەستەوە. لێرەدا پێویستمان بەبیری وردتر دەبێ تا کردەیەك لە یەکێکی تر جیا بکاتەوە. بەڵام ئەم بیرە وردانەش هەر لەم سێیەوە دێن و پێوەندییان بەمانەوە هەیە لە بەندەکانی تری ئەم بەشەدا لەم جۆرانەی کردە بەدرێژی دەدوێین ئەم بەندەش بەچەند نموونەیەکی تر لە کردە و بەشداربوو و بار کۆتایی دەهێنین:

٢– دایکە ڕۆژ تا ئێوارە دادەنیشت و خەمی دەخوارد و هەناسەی ساردی هەڵدەکێشا.

(چیرۆکی بەرئاگردان، ل١١)

لەم ڕستەیەدا (دایکە) بەشداربووەکەیە و (دادەنیشت، خەمی دەخوارد، هەناسەی هەڵدەکێشا) کردەن و (ڕۆژ تا ئێوارە) باری کردەکەیە.

٣– کە ئێوارە داهات هەموو خەڵکەکە لەبەر ئاگرەکەی ئێمەدا کۆ ببوونەوە.

(مەم، ل٣٢)

لەم ڕستەیەدا (کە ئێوارە داهات، لەبەر ئاگرەکەی ئێمە) هەردووکیان باری کردەکە پیشان دەدەن. (هەموو خەڵکەکە) بەشداربووەکەیە و (کۆ ببوونەوە)ش کردەکەیە.

٤– لێرە و لەوێ بەسەدان جوانووی مردوو کەوتبوون. (کوێر ئوغلی ل ٩)

باری کردە — بەشداربوو — کردە

٥– قوتابییەکە بەهێمنی بەڕێگادا دەڕۆیشت.

بەشداربوو — باری کردە — کردە

٦– باڵندەیەکی بەهاری بەسەر گوندێکی دەم جۆگادا هەڵفڕی.

بەشداربوو — باری کردە — کردە

(داغستانی من. ب١،ل١٣)

٧– هەنگەزەردە ئەبڕێ ڕێی دوور

بۆ بینینی گوڵاڵەی سوور. (گۆران، ل٥٠)

لــەم دێرە شیــعــرەدا بــەشداربــووەکــە (هــەنگــەزەردە)یـــە و کـــردەکەش (ئەبڕێ)یە و باری کردەکەش بریتییە لە (ڕێی دوور، بۆ بینینی گوڵاڵەی سوور).

٨- کوژران دایك و باوکت، بەڵێ لەناوچوون

لە ڕێی باوەڕیانا بەقوربانی بوون!

(هێمن، ل٢٠)

لـەم دێرە شیـعـرەشدا (دایك و بـــاوکت) بـــەشداربـــووەکـــەن و (کـــوژران، لەناوچوون، بەقوربانی بوون) کردەکەن (لە ڕێی باوەڕیانا) گرێی بەندە باری کردەکەی نیشان داوە.

٩- هەڵبراوم من لە یاری نازەنین

دەرکراوم من لە خاکی دڵنشین.

(هێمن، ل٢٠)

لـــەم دێرە شیعرەدا (هـــەڵـــبـــڕاوم، دەرکـــراوم) کـــردەن و (مـــــن)یش بەشداربووەکەیە و (لە یاری نازەنین، لە خاکی دڵ نشین) هەردووکیان باری کردەکە نیشان دەدەن کە گرێی بەندن.

١٠- (جوامێر سواری ئەسپەشێ بوو، دووجار دەوری گوندی کرد، هاتەوە بـەرمـاڵێ بزەیـەکـی بـۆ دایـکـی و ئـاسکەی خوشکی کرد، ئـەوان بـۆی کەوتنە پاڕانەوە، ئاوی ڕوونیان بەدوایدا ڕشت. جوامێر تاوی دا، بەناو دەشت و بەرەو چیاو دوند و لەندەکان تاوی دا، بەڵام ڕێگای چیای ئـەفسوون تـەواو هـــەڵـــەت و دژوارە، یـەکـجـار دوورە، لانـــەی سەدان جانەوەرە).

(هەڵۆ، ل١٧)

لەم دەقەی سەرەوەشدا دەتوانین وەك ڕستە و دێڕە شیعرەکاندا هەرسێ کردەکە نیشان بدەین کردەکان بریتین لە (سوار بوو، دەوری کرد، هاتەوە، بزەیەکی کرد، کەوتنە پاڕانەوە، ڕشت، تاوی دا، هەڵەت و دژوارە، دوورە، لانەی جانەوەرە) بەشداربووەکانیش بریتین لە (جوامێر، ئەوان، ڕێگای چیای ئەفسوون) باری کردەکانیش بریتین لە (ئەسپەشێ، دووجار، گوند، بەرماڵێ، بۆ دایکی و ئاسکەی خوشکی، بۆی، ئاوی ڕوون، بەدوایدا، بەناو دەشت و بەرەو چیا و دوند و لەندەکان، یەکجار،...)

**کردە و دەوروبەر:**

زمانی کوردی دەوروبەری خۆی بۆ چوار کردە دابەش دەکات:

ا- کردەی کردن.

ب- کردەی بیرکردنەوە.

ج- کردەی گوتن.

د- کردەی پیاهەڵدان (وەسفکردن)

هەموو ئەو چالاکییانەی کە هەن خوێندنەوە و ڕاکـــردن و دزی و درۆکردن و بوون و پیاهەڵدان و پێناسین... هتد. دەکەونە ناو یەکێك لەم کردە گشتییانەوە. هەریەکە لەم کردانەش بەجۆرێکی تایبەتی لە ڕێزمانی ڕستەکە و جۆری فەرمانەکەیدا ڕەنگ دەدەنەوە. بۆ نموونە کردەی پیاهەڵدان لەگەڵ فەرمانی (بوون) و چەند فەرمانێکی تردا دێ، بەڵام کردەی کردن لەگەڵ فەرمانی تێپەڕدا دەبینرێ (بڕوانە بەندەکانی دواتر بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر).

کە لەم کردانە زیاتر ورد دەبینەوە هەریەکێك لەمانە لەگەڵ جۆرێکی تایبەتی لە هاوبەش دا دەبینرێ (هاوبەش لێرەدا دەکرێ وەك ڕۆڵی سیمانتیکی سەیر بکرێ). بۆ نموونە کردەی کـردن هــەمـیشە دەبێ

هـاوبـەشێکی لەگەڵدا بێت کە کارەکە ڕاپەڕێنێ و دەشێ هـاوبـەشێکی تری لەگەڵدا بێت کە کارەکەی بەسەردا بکەوێ. هـەروەهـا کردەی بیرکردنـەوەش دەبـێ هـاوبـەشێکـی وای لـەگـەڵـدا بـێت کـە بـیـر بـکـاتـەوە، بـەڵام پـێویستـی بەهاوبەشی وا نییە کە بیرکردنەوەکەی بەسەردا بێت.

لەبەرئەوەی هەریەکێ لەم کردانە زیاتر لە یەك هاوبەشی پێویست دەبێ و لـەبـەرئـەوەی جـۆری هـاوبـەشەکـەش لـە فـەرمـانێکـەوە بـۆ یـەکێکـی تـر دەگۆڕێ، دەبێ پیش بینی ئەوە بکەین کە ژمارەی هاوبەشەکان لە ژمارەی کردەکان تێپەڕ دەکەن هەرچەندە هەرگیز لە ١٠ تا ١٢ زیاتر نابن.

ڕۆڵی بار لەم کردانە زەمینە دروستکردنە بۆ کردەکە: واتە کات و شوێن و مەرج و هۆکار و چۆنیەتی بۆ کردە دابین دەکات، بەکورتی کردەکە دەخاتە ناو دەوروبەرێکی دیاریکراوەوە.

**جۆرەکانی کردە:**

ئەو کردانەی لە کوردیدا دەکرێ جیا بکرێنەوە ئەمانەی خوارەوەن:

١– کردی مادی.

٢– کردەی پەیبردن.

٣– کردەی بەدەر لە دەسەڵات

٤– کردەی پێوەنداری.

٥– کردەی گەیاندن.

٦– کردەی بوون.

١– کردەی مادی:

کردەی مادی کردەی کردنە ئەوە دەردەبڕێت کە کەسێك کارێك ئەنجام دەدات لەوانەیە لە خۆی تێپەڕکات و کار بکاتە سەر کەسێك یان شتێکی تر.

کردەی مادی لە کوردیدا بەفەرمانی (کرد) پرسیاری لە بارەوە دەکرێ:

١- ا- کرێکارەکە چی کرد؟

ب- دیوارەکەی ڕووخاند.

٢- ا- کرێکارەکە چی لە دیوارەکە کرد؟

ب- دیوارەکەی ڕووخاند. (ڕووخاندی)

کەواتە لە کردەی مادیدا شتێکی فیزیکی و لە بەرچاو دەکرێ یان ڕوو دەدات وەك لەم نموونانەدا بەرچاو دەکەوێ:

- پشیلەکە خۆی لە دیوارەکە هەڵسوو.
- منداڵەکە قیژاندی.
- هێلکەکە دەکوڵێنم.
- دیارییەکەم بۆت نارد.
- دیمەنەکە ڕەنگ دەکەم.
- نووسینەکەم تەواو دەکەم.
- وانەکە دەنووسم و دەخوێنمەوە.

**تایبەتییەکانی کردەی مادی:**

١- فەرمانی کردەکە دەبێ فەرمانێکی داینامیکی بێت، واتە چالاکییەك بگەینێت نەك بارێك نیشان بدات وەك: خوارد، کوشت، نارد، نووسی، برد، پێکەنی... هتد.

٢- فەرمانی کردەی مادی ئاسایی پێویستی بە دوو هاوبەشە:

أ- بەرپرس: ئەو مرۆڤە یان گیاندارەی کە دەبێتە هۆی یان هاندانی کارەکە.

ب- کارتێکراو[1]:

ئەو کەسە، ئەو گیاندارە، یان ئەو شتەی کە کردەکەی بەسەردا دەکەوێ.

لەم دوو هاوبەشە گرینگی دەدرێ بەهاوبەشی دووەم نەك یەکەم، واتە دەشێ هاوبەشی یەکەم (بەرپرس) دیار نەبێت، بەڵام کارتێکراو دەبێ هەمیشە هەبێت، ئەگینا ڕستەکە ناڕێزمانی دەبێت وەك لەم ڕستانەدا دەردەکەوێ:

- منداڵـــــەکە ی گریاند. (کردەی مادی)

کارتێکراو بەرپرس کردە

- منداڵەکە گریا. (کردەی مادی)

کارتێکراو کردە

- ئـــازاد ئاوەکـــەی ڕژاند. (کردەی مادی)

بەرپرس کارتێکراو کردە

---

(1) یوسف شەریف و فەرەیدوون عەبدول لە نامەی ماجستێرەکەیاندا باسی دۆخەکانیان کردووە کە یوسف شەریف نزیکەی «١٠» دۆخی دەستنیشان کردووە لە ڕوانگەی فیلمۆرەوە و فەرەیدوونیش نزیکەی«٧» جۆری دەستنیشان کردووە. بەپێی بۆچوونی دیك، بەڵام ئێمە لە ڕوانگەی ئەرکییەوە باسمان کردووە بۆیە زاراوەکانیشمان لەوانەیە جیا بێت لەگەڵ ئەوان.

– ئاوەکە     ڕژا.
↓     ↓
کارتێکراو  کردە

– کتێبەکە   دەنێر   م.
↓   ↓   ↓
کارتێکراو  کردە  بەرپرس

بەمەدا دەردەکەوێ کە فرمانی کردەی مادی مەرج نییە هەمیشە تێپەڕ بێت، بەڵکو فەرمانی کردەی مادی دەشێ تێپەڕ یان تێنەپەڕ بێت. بڕوانە ئەم نموونانەی خوارەوە.

– مەڕەکە  گیاکەی  خوارد.     (کردەی مادی تێپەڕ)
↓   ↓   ↓
بەرپرس  کارتێکراو  کردە

– پیاوەکە  کەوت.     (کردەی مادی تێنەپەڕ)
↓   ↓
کارتێکراو  کردە

– عاسمانی شین و ئەستێرەکانی

پێدەکەنین بۆ بەری بەیانی     (گۆران، ل١٢٣)

لەم دێرە شیعرەدا (عاسمانی شین و ئەستێرەکان) هەردووکیان هاوبەشی دووەمن کە کارتێکراوە لەگەڵ کردەی (پێکەنین) هاتوون (کە کردەی مادی تێنەپەڕە).

– دەڕژا لەسەردا کزە بای بەیان

ئەیلەرانەوە کولە و پەردەکان

(گۆران ل،١٢٣)

لەم دێرە شیعرەدا دەبینین کە دوو کردەی مادی تێدایە یەکێکیان تێنەپەڕە (دەڕژا) ئەویتریان تێپەڕە (ئەیلەرانەوە) بەڵام هاوبەشەکە کە (کزە بای بەیان)ە جارێکیان دەبێتە کارتێکراو کاتێ کە لەگەڵ فرمانی تێنەپەڕەکەدا دێ. جارێکیشیان دەبێتە بەرپرس کاتێ لەگەڵ فرمانی تێپەڕەکەدا دێت و (کولە و پەردەکان) دەبێتە کارتێکراو.

(٣) هەندێ کردەی مادی داهێنان و هاتنە ئارا یان هێنانە ئارای تێدەکەوێ، واتە بەرپرس تێیدا ڕۆڵی داهێنەر یان دروستکەر دەبینێ، ئەمە بەزۆری لەگەڵ هەندێ فەرماندا دەبینرێ وەك (هەڵکەند، نووسی، داهێنا، دروست کرد، بۆ کرد... هتد). وەك

– کرێکارەکە چاڵێکی هەڵکەند.

(لێرەدا دروستکردنی چاڵەکە بەندە بە فەرمانەکەوە، واتە پێش ئەنجامدانی ئەو چاڵە لە ئارادا نەبووە)

– ئەدیسۆن کارەبای داهێنا.

↓ ↓ ↓

بەرپرس کارتێکراو کردە

– ئەوان خانوویەکیان دروست کرد.

↓ ↓ ↓

بەرپرس کارتێکراو کردە

– پیاوەکە کارێکی چاکی بۆ کردین.

بەرپرس ← پیاوەکە، کارتێکراو ← کارێکی چاکی، کردە ← بۆ کردین

بەرپرس کارتێکراو کردە

دەشێ ئەو فەرمانانەش کە شتێك دەسڕنەوە و لە ناوی دەبەن هەروەك ئەمانە سەیر بکرێن وەك (ڕووخاند، هەڵکەند، وێران کرد، تێك شکاند... هتد)

– کرێکارەکان دیوارەکەیان ڕووخاند.

بەرپرس کارتێکراو کردە

– باخچەکانیان وێران کرد.

کارتێکراو بەرپرس کردە

– ڕەگ و ڕیشەی دارەکانیان هەڵکەند.

کارتێکراو بەرپرس کردە

– (کارەساتی لافاوەکە زۆربەی خانووەکانی گوندی ڕووخاندن، داروبار و باخچەکانی تێك شکاندن، زیانێکی زۆریشی لە ماڵ و ماڵات و داهاتی خەڵکەکەدا، دیمەنی گوندە جوانە شۆخ و شەنگەکەی شەت و خوار کرد و تێکی شێواند) (چیرۆکەکانی مەم، ب٢، ل١٠٣)

لەم دەقەدا (کارەساتی لافاوەکە) بەرپرسە و (خانووەکانی گوند، داروبار، باخچەکان، ماڵ و ماڵات و داهاتی خەڵکەکە، دیمەنی گوندە...) کارتێکراون و (ڕووخاند، تێك شکاند، زیانی لێ دا، شەت و خوار کرد و تێکی شێواند) کردەن.

بەڵام چاکتر وایە هەردوو کۆمەڵە بەفەرمانی (بە ئەنجام گەیەن) ناو ببرێن، چونکە لە هەردووکیاندا (کارتێکراو) لە ئەنجامی ڕاپەڕاندنی فەرمانەکەوە دێنە ئارا.

بەراوردێکی ئەم دوو ڕستەیە بکە:

١– أ– کرێکارەکان پردێکیان دروست کرد.

ب– کرێکارەکان پردێکیان ڕووخاند.

↓ ↓ ↓

بەرپرس کارتێکراو کردە

– کۆترێکی جوان هێلانەی لە قەدپاڵی شاخێك دروست کردبوو.

↓ ↓ ↓

بەپرس کارتێکراو کردە

با و بارانێکی توند هات و هێلانەکەی هەڵکەند.

↓ ↓ ↓ ↓

بەرپرس کردە کارتێکراو کردە (شەمامە، ل١٥)

(٤)– کردە مادییە تێپەڕەکان دەشێ بکرێن بەڕستەی بکەر نادیار. لە باری وادا بەرپرس دەشێ لابدرێ و کارتێکراو بەتەنیا بمێنێتەوە:

أ– کرێکارەکە کەپرەکەی ڕووخاند. (بکەر دیار)

↓ ↓ ↓

بەرپرس کارتێکراو کردە

ب– کەپرەکە ڕووخێنرا. (بکەر نادیار)

↓ ↓

کارتێکراو کردە

أ– منداڵەکە دەرگاکەی داخست. (بکەر دیار)

↓ ↓ ↓

بەرپرس کارتێکراو کردە

ب– دەرگاکە داخرا. (بکەر نادیار)

↓ ↓

کارتێکراو کردە

دەشکرێ هەردوو هاوبەشەکە بمێننەوە بێ ئەوەی ڕۆڵی واتایی خۆیان بگۆڕن لە ڕستەی بکەر نادیاردا.

– پردەکە لە لایەن سەربازەکانەوە ڕووخێنرا. (ڕستەی بکەر نادیار)

↓ ↓ ↓

کارتێکراو بەرپرس کردە

– ڕاپۆرتەکان لە لایەن قوتابییەکانەوە تەواو کران. (ڕستەی بکەر نادیار)

↓ ↓ ↓

کارتێکراو بەرپرس کردە

بەڵام لە باری وادا کوردی بەزۆری پەنا دەباتە بەر کاری تێنەپەڕ.

– پردەکە ڕووخا.

↓ ↓

کارتێکراو کردە

– ڕاپۆرتەکان تەواو بوون.

↓ ↓

کارتێکراو کردە

٢– کردەی پەیبردن:

کردەی پەیبردن ئەو کردانەن کە هەست و بیر و ناسینەوە و پەیبردن و بۆچوون دەردەبڕن و زیاتر لە ڕێگای هەستەکانەوە ئەنجام دەدرێن. فەرمانی وەك (باوەڕ دەکا، دەزانی، هەست دەکا، بۆی دەچێ... هتد) لەو فەرمانە بڵاوانەن کە لەگەڵ ئەم کردەیەدا دێن.

تایبەتییەکانی کردەی پەیبردن:

١– کردەی پەیبردن دەبێ بەلای کەمەوە هاوبەشێکی تێدا بێت، مرۆڤ یان مرۆڤ ئاسا، کە بەدیهێنەری کردەکە بێت.

٢– ئەو شتەی هەستی پێ دەکرێ یان دەزانرێ مەرج نییە (شت) بێت، بەڵکو هەندێ جار (ڕاستییەکە) و لە ڕووی ڕێزمانەوە لە شێوەی پارستەدا دێت. بۆ نموونە لەجیاتی (گۆشت) لە ڕستەی:

– حەزم لە گۆشتە.

– دەکرێ ڕاستییەك بێت وەك:

– حەزم لەوەیە (کە بڕۆم).

– ئەو حەز دەکات بەتەنیا بژی.

– باڵندە حەزیان لێیە بەهەوادا بفڕن. (داغستانی من، ب١، ل١٢٧)

٣– کردەی پەیبردن بەپێچەوانەی کردە مادییەکانەوە بەبەکارهێنانی فەرمانی (کرد) پرسیاریان لێ ناکرێ:

١– ا– دارا چی کرد؟ (کردەی مادی)

ب– ڕۆیشت.

٢– ا– دارا چی کرد؟

* ب– حەزی کرد.

٤– بەشێوەیەکی گشتی کردەکانی پەیبردن، دوو هاوبەشیان دەوێ:

١– هەستیار: ئەو کەسەی (ئاسایی ئەو مرۆڤەی) کە کردەی پەیبردن بەئەنجام دەگەیەنێت یان پەی بەشتێك دەبات یان باوەڕی وایە.

٢– دیاردە: ئەو شتەی کە پەی پێ دەبرێ یان ئەو ڕاستییەی دەدرکێ یان باوەڕی پێ دەکرێ.

تەماشای ئەم نموونانە بکە:

– حەزم لە چیرۆکەکانی مەمە.

هەستیار ↓ دیاردە ↓

کردە

– من بەتاوانباریان دەزانم

هەستیار ↓ دیاردە ↓ کردە ↓

– بڕوایشم وایە کە توانای نووسینم هەیە. (داغستانی من ل ٢٧٧)

هەستیا ↓ دیاردە ↓

کردە

– وریا لەو بڕوایەدا بوو کە هیچ ماسییەك لە گۆمی مەنگی وادا نابیت.

هەستیار ↓ کردە ↓ دیاردە ↓ (بارام ناوێك هەبوو، ل٢٢)

– هەر وام دەزانی ئەم هەستە هەر بەتەنها لە ناخی مندا گەلێك بەهێز و تاوە.

هەستیار ↓ کردە ↓ دیاردە ↓ (کانگەی بەڵا، ل ٧)

– هەندێ جار وا هەست دەکەم کتێبەکانی منیش هەمان پرسیار و وەڵامیان تێدایە.

کردە ← دەکەم، هەستیار ← کتێبەکانی منیش، دیاردە ← هەمان پرسیار و وەڵامیان تێدایە

(داغستانی من، ل ٤١).

– ئیرانی لەو بڕوایەدان کە شا گەلە پەرت و بڵاوەکانی یەکانگیر کردووە و وڵاتێکی گەورەی ئێرانی دروست کردوە

هەستیار ← ئیرانی، کردە ← کە، دیاردە ← شا گەلە پەرت و بڵاوەکانی یەکانگیر کردووە و وڵاتێکی گەورەی ئێرانی دروست کردوە

(داغستانی من، ل ٩٧)

– لەو بڕوایەدا نیت کە سێ پۆلیس و یەك شۆفێر بەشێکی زۆرە.

کردە ← نیت، هەستیار ← کە، دیاردە ← سێ پۆلیس و یەك شۆفێر بەشێکی زۆرە

(داغستانی من، ل٣٣٩)

٣– کردەی بەدەر لە دەسەڵات:

کردەی بەدەر لە دەسەڵات ئەو کردە دەروونی و فسیۆلۆجیانەن کە هاوبەشێك (بەتایبەتی مرۆڤ یان گیاندارێك) ڕەفتارێك ئەنجام دەدات کە نە بەڕێکەوتە و نە بە ئارەزووە، بەڵکو بەدەرە لە دەسەڵاتی خۆی، واتا کردەیەکی (انعکاسی)یە وەك هەناسەدان، بوورانەوە ( لە هۆش چوون)، کۆکین، خەو بینین، ڕشانەوە، گوێ لێ بوون، بیستن،... هتد[١].

تاکە هاوبەش کە لەگەڵ ئەم کردانە دەبینرێ (ڕەوشتکارە) کە ئاسایی مرۆڤێکی بەئاگاییە کە بێ ئاگاییانە کردەکە ئەنجام دەدات، واتە

(١) وریا عومەر ئەمین ١٩٨٥ ل ١٩٧

دەسەڵاتی بەسەر کردەکە ناشکێ.

کردەی ڕەوشتکاری لە نێوان کردەی مادی و پەیبردندایە، بەڵام نزیکترە لەمەی دوایی. سەیری ئەم نموونانە بکە:

– منداڵەکە ڕشایەوە.

↓ ↓

ڕەوشتکار کردە

– کیژەکە بوورایەوە

↓ ↓

ڕەوشتکار کردە

– پیاو هەرچەندی کردبا هەناسەی بۆ نەدەدرا. (کوێر ئوغلی، ل٩)

↓ ↓

ڕەوشتکار کردەی ڕەوشتکار

– زۆر چیرۆك و حەکایەتم گوێ لێ بوو پێشتر نەمبیستبوون

↓ ↓

ڕەوشتکار کردەی ڕەوشتکار (داغستانی من، ل ٢١)

– ئەوسا دایکم بەلادا هات و بوورایەوە.

↓ ↓

ڕەوشتکار کردەی ڕەوشتکار

– پاش نەختێ گوێم لێ بوو دەرگەی حەوشەکەمان تەقەی لێوە هات و زەنگی دەرکا ڕنگەی لێ هەستا.

↓

ڕەوشتکار

کردەی ڕەوشتکار (داغستانی من، ل١٩٤)

– گەڕامەوە ئوتێل، تاكو ئەم نامەیەت بۆ بنووسم، بەڵام هەركە چوومە

↓

ڕەوشتكار

ژوورەوە پشیم هەڵما و تەنگەنەفەس بووم.

↓

كردە

(برایم زەبۆك، ل١٤)

– لە ژوور هاتە دەرەوە و لە ڕێڕەوەكە بە لادا هات و مرد. (بێ نەوایان، ل٧٧)

↓ ↓

ڕەوشتكار كردەی ڕەوشتكار

«لەگەڵ ئەم پرسیارە تەزوویێك بە لەشم داهات، لەگەڵ تەزووەكە تاسام، دەروونم كەوتە كوڵین، كونە برینەكانم كولانەوە و هاتنە سۆتوسوێ.... بڵقی گریان گەرووی گرتم، فرمێسك لە چاوەكانما قەتیس ما، هەناسەم گیرا، شێوانێك دایگرتم».

(چیرۆكەكانی مەم، ب٢، ل٩٨)

لەم دەقەدا ڕەوشتكار ڕاناوی لكاوە كەسی یەكەمی تاك (م)ە كردەی ڕەوشتكاریش ئەمانەن: (تەزوو پێداهاتن، تاسا، كەوتە كولین، كولانەوە، هاتنە سۆتوسوێ، قەتیس ما، هەناسەگیران، شێوان داگرتن).

٤– كردەی پێوەنداری:

لە كوردیدا كردەی پێوەنداری ئەوانەن كە لە دوو بۆتەی ڕێزمانیدا دەبینرێن: (گ ن–گ ئاوەڵناوی كاری بوون) یان (گ ن– گ ن كاری بوون). وەك:

– ئەو کورە زۆر زیرەکە

–ئەو پیاوە بازرگانە

– باوکم مامۆستایە

ئەو فەرمانانەی کە کردەی پێوەندداری دەگەیەنن ئاسایی کاری بوون و چەند فەرمانێکی کەمی ترە وەك: چوونەوە، هەڵگەڕا.... هتد، کە لێرەدا بەخوازە بەکار دێن، واتە خۆیان واتای تریان هەیە و سەر بەکردەی مادین.

تەماشای ئەم نموونانە بکە:

١– أ – چیاکە سپی دەچێتەوە. (کردەی پێوەنداری)

ب– منداڵەکە دەچێتەوە ماڵەوە. (کردەی مادی)

٢– أ– کیژەکە زەرد هەڵگەڕا. (کردەی پێوەنداری)

ب– منداڵەکە بەدیوارەکەدا هەڵگەڕا. (کردەی مادی)

٣– أ– ئاسنەکە ژەنگی هەڵێنا. (کردەی پێوەنداری)

ب– مریشکەکە جوجکەی هەڵێنا. (کردەی مادی)

– گڵۆپەکانی سەرجادە و کۆڵان

زەرد هەڵگەڕابوون، کز کز ئەسووتان

↓

کردەی پێوەندیداری (گۆران، ل١٣٥)

– دەستەکانی پورە رەعنا سپی هەڵگەڕاون. (هاوماڵەکان، ل١٤٧)

↓

کردەی پێوەندیداری

ئەم کردارە دوو ئەرك دەبینن:

أ– تایبەتییەك دەدەنە پاڵ کەسێك یان شتێك وەك لە:

– ژوورەکە تاریکە.

– کوڕەکەت ژیرە.

– ئەسپەکە بێ هێزە.

– گوڵەکە سیسە.

– منداڵەکە کوڕە.

– شارێکی پاکە.

ب– کەسێك دەناسێنن بەوەی کە ڕۆڵێکی دەدەنە پاڵ وەك:

– ئەو پیاوە مامۆستایە.

– ژنەکەی ئەندازیارە.

– کوڕەکەی قوتابییە.

بەپێی ئەرکی کردەکە جۆری هاوبەشەکان دەگۆڕێن. لە جۆری یەکەمدا دوو هاوبەش لە ئارادا هەن: (١) هەڵگر و (٢) پاڵدراو. تایبەتییەکە خۆیەتی.

بڕوانە ئەم ڕستانەی خوارەوە.

– ژوورەکە تاریکە.
↓ ↓
هەڵگر پاڵدراو

– کوڕەکەت ژیرە.
↓ ↓
هەڵگر پاڵدراو

لە جۆری دووەمدا ڕۆڵی هاوبەشەکان دەگۆڕین بۆ (١) ناسێنەر و (٢) ناسێنراو وەك لەم نموونانەدا دەیبینن:

– دارا سەرۆکی بەشە.

↓ ↓

ناسێنراو ناسێنەر

– براکەی ژمێریاری فەرمانگەیە.

↓ ↓

ناسێنراو ناسێنەر

–ژنەکەی ئەندازیارە.

↓ ↓

ناسێنراو ناسێنەر

هەندێ نموونەی تر لەسەر کردەی پێوەنداری بەهەردوو جۆرەکەیەوە:

– چاوی سوور هەڵگەڕا، وەکو قورگیان گرتبێت هەناسەی سوار بووبوو.

↓ ↓

هەڵگر پاڵدارو

(نیو هەنگاو، ل١٣)

– پارچە گۆشتێکە دڵی من، ڕوونییە

ناڵە ناڵی من درەنگە، زوونییە

(هێمن، ل١٩)

لەم دێرە شیعرەدا (دڵی من) ناسێنراوە (پارچە گۆشتێکە، ڕوونییە) ناسێنەرە (ناڵە ناڵی من) هەڵگرە و (درەنگە و، زوونییە) پاڵدراوە.

– دارەکان وشك هەڵاتبوون، گەڵاکانیان سوور هەڵگەڕابوون، کزەبایەکەش هێور ببۆوە.

↓ ↓ ↓ ↓ ↓ ↓

هەڵگر پاڵدراو هەڵگر پاڵدراو هەڵگر پاڵدراو

(ڕامان، ژ ٧٥، ل١٨٨)

٥– کردەی گەیاندن:

کردەی گەیاندن ئەو کردانەن کە نامەیەك لە قسەکەرەوە بۆ گوێگر دەگەیەنن بەهۆی فەرمانی: گوتی، قیژاندی، نەڕاندی... هتد. بەزۆری دوو هاوبەش و هەندێ جار سێ هاوبەشیان لەگەڵدایە.

(١) گوتە: ئەو نامەیە یان ئەو قسەیەی کە دەگەیێنرێ.

(٢) بگوت: سەرچاوە یان خاوەنی نامەکە.

(٣) پێبگوت: ئەو کەسەی کە نامەکەی ئاراستە دەکرێ.

تەماشایەکی ئەم نموونانە بکە:

– دارا گووتی: (بڕۆنە دەرەوە)

↓ ↓ ↓

بگوت کردە گوتە

– ئازاد بەمنی گوت: (کارەکە وەها ئاسان نییە)

↓ ↓ ↓ ↓

بگوت پێبگوت کردە گوتە

– مامۆستاکە داوای لە قوتابییەکان کرد: (بچنە دەرەوە)

↓ ↓ ↓

بگوت پێبگوت گوتە

کردە

– ورچەکە قیژاندی: (بڕۆن)

↓ ↓ ↓

بگوت کردە گوتە

– (بڕۆنە دەرێ) باوکی بەسەریاندا نەڕاندی.

↓ ↓ ↓ ↓

گوتە بگوت پێبگوت کردەی گەیاندن

– کە دوو پیرەژنی چیایی بەشەڕدێن، یەکێکیان دەقیژێنێ: (یاخوا قەت ئاگر لە ئاگردانتاندا نەسووتێ).

↓ ↓ ↓

بگوت کردە گوتە

(داغستانی من، ل١٠)

– دایکم دەیچرپاندە سەر لانکێ: (بەژنت بەقەد چیاکان بڵند بێ)

↓ ↓ ↓ ↓

بگوت کردە پێبگوت گوتە (داغستانی من، ل٤١)

–پاشا هاواری کرد: (هەرچی لە دنیادا هەم بێ لە پێناوی تۆدا دەیبەخشم)

↓ ↓ ↓

بگوت کردەی گەیاندن گوتە

(چیرۆکی بەرئاگردان، ل١٩٢)

– کابرای بچکۆڵە وەڵامی دایەوە: (کێ دەزانێ؟ دوورنییە بتوانم یارمەتیت بدەم).

↓ ↓ ↓

بگوت کردەی گەیاندن گوتە

(چیرۆکی بەرئاگردان، ل١٢٥)

٦- کردەی بوون:

کردەی بــوون ئــەو کــردانــەن کــە بــوونــی شتـێك دەگـەیـەنن لـە کوریدا بـەفـەرمـانـی (هـەبوو) ئەم کردەیە دەردەبڕێ وەك لـە:

١- خوا هـەیە.

٢- من هـەم.

٣- گوندێك هـەبوو.

جگە لەم بەکارهێنانە، فەرمانی (هەبوو) بەجۆری تر و بۆ دەربڕینی کردەی تـر بــەکـار دێ، کـە دەبـێ لێرەدا جودا بکرێنـەوە. بـۆ نموونـە لـەو کاتانەدا کە بۆ خۆیەتی (تملك) بەکار دێت، وەك لەم نموونانەدا دەبینین:

أ- منالێکی هـەبوو.

ب- خانوویەکی گەورەی هـەبوو.

ئەوا زیاتر کردەی بەدەر لە دەسەڵات دەردەبڕن و دەچنە ئەو خانەیەوە تەنیا یەك هاوبەش لەگەڵ کردەی هەبووندا پێویستە، ئەویش ئەو کەسەیە یان ئەو شتەیە کە بوونی هـەیە و دەکرێ پێی بگوترێ (ئارا= موجود).

وەك لەم ڕستانەدا دەردەکەوێ:

- لەو ناوەدا گوندێك    هـەبوو.

↓ ↓

ئارا    کردەی بوون

- مەل و دڕندە لە دنیادا    هـەبوون.

↓ ↓

ئارا    کردەی بوون

(داغستانی من، ل٧٨)

– هەر پیاوێك كەسێتی خۆی هەیە و هەر دەریایەك ڕووی خۆی، شێوازی خۆی... هەیە.

ئارا كردە ئارا كردە

(داغستانی من، ل٧٦)

– باوكم كتێبخانەیەكی گەورەی هەبوو.

ئارا كردە

– پەلكە ڕەنگینەی بەرچاوم چواردە ڕەنگی هەبوو.

ئارا كردە

(لاكێشە ڕووناكەكان، ل١٠٩)

– كە من هاتم لە وڵاتی ئێمەدا ئەستێرەیەك هەبوو پێیان دەگوت لەیل.

ئارا كردە

(لە خۆ بێگانەبوون، ل٣٤)

– ئێمە هەر گوندێكمان زمانێكی تایبەتی خۆی هەیە.

ئارا كردە

(داغستان من، ل١٤٤)

## بەشی سێیەم

# ڕستە و هاوبەشەکانی ئاخاوتن

## سەرەتا

ڕستــە (كلـۆز) نـەك هــەر لـە شێوەی نــامــەدا ڕێك دەخـرێ. بـەڵكو دەشێ بـەڕووداوێكـی كـارلـێكـی لـە نێوان هـاوبـەشەكـانـی ئـاخـاوتنـدا، قسەكـەر (نووسەر) و گوێگر (خوێنەر). ڕێك بخرێ لە ئاخاوتندا قسەكەر ڕۆڵێك بۆ خۆی هەڵدەبژێرێ و ڕۆڵێكیش لە ڕوانگەی خۆیەوە دەدات بەگوێگر، بۆ نموونــە لــە پـرسیـاركـردنـدا قسەكـەر ڕۆڵـی پـرسا وەردەگـرێ و ڕۆڵــی سەرچاوەی زانیاری دەدات بەگوێگر.

كردەی قسەكردن بەمجۆرە كردەیەكی كار لەیەككردنە: گۆڕینەوەیەكە كە دان و وەرگرتنی تێ دەكەوێ. كردەی دان وەرگرتنی بەدوادا دێ و داواكردنیش دانی دەوێ[١].

شایـانـی سەرنجدانـە ئـەوەی دەگۆڕێتەوە یـان شتـومـەك. ڕاژەیـە یـان زانیاری. بۆ نموونە كە قسەكەر دەڵێ: (ئەو كتێبەم بدەرێ یان پارەكە بـهێنە). ئـەوەی داوا دەكـرێ شتـە یـان كـردەیـەكـە؛ واتـە مـادە گۆڕاوەكە نـازمـانییە، بەڵام زمـان لە بەدیهێنـانیدا بەكار دێ. بەڵام كە قسەكەر دەڵێ: (ماڵتان لە كوێیە؟ یان چۆن هاتی؟) ئەوەی داوا دەكرێ شتومەك نییە، بەڵكو زانیـارییە. زمـانە وەك ئـامراز و مەبەست؛ تاكە وەڵام لێرەدا زمـانییە. ئەم دوو فاكتەرە بگۆڕە كە بەیەكەوە بەرچاو دەگیرێن چوار ئەركی زمـان دیـاری دەكەن: (بەخشین، داوا، پرسیـار، هـەواڵدان). ئەمـانـەش بەدوایـاندا زنجیرەیەك وەڵام دێنن وەك: قبووڵكردن، فەرمـان بەجێهێنـان، دان نـان، بە هـەواڵدان و وەڵامدانەوە. ئەم دوو خشتەیەی خوارەوە، ئەم خاڵانە ڕوون دەكەنەوە[٢].

(1) Halliday, 1978, p68.

(٢) هەمان سەرچاوە ل٦٩.

لەم کردانەدا تەنیا دوویان وەڵامدانەوەن بەزمان: هەموو ئەوانی تر دەکرێ نازمانی بن، بەڵام لە ژیانی ڕۆژانەدا هەرچوار وەڵام دانەوەکە دەکرێ بەزمان بەجێ بێن، لەگەڵ یان بەبێ کارێکی نازمانی وەك لەم نموونانەدا دەردەکەوێ:

| گوێگر | قسەکەر |
|---|---|
| بەڵێ/ نەخێر | ئەم خانووەت بەدڵە؟ |
| فەرموو/ نەخێر | ئەم کتێبەم نادەیتێ؟ |
| تۆ بڵێی/ باوەڕ ناکەم | پارەکەی بۆ دەدات. |
| پارەکە/ نازانم | چی بۆ دەدات؟ |

کە قسەکەر خۆی دەبێتە گوێگر وریایی و ژیرییەکی زۆر دەنوێنێ. نەك هەر لە توانایدایە وەڵامەکان بەچەندین جۆری جیاواز بداتەوە، بەڵکو دەشتوانی هەر وەڵام نەداتەوە و شتومەکیش نەگۆڕێتەوە. قسەکەر دەتوانێ ڕێگە لە هەندێ لە وەڵامەکان بگرێت. بۆ نموونە بەبەکارهێنانی کلکە پرسیار قسەکەر گوێگر بەبیر دەهێنێتەوە کە ڕەزامەندی گوێگری دەوێ نەك ڕەتکردنەوە. بڕوانە:

پارەکەم دەدەیتێ؟ باشە؟

وانییە؟

دەبێ ئەوەش لە بیر نەچێت کە گۆڕینەوەی شتومەك کەمتر ئاڵۆزە لە گۆڕینەوەی هەواڵ و پرس و ئەو کردانەی زمانییان تێ دەکەوێ و هەر لەبەرئەوەشە کە لە فێربوونی زمانی دایکدا زووتر سەرهەڵدەدا و پەیدا دەبێت(١). ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لە گۆڕینەوەی زانیاریدا، گوێگر نەك هەر دەبێ گوێ بگرێ و کارێك بکات، بەڵکو دەشێ ڕۆڵێ

(1) Halliday, 1985, p70.

بنوێنێ. نكۆڵی لە كاری بكات جەخت لەسەر شتێ بكات یان زانیاری بدات.

كە زمان بۆ زانیاری گۆڕینەوە بەكار دێت، ڕستە یان كلۆز شێوەی پرۆپۆزیشن وەردەگرێ، واتە دەبێ بەشتێك كە دەكرێ تاوتوێ بكرێ، مشتومڕی بەدوودا بێت، نكۆڵی بكرێ جەختی بكەوێتە سەر، گومانی لێ بكرێ، بەدرۆ بخرێتەوە، بگۆڕدرێ، ڕەزامەندی وەربگرێ، هەڵ بگێڕدرێتەوە... هتد، بەڵام زاراوەی پروپۆزیشن هەموو ئەركێكی كارلێكی ناگرێتەوە، بەتایبەتی گۆڕینەوەی شمەك و راژە و بەخشین و فەرماندان دەكەونە دەرەوەی پرۆپۆزیشن، ئەمانە بەپێچەوانەی هەوڵدان و پرسیاركردنە، پرۆپۆزیشن نین، چونكە نە جەختیان لێ دەكرێ و نە نكۆڵی، لەگەڵ ئەمەشدا كە ڕستە لە ڕوانگەی زانیاری گۆڕینەوەوە سەیر دەكرێ، چاكتر وایە بەپرۆپۆزیشن دەست پێ بكەین. چونكە پرۆپۆزیشن قاڵبێكی ڕێزمانی ئاشكرا و سنوورداری لە زماندا هەیە.

**مۆدالكاری و بۆچوون:**

یەكێك لەو دیاردە زمانییانەی كە ڕاستەوخۆ پێوەندی بەڕستە وەك ئامرازێك بۆ گۆڕینەوەی زانیاری و كارلێكی نێوان قسەكەر و گوێگر هەیە پەیرەوی مۆدالكارییە لە زماندا. لەبەرئەوەی ئەم پەیرەوە زۆر كەم لە كوردیدا گوێی پێ دراوە، هەموو ئەم بەشە بۆ مۆدالكاری لە ڕوانگەی ئەركییەكانەوە تەرخان دەكەین:

**أ-** پێناسەی مۆدالكاری:

واتای مۆدالكاری لە زانستێكەوە بۆ یەكێكی تر دەگۆڕێ[(١)] لە زمانەوانیدا وەك زاراوەیەكی گشتی بۆ هەموو ئەو ڕێگایانە بەكار دێ كە

(١) توولن، ١٩٩٨، ل٤٦.

قسەکەر دەتوانێت بۆ دەربڕینی بیر و بۆچوونی خۆی بیانگرێتە بەر[١]. بەتایبەتی مۆدالکاری ئەو ئامێرە زمانییە دەگرێتەوە کە سنوورێك بۆ ئەو خۆ بەستنەوە و (ئیلتزام) ئیدیعایانە دادەنێ کە قسەکەر دەتوانێت لە زماندا بیکات.

بەداوی هالیدەیدا (١٩٩٤) دەکرێ چوار جۆر سنوور بۆ بیر و بۆچوونی قسەکەر بۆ گوتنەکەی بکێشین: (سنووری ئەگەر دانان، سنووری سەپاندن (پێویست)، سنووری ئارەزوو (ویستن)، سنووری ئاسایی (عادەتی). زۆربەی گوتنەکان ڕادەی بەهێزی و بێ هێزی ئەم چوار جۆر سنوورەیان تێدایە وەك لەم ڕستانەدا دەردەکەوێ:

١- أ- دڵنیام کیژێکی چاکە. (ئەگەر دانان)

ب- پێویستە ببینم. (سەپاندن/ ئیلتزام)

ج- حەز دەکات بێت. (ئارەزوو)

ء- زۆر نایەتە ئێرە. (عادەتی)

ب- دەربڕینی مۆدالکاری:

با لەم دوو ڕستەیە ورد بینەوە کە ڕاستییەك دەردەبڕن:

٢- أ- دارا لێرەیە.

ب- دارا لێرە نییە.

لە ڕوویەکەوە هەردوو ڕستەکە ڕەهان (مطلق)، بە ئەرێ (أ) یان نەرێ (ب). قسەکەر لە هەردوو ڕستەکەدا نە گومانی لە ڕاستییەکە هەیە نە هەست و بیری خۆی تێکەڵ کردووە. بەڵام لە نێوان ئەرێی ڕەها و نەرێی ڕەهادا دەکرێ چەندین ڕێگەی تر بگرینە بەر بۆ دەربڕینی ڕاستییەکە کە

(١) جون لاینز، ١٩٨٧، ص٥٢.

کـەمـتـر ڕەهــا بـن، بـەئـەرێ یـان نـەرێ. ئـەم ڕێگـایـانـە گـوتـن یـا ڕسـتـەی مۆدالکراو پێك دێنن جا لە جۆری ئەگەر دانان بێت یان عادەتی یان سەپاندن یان ئارەزوو. وەك لەم ڕستانەدا دەردەکەوێ:

٣- أ- ڕەنگە دارا لێرە بێت. (ئەگەر دانان)

ب- دەبێ دارا لێرە بێت. (سەپاندن)

ج- دارا دەیەوێ لێرە بێت. (ئارەزوو)

د- دارا ئێواران لێرەیە. (عادەتی)

ئەوەی دەبێ تێبینی بکرێ ئەوەیە کە هەموو ڕستەکانی کۆمەڵەی (٣) هەست و ڕا و بۆچوونی قسەکەر لە دوو توێی گوتنەکاندا دەدرکێنن. ئەم ڕستانە هەموویان پلەیەك کەمتر لە ئیلتزامی قسەکەر بەگوتنەکەیەوە دەردەبڕن. لە ڕستەکانی کۆمەڵەی (٢) چونکە لەمانەدا ئیلتزامی بەڕاستی ڕووداوەکەوە ڕەهایە، واتە لە سەدا سەدە، چونکە بە پێی بنەمای دروستی گرایس[١] قسەکەر ناشێ قسەیەك بکات کە لە دروستی بەتەواوی دڵنیا نەبێت، مەگەر بەمەبەستێکی تایبەتی خۆی.

یەکێك لەو ڕێگا ڕێزمانیانەی کەبە هۆیەوە هەست و بۆچوونی قسەکەر دەکەوێتە ڕوو ژمارەیەکی کەمن لە فەرمان کە زۆر بەکار دێن و واتای جیا جیاش دەدەن. وەك: دەبێ، دەوێ، دەشێ، دەکرێ، ... هتد کە دەکرێ بەفەرمانی مۆدالکاری ناو ببرێن. شایانی تێبینییە کە ئەم فەرمانانە دەچنە پێش ڕستەی ترەوە، بۆ گەیاندنی بیروڕای قسەکەر بەرامبەر گوتنەکەی دواوە:

٤- أ- من دەمەوێ بێیت. (ئارەزوو)

ب- دەشێ دواتر بێیت. (ئەگەر دانان یان ڕێگەدان)

(1) Grice, 1986, p101.

ج– دەکرێ دواتر بێیت. (ڕێگەدان)

د– دەبێ دواتر بێیت. (ڕێگەدان)

هـ– دەبێ ئێستە بگات. (سەپاندن)

و– دەتوانێت نەیەت. (ڕێگەدان)

ن– دەتوانی سەیارە باژۆیت. (توانا)

هەروەها لە ڕستەی (د، هـ) و ڕستەکانی (و، ن)دا دەردەکەوێ هەندێ لەم فەرمانانە دوو واتا یان زیاتر بەپێی دەوروبەری قسە دەتوانن دەربڕن. لەم ڕووەوە (دەبێ) تەواو چالاکە. سەیری ئەم ڕستانە بکە:

٥– أ– دەبێ بڕۆم. (ئیلتزام)

ب– دەبێ نەیەیت بۆ نا؟ (ڕێگەدان)

٦– أ– فیل هێلکە دەکات؟

ب– هەموو شتێك دەبێ. (ئیحتمال)

هەندێ لەم کردارانە کە لەگەڵ یەکتردا بەراورد دەکرێن و لەگەڵ نەبوونیاندا دەبینن کە پەیژەیەك دروست دەکەن کە پلەی مۆدالکارییان بەرەو سەرەوە بەپلە دادەبەزێ یان سەردەکەوێ بۆ نموونە ڕستەی (أ) لە (٧) پلەی ئەگەری زیاترە لە (ب)، (ب) زیاترە لە (ج).

٧– أ– بەیانی دێت.

ب– دەبێ بەیانی بێت.

ج– ڕەنگە بەیانی بێت.

ج– ڕێگاکانی دەربڕینی مۆدالکاری:

أ– بەهۆی کردارەوە:

هەروەك نموونەکانی پێشتر ڕوونی دەکەنەوە، زمانی کوردی چەند

کارێکی تێدایە کە ئەرکی سەرەکییان دەربڕینی بۆچوونی قسەکەرە وەك: دەشێ، دەبێ، دەمەوێ، دەکرێ، دەتوانرێ (دەتوانی) ... هتد.

- **دەشێ** ئەو گەڵایەی لە پایزا ئەوەرێ بگەڕێتەوە لای لقەکەی. (هەڵۆ، ل ١١٩)

- **دەیەوێت** زوو بگاتەوە ماڵێ. (هەڵۆ، ل ١١)

- باوکە **دەمەوێت** بچمە چیای ئەفسوون و ببمە هەڵۆ. (هەڵۆ، ل ١٦)

- **دەمەوێ** هەردەم گەشاوە بی، شادمان بی، **دەمەوێ** دەرد و ئەشکەنجەی ساڵانی پێشووت لە بیر ببەمەوە.

(ڕەشپۆشیکی جیهانی چوارەم، ل ٤٧)

- دارا لەنەوپاش **دەبێ** گەلێ خۆ ماندووکەن، بەخۆت و بەبرات، **دەبێ** هەردەم لە ناو کارگە بخولێنەوە ...

(کانگەی بەلا، ل٤)

- **دەشێ** بیەوێت تۆڵەی ئەوەم لێ بسێنێ کە چارەکە سەدەیەکە نەم دواندووە...

(ڕەشپۆشێکی جیهانی چوارەم، ل ١٢٦)

- **دەبێ** گڕی دەروون و فرمێسکی شاراوەی چاوەکانم و وشە خنکاوەکانی گەرووم بکەم بەزەردەخەنە و بەسەر لێوە هەڵبزرکاوەکانیان دابەش کەم.

(ڕەشپۆشێکی جیهانی چوارەم، ل ١٠٠)

- **دەتوانی** ناسنامەکەت پشان بدەی، پەساپۆرتەکەت دەربینی و کە هەموو شتێکی تایبەتی تۆی تێدایە.

(داغستانی من، ب ١، ل ٣٠)

- **دەکرێ** لە دەرەوە دەستی درێژ کردبێ و لە پشتەوە دایخستبێ.

(درز، ل ١٣٧)

– **دەكرێ** كە هاتە بەردەرگای ماڵەكەم وتی سەلام و عەلەیك، من بڵێم نەعەلەیكە سەلام و بڕۆ وەل بە؟!

(گەلەگورگ، ل ٧٨)

– كردارە مۆدالكارەكان دەكرێن بەچەند پۆلێكەوە:

**١– كردارەكانی ویستن** وەك: ئارەزوو كرد، حەزكرد، ویستی، خواستی..هتد كە لەگەڵ هەموو كات و ئەسپێكتەكاندا بەكار دێن. وەك:

– حەز دەكەم ببینم.

–دەمویست بیخۆم.

– حەزم كردبا دەچووم.

– ئارەزوو دەكەم بڕۆم.

– ئەیویست شووشەكە بشكێنێت و بێتە ئەمدیو. (هەلۆ، ل١٦٨)

**٢– كردارەكانی ڕێگاپێدان** وەك: ماوە هەبوو، ڕێگەدا، ڕێگەی پێ دا، مۆڵەتی هەبوو.. هتد كە لەم نموونانەدا دەبینرێن:

– ماوە هەیە بێمە ژوورێ.

– ڕێگەم دەدەیت شتێ بڵێم.

– مۆڵەتت دەدەمێ بڕۆیت.

كرداری (توانی) بۆ ڕێگەپێدان بەكاردێ.

– بمتوانایە سەرم لێ دەدایت.

– ناتوانی ڕابكەیت.

**٣– كردارەكانی هەستكردن** و بەبیرداهاتن و لەوە چوون و پێچوون.. هتد

– وا دێتە بەرچاوم مناڵەكە نەخۆش بێت.

– پێ دەچی قسەیان لەگەڵ یەکتردا نەبێت.

– لەوە ناچێت پیاوێکی باش بێت.

– وای بەبیردا هات شارەکە بەجێ بهێڵێ.

**٤– کردارەکانی پێویست و ئامۆژگاری و ئاگادارکردنەوە:**

– پێویستە بتبینێ.

– ناکرێ نەبەیت.

– ئاگات لێ بێت نەڕوات.

– ئاگادار بە ڕانەکات.

**٥– کردارەکانی پێشبینی و بۆچوون:**

– وای بۆ دەچم نەیەت.

– پێشبینی ئەوە دەکەم سەرنەکەوین.

– دەنا من وای بۆ دەچم: ئۆمەر هێشتا نەهاتووەتەوە. (کوێخا سێوێ، ل٥٠)

**٦– کردارەکانی واپێکردن و والێکردن:**

– وات پێ دەکەم خۆت لە بیر چێت.

– وای لێ کردم لەو ناوە نەمێنم.

**٧– کردارەکانی نیازو پێشنیاز:**

– نیازم وەهایە سەرتان لێدەم.

– پێشنیاز دەکەم بڕۆین[١]/ چاوەڕێی ئەمە نەبووم.

**٨– کردارەکانی گفت پێدان:**

– گفت دەدەم لێرە نەجووڵێم.

(١) فەرەیدوون عەبدول، ١٩٩٧، ل ١٩.

– بەڵێن بێت ئەم نهێنییە نەدرکێنم.

– گفتم داوە نابێ تاقەکەس لەم گوندەدا بکوژم، پیاو کە گفتی دا دەبێ بیگەیەنێتە جێ

(داغستانی من، ل ١٠٣)

**٩– کرداری پێخۆشبوون:**

– پێم خۆش نەبوو وات کرد.

– پێم ناخۆش نییە لەوێ بیت.

من حەزم بەتەنیاییە، کەچی لام خۆش بوو لەگەڵتا بم. (هەڵۆ، ل ١٢٧)

**١٠– کرداری ڕاهاتن و خۆ ڕاهێنان:**

– ئەو ڕاهاتووە کەم بخوات.

– وا لەگەڵیا ڕاهاتووم لە زۆر ژیانی ترم لا خۆشترە، (هەڵۆ، ل ١٢٤)

– ڕاهاتبوو بەدەنگی بەرز نەگری. (گەلەگورگ، ل ٣٤)

ب– بەهۆی هەندێ ڕستەوە کە ڕستەی تر لە ئامێز دەگرێ، واتە دەیانکاتە پاڕستە وەك: باشترە، شەرت بێت، دەڵێن، وا بلاوە، وا باوە، لەوانەیە، ڕەنگە،... هتد.

– باشترە بەماڵەوە کۆچ کەیت.

– وا باوبوو کە دۆڕاون.

– شەرت بێت یارمەتیت نەدەم.

– دەڵێن شەڕ دەبێت.

ج– بەهۆی هەندێ دەربڕینەوە کە دوعاکردن دەگەیەنێت وەك: خوا لە ناوی دەمت بدا، باوانت شێوێت، سەرت لە قوڕینییت، بێ چاوێنی بێت،... هتد.

– خوا لەناوی دەمت بدا چ منالێکی!

– خوا لەوە گێلترت بکات.

– باوانت شێویٚ بۆ وا دەکەی؟

– بیٚ چاوێنی بێت بالآی کردووە.

– خوا بیکات ببی بەخاوەنی ماڵ و منداڵ.

– یاخوا بەرەبابتان پیاو و ئەسپی تێدا نەمێنیٚ. (داغستانی من، ل٧٧)

د– بەبەکارهێنانی هەندیٚ نیشانەی پراگماتیکی کە لە دەرەوەی ڕۆنانی ڕستەکە دەوەستن، واتە نابنە کەرەستەیەکی بنەڕەتی ڕستە وەك (بکەر یان کار یان بەرکار یان تەواوکەر): دەبا، با، دەسا، جا،... هتد.

– تا زووە بابڕۆین.

– دەبا هەستین درەنگە.

– دەسا ئەوە هەر نابێت.

– جا هیچ نەبیٚ بهاتیتایە ئەوەت پیٚ بوتمایە. (ڕەشپۆشێکی جیهانی چوارەم، ل٣٣)

هـ– بەبەکارهێنانی هەندیٚ ئاوەڵکار یان ئاوەڵگوزارە وەك: هەمیشە، دایم، ئاسایی، هەرگیز، مسۆگەر هتد.

– هەمیشە لەویٚ دادەنیشیٚ.

– ئاسایی ئێواران لە ماڵەوەیە.

– هەرگیز ناکەوێتە ماڵەوە.

– دایم دەکرۆزیتەوە.

– هەرگیز دوانەکەیم لە بیر ناچیٚ. (داغستانی من، ل٨١)

و– بەهۆی بەکارهێنانی مۆرفێمی ئیلزامی (ب ...) کە بەزۆری گومان دەردەبڕێ. وەك:

– بڕۆین یان نەڕۆین.

– بخۆم؟

ئەم مۆرفێمە بەزۆری لەگەڵ کرداره مۆداڵکدارەکاندا پێکەوە مۆداڵکاری دروست دەکەن وەك:

– بڵێن بێت بڕۆم.

– پێم خۆش بوو بێت.

– ڕاهاتووە کەم بخوات.

یان لەگەڵ کاشکێ و ئەگەر هەمان ئەرك دەبینێ.

– ئەگەر بێت، دەیبینم.

– ئەگەر بهاتایە، دەمبینی.

– کاشکێ زووتر بهاتایە.

دیسان لەگەڵ نیشانە پراگماتیکییەکاندا بەیەکەوە دەبینرێن:

– با بڕوات.

– دەبا بڕوات.

ن– ڕێگایەکی تر بۆ دەربڕینی مۆداڵکاری بەکارهێنانی پارستەی مەرج و گومانە کە ئامرازی بەستنی ئەگەر ڕۆڵێکی گەورەی تێدا دەبینێ:

– ئەگەر بێت دەیبینم.

– بێت دەیبینم.

- مەگەر خۆی بکوژی.

م- هەروەها پارستەی نیاز و مەبەست بۆ هەمان مەبەست بەکار دێن، واتە مۆداڵکاری دەگەیەنن، ئەم ڕستانە بەزۆری بە (بۆ ئەوەی) و (تا) یان (بەو نیازەی) دەست پێ دەکەن:

- دەچم بۆ ئەوەی بیبینم.

- هات تا بتانبینی.

- بەو نیازەم سەرتان لێ بدەم.

- نیازم وایە سەرتان لێ بدەم.

- وام نیاز بوو چەپکێکت بۆ بێنم هەمەڕەنگ، هەر گوڵەی لە شوێنێك، بەڵام بمبەخشە نەمتوانی. (ڕەشپۆش، ل ٥٥)

ی- هەندێ جار مۆداڵکاری بەکۆبوونەوەی پرس و مۆرفێمی (ب...) دروست دەبێت:

- بڕۆم یان نەڕۆم؟
- چی بکەم؟
- چۆن بڕۆم؟
- ئەرێ چی بکەم باشە؟
- کەی بچین بۆ دەرەوە؟

٣- مۆداڵکاری و جۆرەکانی ڕستە:

دابەشکردنی ڕستە بۆ هەواڵ گەیەن و پرس و فەرمان و سەرسوڕمان لە لایەك و بۆ ئینشائی و ئیلزامی لە لایەکی ترەوە پێوەندییەکی پتەوی بەمۆداڵکارییەوە هەیە، واتە ئەم دوو جۆر دابەشکردنە لە ڕوانگەی

قسەکەرەوەیە و لە هەردوو جۆرەکەدا قسەکەر تێڕوانینی خۆی بۆ دەوروبەر و هاوبەشەکانی گوتن و نامەکەی کە دەیەوێ بیگەیەنێت دەردەبڕێ. بۆ نموونە لە ڕستەی هەواڵ گەیاندندا قسەکەر خۆی دەکات بەشایەت و بەخت لەسەر دروستی نامەکە یان هەواڵەکە دەکات و گوێگر دڵنیا دەکات کە گوتنەکە دروستە و ئەو دڵنیایە لە ڕاستی نامەکە وەك لە پەڕاوێزی ئەم ڕستانەدا دەردەکەوێ:

١– دارا دوو ژنی هەیە. (بەواتای ئەوە دێ کە دڵنیات دەکەم لەوەی کە دارا دوو ژنی هەیە، نە زیاتر و نە کەمتر من بەڵگەی تەواوم بۆ ئەم قسەیە هەیە و دڵنیام لە ڕاستی هەواڵەکە).

٢– دارا دوو ژنی هەیە؟ (من وەك قسەکەر دڵنیا نیم لە دروستی گوتنەکە و حەز دەکەم بۆم ساغ بکەیتەوە ئایا ئەم هەواڵە ڕاستە یان نا؟).

٣– دارا دوو ژنی هەیە! (گومانم لە دروستی هەواڵەکە نییە، بەڵام سەرم لەم کارە سوڕماوە و هەواڵەکە بەسەیر دەزانم).

٤– دارا چەند ژنی هەیە؟ (من دەزانم دارا زیاتر لە ژنێکی هەیە، بەڵام بەتەواوی لە ژمارەیان دڵنیا نیم. دەمەوێ ئەگەر زانیاریت لەم بارەیەوە هەیە ژمارەی ژنەکانیم پێ بڵێی).

٥– ئەو کتێبانە بێنەوە. (من لە بارێکدام کە دەتوانم داوات لێ بکەم کتێبەکان بگەڕێنێتەوە. جا لەبەرئەوە بێت کە کتێبەکان هی خۆمە یان هی کتێبخانەیە و من لێی بەرپرسم. من دەتوانم فەرمانت پێ بکەم).

هەروەها دابەشکردنی ڕستە بۆ ئینشائی (اخباری) و ئیلزامی کە زۆر ڕێکوپێك و بەربلاوە لە کوردیدا دیسان پێوەندی بە بیروڕا و بۆچوونی قسەکەرەوە هەیە بۆ ئەو هەواڵە یان ئەو نامەیەی کە دەیەوێ بیگەیەنێ، بۆ نموونە ڕێژەی ئیلزامی هەمیشە بۆ دەربڕینی شك و گومان و دڵەڕاوکێ دێ

و له هەموو تافەكاندا بەكار دێ[1]. وەك لەم دوو خشتەیەی خوارەوەدا دەبینین:

ڕانەبردوو

| تاف | ئینشائی | ئیلزامی |
| --- | --- | --- |
| ڕانەبردوو | دەڕۆم<br>دەكەم | بڕۆم<br>بكەم |

ڕابردوو

| تاف | ئینشائی | ئیلزامی |
| --- | --- | --- |
| ١– ڕابردووی سادە | ڕۆیشتم | ڕۆیشتبام |
| | كردم | كردبام |
| ٢– ڕابردووی بەردەوام | دەڕۆیشتم | بڕۆیشتمایە |
| | دەمكرد | بمكردایە |
| ٣– ڕابردووی تەواو | ڕۆیشتووم | ڕۆیشتبم |
| | كردوومە | كردبم |
| ٤– ڕابردووی دوور | ڕۆیشتبووم | ڕۆیشتبوومایە |
| | كردبووم | كردبوومایە |

(١) محەمەد مەعرووف فەتاح، ١٩٩٧ ل١٥٦– ١٥٧.

ئاشكراترین و دیارترین جیاوازی لە نێوان ڕێژەی ئینشائی و ئیلزامیدا لەوەدایە کە یەکەمیان دڵنیایی قسەکەر لە نامەکەی دەگەیەنێت و دووەمیان گومان و دڵەڕاوکێ، هەر لەبەرئەمەشە کە ڕێژەی ئیلزامی بۆ خۆزگە و نیاز و دوعا و ئەگەر، ... دەبێ وەك لەم ڕستانەدا بە دیار دەکەوێ:

١- ئەگەر ڕۆیشتبام دەمبینی
بڕۆیشتمایە دەمبینی
ڕۆیشتبم خوا کوێرم بکات
بڕۆم دەیبینم

٢- خۆزگە * ڕۆیشتم
* ڕۆیشتووم
* ڕۆیشتبووم

٤- نواندنی مۆداڵکاری لە ڕێزمانی ئەرکیدا:

هەروەك لە پێشتردا ئاماژەمان کرد ڕێزمانی ئەرکی زیاتر لە هەموو ڕێزمانەکانی تر گرینگی بەمۆداڵکاری دەدات، چونکە ڕێگەیەکی کاریگەرە بۆ دەربڕینی هەست و بۆچوونی قسەکەر بەرامبەر گوتنەکەی یان هاوبەشەکانی گوتن. هەر لەبەرئەم گرینگیەشە کە ڕێزمانەکەی هاڵیدەی وەك ئاستێك لە ئاستەکانی ڕستە شوێنی بۆ مۆداڵکاری لە شیکردنەوەکەی داناوە.

بەپێی مۆداڵکاری هاڵیدەی ڕستە دەکات بەدوو بەشەوە: بەشی مۆداڵکاری و بەشی بێ مۆداڵکاری (پاشماوە). بەشی مۆداڵکاری ڕستە ئاسایی لە بکەر و کاری ڕستە و ئەو کردارانە پێکدێ کە مۆداڵکاری دەردەبڕن؛ هەموو کەرتەکانی تری ڕستە دەبنە پاشماوە وەك لەم شیکردنانەوانەی خوارەوەدا دەردەکەوێ:

١- ڕستەی هەواڵگەیاندن:

| | |
|---|---|
| دوێنێ | منداڵەکان گەیشتن.<br>↓ ↓<br>بکەر کار |
| پاشماوە | مۆداڵکاری |

٢- ڕستەی پرسی گشتی:

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئەرێ<br>↓<br>ئامرازی پرسی | منداڵەکان<br>↓<br>بکەر | دوێنێ | گەیشتن؟<br>↓<br>کار |
| مۆداڵکاری | | پاشماوە | مۆداڵکاری |

٣- ڕستەی کلکە پرسیار:

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئێوە<br>↓<br>بکەر | دێن<br>↓<br>کار | لەگەڵماندا | ، وانییە؟<br>↓<br>کلکە پرسیار |
| مۆداڵکاری | | پاشماوە | مۆداڵکاری |

٤– ڕستەی پرسی تایبەتی:

| | | | |
|---|---|---|---|
| کێ ↓ بکەر/ئامراز | بەیانی | دێت ↓ کار | لەگەڵتاندا؟ |
| مۆداڵکاری | پاشماوە | مۆداڵکاری | پاشماوە |

٥– ڕستەی هەواڵگەیاندنی ئەگەری:

| | | |
|---|---|---|
| لەوانەیە ↓ ئاوەڵگوزارە — ئەوان ↓ بکەر | سبەینێ | نەیەن ↓ کار |
| مۆداڵکاری | پاشماوە | مۆداڵکاری |

٦– ڕستەی هەواڵگەیاندنی خۆزگەیی:

| | | |
|---|---|---|
| خۆزگە ↓ | دوێنێ | بمدیبا. ↓ بکەر و کار |
| مۆداڵکاری | پاشماوە | مۆداڵکاری |

٧- ڕستەی هەواڵگەیاندنی توانین:

| | | | |
|---|---|---|---|
| من | دەتوانم | سبەینێ | بێم |
| ↓ | ↓ | | ↓ |
| بکەر | کار | | بکەر و کار |
| مۆداڵکاری | | پاشماوە | مۆداڵکاری |

٨- ڕستەی هەواڵگەیاندنی ئیلزامی:

| | | |
|---|---|---|
| دەبێ | بەیانی لەگەڵ ئێوە | بێین |
| ↓ | | ↓ |
| کار | | بکەر و کار |
| مۆداڵکاری | پاشماوە | مۆداڵکاری |

٩- ڕستەی مەرج:

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئەگەر | بڕوات | بەئێوە | دەڵێت |
| ↓ | ↓ | | ↓ |
| ئامرازی مەرج | کار و بکەر | | کار و بکەر |
| مۆداڵکاری | | پاشماوە | مۆداڵکاری |

بەشی چوارەم

# دەرەوەی ڕستە "ئەرکی تێکستی"

## سەرەتا

لــە ڕووی زانــیــاری گــەیــانــدنــەوە ڕستــە دەکــرێ بــەدوو بــەشەوە: بــاس و خواس.[1] بـاس ئەو بەشەیە کە بـابەتی ڕستەکە دەردەخـات، یـان ئەو شتە پــیشان دەدات کــە بــاسی لــێوە دەکــرێ. خــواس هــەواڵــێکــی بــاس دەدات بــەدەستــەوە یــان زانــیــارییــەك لــە بــارەی بــاسەوە دەگــەیــەنــێ. بــەمــجــۆرە لــە ڕستەیەکی وەك:

١- براکەی خانووەکەی سووتاند.

(براکەی) باسی ڕستەکەیە، چونکە ئەو بەشەیە کە گوێگر دەیناسێ و زانــیــاری کــۆنــتــرە و هــەمــوو ڕستــەکــە لــە بــارەی ئــەوەوەیــە، واتــە تــەوەری ڕستەکەیە. (خانووەکەی سووتاند) دەبێتە خواسی ڕستەکە، چونکە هەواڵێکە دەربارەی (براکەی) یان زانیارییەکی نوێیە دەربارەی باس کە گوێگر بۆ یەکەمجار دەیبیستێ.

هاڵیدەی لە ڕێزمانە ئەرکیەکەیدا بەمجۆرە پێناسەی (باس) دەکات:[2].

(باس خاڵی لادانە لە نامەدا، ئەو شتەیە کە پاڕستەکە خەریکێتی).

لە کوردیدا (باس) لە سەرەتای ڕستەدا دێ، واتە هەر شتێ هەڵبژێردرا بە(باس) دەبێت پێشی ڕستەی بدرێتێ. لە ڕستەی:

٢- یانەکە بەشەو دادەخرێ.

گرێی نـاوی (یـانـەکـە) دەبـێتـە (بـاس) و دەچـێتـە پێشەوەی ڕستـەکـە،

(١) مەبەست لە باس و خواس واتا دێرینەکە نییە کە بەشی نیهاد و گوزارە دەگرێتەوە، بەڵکو بەزاراوەیەکی نوێ بەکارهاتووە بەپێی ڕێبازی ئەرکی.

(2) Halliday, 1985, p38.


هەرچی (خواسە) بەشی دواوەی ڕستەکەی دەدرێتێ، واتە ئەو بەشەی (باس) گەشە پێ دەکات دەبێ لە دواترەوەبێت. بەڵام ناکرێ (باس) لە چوارچێوەی شوێندا پێناسە بکرێ، چونکە شوێن خاڵی گرینگ نییە لێرەدا کە خۆی زاراوەیەکی ئەرکی بێت. (باس) کەرەسەیەکە لە ڕۆنانی ڕستەدا کاتێ ڕستە وەك نامەیەك سەیر بکرێ، واتە لە ڕووی ئەو زانیارییەوە کە دەیگەیەنێ. لە ڕۆنانی وەهادا (باس) ئەو بابەتەیە کە ڕستەکە لێی دەدوێ.

- **باس و خواس، کۆن و نوێی**[1]: Theme and Rheme

لە ڕێزمانی ئەرکی هاڵیدەیدا جیاوازییەك لە نێوان (باس و خواس) لە لایەك و (کۆن و نوێ) یان (دراو و نوێ) لە لایەکی ترەوە دەکرێ. (کۆن و نوێ) یان (دراو و نوێ) پێوەندی ڕاستەوخۆی بەو زانیارییەوە هەیە کە لە دوو توێی ڕستەکەدا دێ، واتە کاتێ بەکار دێ کە ڕستە وەك یەکەیەکی زانیاری گەیاندن تەماشا بکرێ. لەم بارەدا (باس) زانیاری (کۆن) یان (دراو) دەدات و (خواس)یش زانیاری نوێ یان نەزانراوە، بەڵام ئەمە تەنیا لەو کاتانەدا دەبێ کە (باس) نیشانە نەکرابێت یان ئاسایی بێت (unmarked Theme).

لە نموونەی نیشانەکراودا، لە بارەی نائاساییدا (Marked Theme) (باس) زانیاری نوێ و (خواس)یش زانیاری زانراو یان کۆن دەدات بەدەستەوە. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم خاڵانە سەیری ئەم ڕستانە بکە:

٣- ١- أ- ئێوە کەی گەیشتن؟




(١) جفری سامسون، ١٩٩٧، ص١٠٦.

٢– أ– براكەت لە كوێ دەژی؟

ب– لە دەرەوەی كوردستان.

↓

باس/نوێ

جیاكردنەوەی كۆن و نوێی مەرج نییە هەر لە ئاخاوتندا بكرێ وەك لەو نموونانەی سەرەوەدا دەردەكەوێ. تەنانەت لە سنووری تاكە ڕستەیەكیشدا قسەكەر و گوێگر دەتوانن زانیاری كۆن و نوێ دیاری بكەن بەهۆی دەوروبەرەوە كە نەك هەر پلە و پایەی هاوبەشەكان، بەڵكو زانیاری هاوبەش و بیروباوەڕیان و باری قسەكردنیش دەگرێتە خۆ. بۆ نموونە لە ڕستەی (٤)دا (من) دەبێتە (باس) بەڵام نابێتە نوێ بەهۆی دەوروبەرەوە:

٤– من لەگەڵ تۆ نایەم.

↓ ↓

باس/كۆن خواس/نوێ

دەبێ تێبینی ئەوە بكەین كە هەندێ جار هەموو ڕستەكە دەبێتە نوێ بەڵام باس هەر كەرەسەی یەكەم دەبێ:

٥– أ– چی ڕووی داوە وا پەستن؟

ب– خانووەكەیان سووتاوە.

↓

باس

نوێ

**باساندن له‌ کوردیدا:**

له‌ کوردیدا ڕۆنانی باس له‌ ڕسته‌دا په‌یوه‌ندی ته‌واوی به‌په‌یڕه‌وی مووده‌وه‌ هه‌یه‌، چونکه‌ زاراوه‌کانی په‌یڕه‌وی موود (جۆری ڕسته‌) هه‌ر جاره‌ که‌رسته‌یه‌کی جیاواز ده‌نێرێته‌ پێشه‌وه‌ی ڕسته‌. به‌شێوه‌یه‌کی گشتی په‌یڕه‌وی موود له‌ کوردیدا له‌ سێ جۆر ڕسته‌دا ده‌بینرێ.

١- ڕسته‌ی هه‌واڵدان (ڕێژه‌ی ئیخباری)

٢- ڕسته‌ی پرسیار (تایبه‌تی یان گشتی)

٣- ڕسته‌ فرمان (ئه‌رێ یان نه‌رێ)

**١- باس له‌ ڕسته‌ی هه‌واڵداندا:**

له‌ ڕسته‌ی هه‌واڵداندا (بکه‌ر) به‌زۆری به‌شی پێشه‌وه‌ی ڕسته‌ ده‌گرێ و ده‌بێته‌ باسی نیشانه‌ نه‌کراو یان ئاسایی. له‌ ڕووی ئه‌رکی نامه‌گه‌یاندنه‌وه‌ سه‌یرێکی ئه‌م ڕستانه‌ بکه‌:

٦- أ- جووتیار زه‌وی ده‌کێڵێ.

ب- منداڵه‌که‌ که‌وته‌ خوارێ.

ج- میوانه‌کان ڕۆیشتن.

باسی نیشانه‌ نه‌کراو له‌م ڕستانه‌ی سه‌ره‌وه‌دا گرێی ناوی (جووتیار، منداڵه‌که‌، میوانه‌کان)ن. له‌ هه‌رسێ ڕسته‌که‌ (خواس) گرێی کاره‌کانن.

زمانی کوردی به‌زۆری (بکه‌ر) و (باس) له‌ یه‌ك که‌ره‌سه‌دا ده‌گه‌یه‌نێت، ئه‌مه‌ نه‌ك هه‌ر له‌ ڕسته‌ی بکه‌ر دیاردا، به‌ڵکو له‌ ڕسته‌ی بکه‌ر نادیاریشدا ده‌رده‌که‌وێ که‌ تێیدا به‌رکاری ڕسته‌ی دیار ده‌چێته‌ پێشه‌وه‌ (شوێنی بکه‌ر)

و دەبێتە بکەر و باس لە هەمان کاتدا:

٧- أ- خانووەکە فرۆشرا.

ب- ئەم کارە بەمن ناکرێ.

کردنی (خانووەکە) و (ئەم کارە) بەبکەر ڕێگەی ئەوەمان دەداتێ کە بکەرەکە بکەینە باس. بەمەش دەتوانین بەپێی کۆن و نوێ زانیاری ڕستەکە داڕێژینەوە: کارای ڕستەکە دەرپەڕێنراوە و باسلێکراو ئەرکی بکەر و باس دەبینێ و هاتۆتە پێشەوە.

لە ڕستەی هەواڵدانی ئاساییدا (باس) دەتوانێ بەچەند ڕەگەزێك یان کاتیگۆرییەك دەرببڕێت:

١- ناو یان ڕاناو یان گرێی ناوی

٨- أ- هەور بەری ئاسمانی گرتبوو.

↓ ↓

ناو/باس خواس

ب- ئـــەو نایەت. بەتەمای مەبە.

↓ ↓

ڕاناو/باس خواس

ج- چۆلەکەکانی سەرگیسوانەی دوکانەکان لە شەقەی باڵیان دا.

(ڕەشپۆشێك، ل٨٠)

↓ ↓

گ ن/باس خواس

٢- گرێی ئاوەڵکاری (کات، شوێن،.. هتد) ئەمانەش بەئاوەڵکار یان بەگرێی ناوی یان گرێی بەند یان پارستە دێتە دروستبوون:

٩- أ- دووەم شەوی گەشتەکەمان باران بوو.

ئاوەڵکاری کات/باس　　خواس

ب- ئەو شارە جوانە خەمی دنیای لێ نیشتبوو.

ئاوەڵکاری شوێن/باس　　خواس

ج- ئێوارە بوو ئەوان هاتن.

کات/باس　　خواس

د- کە ئێوارە داهات هەموو خەڵکەکە لەبەر ئاگرەکەی ئێمەدا کۆ بووبوونەوە.
(چیرۆکەکانی مەم، ل٣٢)

پارستەی ئاوەڵکار/باس　　خواس

٣- ڕاناوی نیشانە (کە لە شێوەی ئەوە یان ئەمە، ئەوانە، ئەمانە)دابێت.

١٠- أ- ئەوە سەرتی لەسەر سنگت بەرز کردەوە. (توێشوی سەفەرێکی سەخت، ل١٩)

ڕاناوی نیشانە/باس　　خواس

ب- ئەمانە ئیتر لەگەڵ دەرەبەگایەتیدا هەڵ ناکەن.

ڕاناوی نیشانە/باس　　خواس

٤– پـاڕسـتـەی پـاشکـەوتـووی گـەیـەنـەر: ئـەم جـۆرە پـاڕسـتـەیـە بـەدوای ناوێکدا دێ و پێکەوە دەبنە (باس):

أ– ئەو خێزانەی تاوێ لەوەوپێش گەیشتن منداڵێکیان پێ بوو.

(ڕەشپۆشێک، ل١٣٠)

خواس — پارستە/باس

ب– ئەو ترس و لەرزەی لە منداڵییەوە سەر و دڵمی سمی بوو بەوشە جوانەکانی ڕەوییەوە.

خواس — پاڕستە/باس

(ڕەشپۆشێک ل١٣٧)

ج– کۆمەڵیش کە پێکهاتووە لە هەردووکان، هەرگیزاو هەرگیز سەربەخۆ نابێ.

(کانگەی بەلا، ل٧٦)

خواس — پارستە/باس

لەم دەقەی خوارەوەدا دەتوانین باسەکان بەم شێوەیە دەستنیشان بکەین.[١]

١٢– (ئێمە لە منداڵیرا بیر و هۆشمان بەمجۆرە شتانە گۆش کرابوو، جا

باس

لەبەرئەمە ئەگەر نیوەی جیهان بووبایە مولکمان وامان دەزانی هیچمان نییە ١. بەڕاستی من لە ئەنجامی ئەزموونی ژیانی ڕابردووم و لە ئەنجامی

باس

ئەم چەرمەسەرییە دەروونییانەی کە دووچاری بووم.. بۆم دەرکەوت کەوا دوو جۆرە هەژاری هەیە ٢.... جۆرێکیان ئەو چینەن کە داهاتیان لە ڕادەی

باس

(١) بەدەسکارییەوەی خاڵبەندی وەرگیراوە لە کانگەی بەلا، ل٢٥.

پێویستییە ڕاستەقینەکانی ژیان کەمتر بێ، بەڵام جۆری دووەم لە هەژاری
باس

ئەو کەسانەن کە دەروونیان هەژارە، بەهیچ شتێ تێر ناخۆن و هەردەم چاوبرسین ٣. جۆری یەکەم چارەسەرکردنی ئاسانترە، چونکە بەبەرزکردنەوەی
باس باس

ڕادەی داهاتی مرۆڤ چارەسەر دەکرێ، بەڵام جۆری دووەم بەڕای من لەسەر
باس

دنیا هیچ دەرمانێکی بۆ نییە٤).

هەر کاتێك ڕستە بەکەرەستەیەك دەست پێ بکات کە بکەری ڕستە نەبێت، ئەوا ئەو کەرەستەیە (باسێکی نیشانە کراوە) یان نائاساییە. لە باسی نائاساییدا لەوانەیە، (بەرکار، ئاوەڵکار، گرێی بەند... هتد) باسەکە پێك بهێنێت وەك لەم ڕستانەدا دەبینین:

| | |
|---|---|
| ١٣- أ- پەشیمانان کلکیان لێ دەڕوێ. | (گ ناوی) |
| ب- مامۆستا کوڕەکەی دیار نییە. | (گ ناوی) |
| ج- شتی وەهام نەکردووە. | (گ ناوی) |
| د- دارەکە گەڵاکەی وەریوە. | (گ ناوی) |
| هـ- بۆ من نابیت وا بکەم. | (گ بەند) |
| و- ئەم چیایە داری لێ ناڕوێ. | (گ ناوی) |
| ن- گەلێ جار یارمەتیم داوی. | (ئاوەڵکار) |

هەریەك لەمانە بە(باسێکی نیشانەکراو) واتە نائاسایی دەست پێ دەکەن. ڕستە ئاساییەکان کە بەبکەر دەست پێ دەکەن بەمجۆرەن:

١٤- أ- كلك لە پەشیمانان دەڕوێ.

ب- کوڕەکەی مامۆستا دیار نییە.

ج- من شتی وەهام نەکردووە.

د- گەڵای دارەکە وەریوە.

هـ- من نابێت وا بکەم.

و- دار لەم چیایە ناڕوێ.

ن- من گەلێ جار یارمەتیم داوی.

لە ڕووی باس و خواسەوە ئەم ڕستە نائاساییانەی سەرەوە بەم شێوەیە دابەش دەبن:

| باس Theme | خواس Rheme |
|---|---|
| پەشیمانان | کلکیان لێ دەڕوێ. |
| مامۆستا | کوڕەکەی دیار نییە. |
| شتی وەهام | نەکردووە. |
| دارەکە | گەڵاکەی وەریوە. |
| بۆ من | نابێت وا بکەم. |
| ئەم چیایە | داری لێ ناڕوێ. |
| گەلێ جار | یارمەتیم داوی. |

**٢- باس لە ڕستەی پرسدا:**

چەند جۆرێك ڕستەی پرس لە کوردیدا هەیە. بڵاوترینیان پرسی گشتی و پرسی تایبەتییە. پرسی گشتی یان بە(ئا) یان (نا) یان بەئاوەڵکارێکی تر

وەڵام دەدرێتەوە. پرسی گشتی لە کوردیدا بەدوو ڕێگا دروست دەبێ:

١- بەبەکارهێنانی هەندێ ئامراز. وەك (ئەرێ؟ یان ئایا؟).

٢- بەبەکارهێنانی ئاواز.

لێرەدا ئێمە جۆری یەکەممان بەلاوە گرینگە، چونکە ئامرازەکە دەبێتە باس. وەك لەم ڕستانەدا دەردەکەوێ:

١٥- أ- ئایا میوانەکان دێن؟

ب- ئەرێ میوانەکان دێن؟

ج- ئایا کابرا خاوەن بەڵێنی خۆی بوو؟

| باس | خواس |
|---|---|
| ئایا/ئەرێ | میوانەکان دێن؟ |
| ئایا | کابرا خاوەن بەڵێنی خۆی بوو؟ |

لە هەندێ شیکردنەوەی ئەرکیدا (ئامرازەکە) دەبێتە بەشێك لە باس، واتە لەگەڵ بکەردا بەیەکەوە دێن، بەڵام بەلای ئێمەوە ئەم بۆچوونە دروست نییە، چونکە (ئەرێ) تەنیا کەرتێك پێك دەهێنێ.

جۆری دووەم لە پرسیاری گشتیدا لە شێوەی ڕستەیەکی هەواڵداندایە لە ڕووی ڕێزمانەوە، با لە ڕووی فۆنۆلۆجیشەوە جیاواز بێت، لەبەرئەوە باسەکەی هەر بکەرە کە دەبێ وەك:

١٦- أ- تۆ دێی لەگەڵماندا؟

ب- ئێوە دەڕۆن؟

ج- قوتابییەکە وانەکەی نووسی؟

| باس | خواس |
|---|---|
| تۆ | دێی لەگەڵماندا؟ |
| ئێوە | دەڕۆن؟ |
| قوتابییەکە | وانەکەی نووسی؟ |

لە پرسیاری تایبەتیدا لە بارەی یەکێك یان زیاتر لە کەرەستەکانی ڕستەکە دەکرێ، ئەمانە زۆرجار بەئامرازی پرس دەست پێ دەکەن. وەك:

١٧– أ– کەی دێت؟

ب– کێ داخوازییەکانی جێبەجێ بکات؟

ج– لە کوێ لە دایك بووە؟

د– چۆن/ بەچی هات؟

هـ– چی دەخۆن؟

و– بەچەند کڕی؟

ئەم ڕستانەی سەرەوە هەمیشە بەباس دەست پێ دەکەن، کە باسیان ئامرازەکەیە وەك:

| باس | خواس |
|---|---|
| کەی | دێت؟ |
| کێ | داخوازییەکانی جێبەجێ دەکات؟ |
| لەکوێ | لەدایك بووە؟ |
| چۆن/بەچی | هات؟ |
| بە چەند | کڕی؟ |

ئـەمـانـە هـەندێکیـان (بـاسی) نیشانـە نـەکراون (ئـاساییـن)، چـونکـە لـە هـەمـان کـاتیشدا بکـەرن وەك (١٧-ب) بـەڵام ئـەوانی تر نـائـاسـاییـن.

هـەنـدێ جـار بـاسەکـە گرێیـەکـی نـاوییـە و زانیـارییـەکـی زانـراو دەدات بـەدەستـەوە وەك:

١٨- أ- میوانەکان کەی دەڕۆن؟

ب- ئێوە لە کوێ دەژین؟

ج- ئەوان چۆن هاتن؟

| باس | خواس |
|---|---|
| میوانەکان | کەی دەڕۆن؟ |
| ئێوە | لە کوێ دەژین؟ |
| ئەوان | چۆن هاتن؟ |

ڕستـەی پـرس جـۆری تـریشی هـەیـە، وەك (ڕستـەی هـەڵـبـژاردن، کلکـە پـرسیـار،... هتد)[1] ڕستـەی هـەڵـبـژاردن (ئـەو ڕستـەیـەیـە کـە تێیدا دوو مـەبـەست یـان دوو شت یـان زیـاتر ڕادەگـەیـەنرێت و بـواری دوێنراو دەدرێ کـە یـەکێکیـان هـەڵـبـژێرێت کـە بـەهـۆی ئـامـرازی لێکدەری (یـان) دروست دەبێ)[2]. لـەم جـۆرە ڕستـەیـەدا بـاس بـەپێی ڕستـەکـە دەستنیشان دەکرێ. هـەنـدێ جـار کـارەکـە دەبێتە بـاس وەك:

أ- دادەنیشی یان دەڕۆی؟
↓ ↓
باس باس

(١) بڕوانە ئەبوبەکر عومەر لە نامەی ماجستێرەکەیدا نزیکەی شەش جۆر لە ڕستەی پرسی دەستنیشان کردووە. ل١٨.

(٢) ڕەفیق محمد محی الدین ١٩٩٧، ل٤٤.

ب– دەخۆن یان دەبەن؟
↓ ↓
باس باس

لەم ڕستانەی خوارەوەدا هەموو ڕستەکان دەبنە (باس).

٢٠– أ– زێڕە یان زیوە؟
↓ ↓
باس باس

ب– ژیرە یان دەبەنگە؟
↓ ↓
باس باس

جۆرێکی تر لە ڕستەی پرسیار کلکە پرسیارەکە پرسیارێکی کورتکراوەیە قسەکەر (دوا بەدوای ڕستەیەکی ڕاگەیاندن ئاراستەی گوێگری دەکات، تا لە بیرۆکەی ڕستەکە دڵنیا بیت یان ئەو مەرامەی هەیەتی بیپێکێت)[١] لەم جۆرە ڕستەیەدا، کەرەسەی یەکەمی کلکە پرسیارەکە دەبێتە (باس).

٢١– أ– دەڵێن لە شەکر هاتووە، وایە؟
↓
باس

ب– دەمەوێ پێش ئەوەی بڕۆم بتانبینم، باشە؟
↓
باس

ج– تاقیکردنەوەکە ئەمڕۆیە، وانییە؟
↓
باس

(١) ئەبوبەکر عومەر، ١٩٩٠، ل١٨.

لە ڕستەی پرسیاری ناڕاستەوخۆدا بەشێوەیەکی گشتی جۆری ڕستەکە تێکەڵ دەبێت و پاڕستەکە جێناوی پرسی لەگەڵدا دەبێت و دەبێتە باسی دووەم وەك:

٢٢- أ- دەزانم چۆنی بەدەست هێناوە؟

باس١ باس٢

ب- ئەوان دەیانزانی لە کوێ دەژین؟

باس١ باس٢

**٣- باس لە ڕستەی فەرماندا:**

ڕستەی فەرماندان بە شێوەیەکی گشتی بەهۆی کاری ڕستەکەوە دروست دەبێت[١]. بۆیە باس لەو جۆرە ڕستەیەدا بەزۆری کارەکەیە ئینجا کارەکە لە ڕووی ڕۆنانەوە سادە بێت یان داڕژاو یان لێکدراو[٢] بەپێی ئەم جۆرانە دەتوانین باس دەستنیشان بکەین:

**أ**- ئەگەر سادە بێت و لە پێشەوەی ڕستەکە بێت ئەوا هەموو بەشی کارەکە دەبێتە (باس)، بەڵام هەندێ جار ئەگەر کارەکە تێپەڕ بێت، ئەوا بکەر یان

---

(١) قەیس کاکل لە نامەی ماجستێرەکەیدا بەمجۆرە پێناسەی فەرماندان دەکات: (ڕستەی فەرماندان ئەو ڕستەیەیە کە قسەکەر داوا لە کەسی دووەم دەکات کارێك بکات یان هەڵوێستێك بنوێنێت یان بە پێچەوانەوە بۆ قەدەغەکردنی کارێك بەکار دەهێنرێت) ل٢٧.

(٢) ئێمە دەزانین کە کاری سادە لە کوردیدا نییە، بەڵام بۆ ئەوەی بەپێی ئەرك دەوری (باس) لەم جۆرە کارانەدا دەستنیشان بکەین بەمجۆرەمان دابەش کردووە، واتە لە ڕووی ڕووخسارەوە سێ جۆر کارمان لەیەك جیا کردۆتەوە..

بەرکاری ڕستەکە دێتە پێشی و دەبێتە باس و بەشەکانی تر دەبنە (خواس).

٢٣- أ- بڕۆنە وڵاتێك کەس نەتانناسێت.

باس　　خواس

ب- دەست و دەموچاوت بشۆ. (چیرۆکەکانی مەم، ل١٥١)

بەرکار/باس　　خواس

ج- پــیـــاوانـــــە　　　بــجوولێوە.

ئاوەڵکاری چۆنیەتی/باس　　خواس

د- بڕۆن نانێك پەیدا بکەن.

باس　　خواس

هـ- تۆ وەرە ژووریٚ.

باس　خواس

ب- کارەکە ئەگەر داڕژاو بوو ئەویش بەشێوەیەکی گشتی دەکەوێتە سەرەتای ڕستەکە و دەبێتە باس، بەڵام هەندیٚ جاریش دەکەوێتە دوای ڕستەکە. دەبێتە (خواس).

٢٤- أ- هەوڵ بدەن قەڵاچۆی ئەم دەردە بکەن و لە ڕەگی دەربهێنن.
(ڕەشپۆشێك، ل٥٣)

باس　　خواس

ب– ڕاکه، باوکت خەبەر کەرەوە..

باس ↓ ، خواس ↓

ج– هەڵسە بابڕۆین.

باس ↓ ، خواس ↓

د– کوڕم هەڵگرە.

باس ↓ ، خواس ↓

ج– ئەگەر کارەکەی ڕستەی فەرماندان لێکدراو بوو ئەوا هەندێ جار بەشی یەکەمی کارەکە دەبێتە باس. بەتایبەتی ئەو کارە لێکدراوانەی کەرەسەی تر دەچێتە نێوانیان. بەڵام ئەو کارە لێکدراوانەی کەرەسەی تر ناچێتە نێوانیان هەمووی پێکەوە دەبێتە باس. وەك لەم ڕستانەی خوارەوەدا دیارە:

٢٥– أ– ئاگاداری منداڵەکان بە.. مەیەڵە پێ ببەنە ناو هەیوانەکەشەوە. (گەلەگورگ، ل٧)

باس ↓ ، خواس ↓ ، باس ↓ ، خواس ↓

ب– تەماشای قوتابییەکان بکە.

باس ↓ ، خواس ↓

ج– سەرنجیان لێ بدە./ باش سەرنجیان بدەرێ.

باس ↓ ، خواس ↓ ، باس ↓ ، خواس ↓

د– گویٚ لە ئێمە بگرن.

باس خواس

هـ– دابینی کە... <u>مەیەلە دەست ببزێویٚ</u>. (توێشوی سەفەرێکی سەخت، ل٤٦)

باس خواس

و– سوێند بەقورئان بخۆ.

باس خواس

ن– دەست لە کتێبەکە مەدە.

باس خواس

**فرە باس:**

دەبیٚ تێبینی ئەوە بکەین کە هەندیٚ جار کەرەسەکەی پێشەوەی ڕستە نە ڕۆڵی بکەر و نە تەواوکەر و نە سەربار نابینیٚ، لە باری وادا ئەو بکەر و تەواوکەر و سەربارەی بەدوای کەرەسەی پێشەوەدا دێت دیسان دەبێت بەبەشێك لە (باس). بەمجۆرە چەمکی فرە باسی دێتە کایەوە. لەو بارانەدا باس دەبێتە خاوەنی ڕۆنانێکی ناوەوەی خۆی. ئەم ڕۆنانی ناوەوەی فرە باس بەندە بەو بنەما ئەرکییەی کە ڕستە بەرهەمی سیٚ کردەی سیمانتیکی هاوکاتە (بڕوانە بەشی دووەم) واتە ڕستە لە یەك کاتدا دەربڕی شارەزایی و گۆڕینەوە و نامەیە. بەپێی ئەم بنەمایە سیٚ جۆر واتا لە زمانی مرۆڤدا دەبینریٚ و هەرسێکیان دەبنە بناغەی ڕێکخستنی واتایی لە زمانە سروشتییەکاندا. ئەم سیٚ واتایە بەواتای بیری و کەسی و تێکستی ناو دەبرێن.

**واتای بیری:** خیبره یان شارەزایی دەنوێنێ: شارەزایی و خیبرەی مرۆڤ لەبارەی دەوروبەری خۆی یان دنیای ناوەوەی یان دنیایەکی خەیاڵی. ئەمە ئەوجۆرە واتاییەیە کە زۆرجار بە(بابەتی یان ناوەرۆك) ناو دەبرێ.

ئـەرکـی بـیـری ڕستـە بـریـتـیـیـە لـە نـوانـدنـی کـردە، کـار، ڕووداو و پێوەندییەکان.

**واتای کەسی:** بریتییە لە واتا وەك شێوەیەکی کردە: قسەکەر کارێك بەسەر گوێگردا دێنێ لە ڕێی زمانەوە. ئەرکی کەسی ڕستە گۆڕینەوەی ڕۆڵەکانە: هەواڵدان، پرس، فەرمان، داوا.. هتد لەگەڵ هەڵوێستی قسەکەر بەرامبەر ڕووداوەکان.

**واتای تێکستی:** پێوەندی بەدەوروبەرەوە هەیە، ئەوەی لە پێشەوە هاتووە یان لە دواوە دێ، لەگەڵ بارودۆخی قسەکردنەکە، ئەرکی تێکستی ڕستە پێکهێنان و ئامادەکردنی نامەکەیە.

کەواتە فرە باس ئەو باسانەن کە تیایاندا باسی بابەتی باسێکی تێکستی یان کەسییان پێش دەکەوێ و بەهەموویان یەك باس دروست دەکەن[١].

ڕۆنـانـی بـاس و خـواس بـنـاغـەی ڕێکخستنی ڕستـەیـە کـاتێك ڕستـە وەك نامەبەر یان نامەهێنەر سەیر بکرێ. لە ناو ئەم ڕێکخستنەدا (باس) ئەو بـابـەتـەیـە کـە قسەکـەر دەیـەوێ لـێی بـدوێ و هـۆکـارێکـە بـۆ گـەشەپـێدان بـەڕستـەکـە. لـە ڕۆنـانـی بـاسدا کـەرەسەی هـەرسێ ئـەرکـەکـە بـەشداری لـە پێکهاتیدا دەکەن، تێبینی ئەم خاڵانە بکە:

١- هەمیشە دەبێ کەرەسەیەکی بیر لە ناو باسدا هەبێت: واتە لەوانەیە کـەرەسەیـەکـی تـێکستـی یـان کـەسی لـە بـاسدا هـەبێت، بـەڵام ئـەمـانـە دەتوانن هەبن یان نەبن.

(1) Halliday, 1985, p53.

٢- هەر کاتێ هەرسێ جۆر کەرەسەکە هەبێت، ئەوا بەمجۆرە ڕیز دەبن:

تێکستی > کەسی > بیری

کەرەسەی تێکستی و کەسی لەوانەیە شوێن بگۆڕن، بەڵام کەرەسە بیرییەکە هەر دەبێ لە دواوە بێت، واتە هەر کەرەسەیەك لە دوای کەرەسە بیرییەکەوە بێت ئەوا دەبێت بەبەشێك لە (خواس). ئەم کەرەسە بیرییەش هەر کەرەسەیەکە لە کردە یان هاوبەشێکی قسەکردن لە کردەکەدا (کەس، شت، ... هتد) یان باری کردەکە (کات، شوێن، چۆنیەتی، ...هتد) بنوێنێ.

ئەم کەرەسانە کار و بکەر و تەواوکەر و سەربایش دەگرێتەوە. بەمجۆرە کەرەسەی بیری لە ناو (باس)دا لەوانەیە بکەر، تەواوکەر، یان سەربار بێت. بەم کەرەسەیە دەگوترێ (باسی بابەتی)، چونکە بەزۆری بەرامبەر ئەو کەرەسەیە دەوەستێ کە بە(بابەت) ناو دەبرێ لەو شیکردنانەدا کە (مبتدأ وخبر) بەکار دێنن. سەیری ئەم نموونانە بکە:

أ- باسی بابەتی بکەری ڕستەیە:

٢٦- قەلەڕەشەکان هەولّیان دا چاوەکانم و زمانم هەڵکۆڵن. (ڕەشپۆشێك، ل١٤١)

↓

بکەرە/باسی بابەتی

ب- باسی بابەتی بەرکاری ڕستەیە.

٢٧- کتێبەکانی خستنەوە سەریەك، بەگورجی ئاوڕێکی لێ دامەوە. (کانگەی بەلا، ل٦٢)

↓

بەرکارە/باسی بابەتی.

ج- باسی بابەتی تەواوکەرە:

٢٨- أ- برای من بوو ماموٚستاکه.

تەواوکەر/ باسی بابەتی

ب- بەمن بوو کتێبەکە.

تەواوکەر/باسی بابەتی

د- باسی بابەتی سەربار بێت:

٢٩- أ- بە خانوو دروستکردنەوە گەلێ ماندوو بووم. (کانگەی بەلا، ل٤٣)

بەرکاری ناڕاستەوخۆ/باسی بابەتی

ب- لە نیوەڕۆیەکی هەینیدا هەموو لە ماڵەوە دانیشتبووین.. (کانگەی بەلا، ل٢٠)

ئاوەڵگوزارەی کات/ باسی بابەتی

ج- لە چاویاندا گەلێ شتی ترسناکم دەخوێندەوە. (کانگەی بەلا، ل٢٠)

ئاوەڵگوزارەی شوێن/باسی بابەتی

د- بە دەنگێکی هێمنی پڕ لە قین و تووڕەییەوە وەڵامی دامەوە. (کانگەی بەلا، ل٥٢)

ئاوەڵگوزارەی چۆنیەتی/باسی بابەتی

٣- کەرەسەی تێکستی ناو (باس) لەوانەیە لە یەکێك یان زیاتر لەمانە پێك بێت:

باسی بەردەوامی، باسی ڕۆنانی یان باسی بەستن.

باسی بەردەوامی کۆمەڵە کەرەسەیەکی کەمی وەك: بەڵێ، نا، نە، ئا، باشە،...هتد دەگرێتە خۆی. ئەمانە گۆڕانێك لە ڕێڕەوی ئاخاوتندا پیشان دەدەن. یان وەڵامی پرسیارێك دەدەنەوە یان هەنگاوێك بەرەو خاڵێکی تری ئاخاوتن دەنێن. وەك لەم نموونانەدا دەبینرێن:

٣٠- أ- بەڵێ هەردەبێ ئەم کارە بکەم.

ب- باشە لە دواییدا هەر دەیتەوە لامان.

ج- نا ئیشی وا بەئێمە ناکرێ.

باسی ڕۆنانی کەرەسەیەکی بەزۆرە کە دەبێ هەر هەبێت وەك (کە، کاتێك، یان، (و)، بەڵام، ئەگینا، پاش، پێش، تا، مەگەر، ..هتد)(١) وەك لەم نموونانەدا دەبینرێت:

٣١- أ- پاش ئەوە نوێژی کرد.

ب- بەڵام من نازانم چۆن دەبێ.

ج- ئەگینا لە سبەینێ زووتر نییە مشوی ئاشەوانێك بخۆ. (کاولاش، ل٦٢)

د- کەواتە ژیان بیری سەرەکی بڕوا و بۆچوونی ئیستاتیکای ئەزموونگەرییە.

(ڕامان، ژ٢٨، ل١٠)

و- پێش ئەوەی لەگەڵیا بدوێ، دەرگاکە کرایەوە. (ڕەشپۆشێك، ل٣٦)

هـ- چونکە باوکم جارێکی دیکە دەینێرێتەوە. (کوێر ئۆغلی، ل١٢)

باسی بەستن ئەو سەربارانەن کە بۆ بەستن دەست دەدەن وەك (بۆ نموونە، بەکورتی، لە ڕاستیدا، هەروەها، دیسان، لەجیاتی (لە بڕی)، لەبەرئەوە، لەگەڵ ئەوەشدا... هتد)(٢) وەك لەم نموونانەدا دەبینرێن.

---

(١) ڕەفیق محەمەد محی الدین. ١٩٩٧، ل٤٥.

(٢) قەیس کاکل تۆفیق، ٢٠٠٢، ل٢٠.

٣٢- أ- له ڕاستیدا هەندێ لەو کەسانەی لەو ڕۆژانەدا خۆیان کردبوو بەدەم ڕاستی بنەماڵەکەی ئێوە جێی گومان بوون. (ڕەشپۆشێك، ل٣٢).

ب- لەگەڵ ئەوەشدا بەدرێژاییی هەشت ساڵی تر دوور بەدوور خۆم بە پاسەوانت دەزانی. (ڕەشپۆشێك، ل٣٢).

ج- لەبەرئەمە ڕێژەی قازانجمان لە هەڵبەزین و دابەزینێکی توندوتیژا بوو. (کانگەی بەلا، ل١٢)

د- دیسان کەوتۆتەوە وڕێنە.. (درز، ل٣٦)

هـ- هەروەها لە خۆشی ئەوەی کەوا ئیتر گوزەرانمان باشتر دەبێ و هەموومان بەئەوپەڕی بەختیارییەوە دەژین.. (کانگەی بەلا، ل٣)

٤- لەناو کەرەسە کەسیەکەدا لەوانەیە کەرەسەیەکی مۆداڵکاری وەك (ڕەنگە، لەوانەیە، بەڕای من، ڕاستە، دڵنیات دەکەم، بەئاشکرا، لە سەرەتادا، بەشێوەیەکی گشتی، بەتایبەتی ... هتد). لەم نموونانە دەبینرێن:

٣٣- أ- بەڕای من دەرمانی شەوبۆ لای ئەوانە. (ڕەشپۆشێك، ل ٥٧)

ب- ڕەنگە ئەوەش ڕاست بێ و خۆم نەم ویستبێ. (ڕەشپۆشێك، ل٣٣)

ج- ڕاستە بەختیارم، هیچ خەمم نییە،... (ڕەشپۆشێك، ل٣٤)

د- دڵنیات دەکەم من کاری وام نەکردووە.

هـ- بەتایبەتی دایکم لەسەر شتێکی بچووك وەك کێوی ئاتەشفشان بەڕوویدا هەڵدەبەزییەوە.. (کانگەی بەلا، ل١٥)

و- لە سەرەتادا لەگەڵ هەموویان ڕەفتار و جووڵانەوەم باش بوو. (کانگەی بەلا، ل١٣٠)

ن- لە کۆتاییدا نەگەیشتم بەهیچ بڕیارێك.

هەندێ جاریش کەرەسەیەکی بانگکردنیشی لەگەڵدا دەبێ. لە کاتی وەهادا کەرەسە مۆداڵکارەکە پێش دەکەوێ و کەرەسەی بانگکردنەکەش دەجووڵێت یان جێگۆڕکێ دەکات و لە هەموو شوێنەکاندا دێ. ئەگەر بەشێك بێت لە (باس) لە سەرەتای باسی کەسییەوە دێ، هەرچەندە دەشتوانێ دوای کەرەسەی مۆداڵکاری بکەوێ. وەك لەم ڕستانەی خوارەوەدا دەردەکەوێ.

٣٤– أ– کوڕینە ئیشی وا مەکەن.

ب– کاکە تۆ قسەی سەیر ئەکەی. (توێشوی سەفەرێکی سەخت، ل٧٩)

٥– باسی کەسی فرە باس هەندێ جار لە کەرەسەیەك زیاتر پێك دێ کە هەستی یان ڕۆڵی قسەکەر یان بۆچوونی بۆ هەلومەرجێ یان باری قسەکردن یان بۆ قسەکە خۆی دەردەبڕێت وەك (سا، جا، خۆ، دەی....هتد) واتە بۆچوون و ویست و ئارەزوو و گومانی قسەکەر هەر دەبنە باسی کەسی بەتەنیا بن یان لەگەڵ باسی تێکستی یان بابەتی وەك لەم نموونانەدا دەردەکەوێ.

٣٥– أ– خۆ منت لە خوێندا نەگرتووە.

↓ ↓

کەسی بابەتی

باس

ب– جا تۆ بڕیارت لەسەر کامیان داوە؟

↓ ↓

کەسی بابەتی

باس

ج– سا کەواتە با نەڕۆین.

↓ ↓

کەسی تێکستی

باس

د– دەی کەواتە بۆچی شیعر بۆ مرۆڤ بنووسم؟ (توێشوی سەفەرێکی سەخت، ل٢٥)

کەسی تێکستی

باس

هـ– کا شکێ بمزانیبایە (کانگەی بەلا، ل١٤٧)

کەسی

باس

و– هەرگیز خەیاڵی خیانەتکردنم بۆ نەهاتووە. (ملوانکەی ئەڵماس، ل٧٣)

کەسی بابەتی

باس

ن– هەڵبەتە چەمکی ستەم خاڵێکی سەرەکی ورووژاندنی جیاوازی و دووبەرەکییە...

(برایەتی، ل٦)

کەسی بابەت

باس

ئەم خشتەیەی خوارەوە پێکهاتەکانی فرە باس دەخاتە ڕوو:

١– باشە بەڵام ئێستە حەمە بەڕاستی ئەمە باشترە لەو.

| باشە | بەڵام | ئێستە | حەمە | بەڕاستی | ئەمە | باشترە لەو |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بەردەوامی | ڕۆنانی | بەستن | بانگکردن | مۆداڵکاری | بابەتی | |
| | تێکستی | | | کەسی | بابەتی | |
| | | | باس | | | خواس |

(باسی تەواو فراوانکراو)

نموونەی تری فرە باس:

٢– بەپێچەوانەوە لەوانەیە شەممە دابخرێ.

| بەپێچەوانەوە | لەوانەیە | شەممە | دابخرێ |
|---|---|---|---|
| بەستن | مۆداڵکاری | بابەتی | |
| تێکستی | کەسی | | |
| باس | | | خواس |

٣– کەواتە بۆ ئەمە وابێت؟

| کەواتە | بۆ | ئەمە | وابێت؟ |
|---|---|---|---|
| بەستن | ڕۆنانی | بابەتی | |
| تێکستی | کەسی | | |
| باس | | | خواس |

٤– کوردینە ئێوە وا مەکەن.

| کوردینە | ئێوە | وا مەکەن |
|---|---|---|
| بانگکردن | بابەتی | |
| کەسی | بابەتی | |
| باس | | خواس |

٥– هۆ کاکە تۆ نایەیت لەگەڵمان.

| هۆ | کاکە | تۆ | نایەیت لەگەڵمان |
|---|---|---|---|
| بەردەوامی | بانگکردن | بابەتی | |
| تێکستی | کەسی | بابەتی | |
| باس | | | خواس |

لەوانەیە باس هەرگیز لەوەی (١) درێژتر نەبێت، هەرچەندە ئەم جۆرەش زۆر کەم دەبینرێت، بەڵام باسی فراوانکراوی وەك ئەوانەی (٢ و ٣ و ٤ و ٥) ئاسایی لە زماندا دێن، گرینگ ئەوەیە چوارچێوە تیۆرییەکە لە هەموو بارێکدا دەتوانێ هەموو جۆرێك باس و فرە باس شی بکاتەوە، درێژتر بێت یان کورت.

دەبێ ئەوە لە بیر نەکەین کە باسی ڕستە درێژ دەبێتەوە تا باسی بابەتی دەگرێتە خۆ. باسی بابەتی یەکەم کەرەسەی ڕستەیە کە ئەرکێك لە ڕۆنانی بیریدا دەبینێ، باسی سادە تەنیا لەم کەرەسە بابەتییە پێك دێ. باسی ناسادە بریتییە لەم باسە بابەتییە لەگەڵ یەکێك یان زیاتر لە کەرەسەی پێشتری خۆی، واتە دەشێ باسی بابەتی کەرەسەی تری لەگەڵدا بێت، کەسی یان تێکستی. ڕیزبوونی ئەم کەرەسانە بەوجۆرەیە کە لە سەرەوە ڕوونکراوەتەوە، بەڵام دەبێ بزانین کە ڕیزبوونی تریش هەیە، بەڵام ئەمەی سەرەوە ڕیزبوونە ئاساییە بڵاوەکەیە.

**باسی پاڕستەیی:**

وەنەبێت ڕێکخستن بەپێی باس و خواس تەنیا لە چوارچێوەی یەك ڕستەدا سەرهەڵبدات، ئەم جۆرە ڕێکخستنە لە ژێر زۆر پەردەی تردا لە زۆر شوێنی تری ڕۆنانی زماندا پەیدا دەبێ. لە سەرووی ڕستە و لە ڕۆنانی بچووکتریش لە ڕستە. لە یەکەی ژێر ڕستەدا، باس و خواس زۆرجار دەخزێنە ڕۆنانی گرێی ناوی یان گرێی کاری ڕستەوە (بڕوانە دواتر). لە سەرووی ڕستەشەوە دەچنە ناو ڕۆنانی دەق و پەڕەگرافەوە.

لە ڕاستیدا ڕستەی سەرەکی یان بابەتی پەڕەگراف هەر ئەوەیە کە ئێمە بەباس ناوی دەبەین. لێرەدا باس و خواس دەبەینە ناو ئەو ڕۆنانەوە کە هەنگاوێك لە سەرووی ڕستەی سادەوەن، واتە ڕستەی ئاڵۆز یان ئەو ڕستانەی کە بەلای کەمەوە پاڕستەیەکی تێدا خزێنراوە یان لە شاڕستە و پاڕستە پێکهاتوون وەك:

– ئەگەر دەتەوێ، کەلوپەلەکان ببە.

لە ڕۆناندا ئەم ڕستەی سەرەوە لە دوو بەش پێکهاتووە: شارستە (سەرە) و پاڕستە (دیارخەر): دیارخەرەکە لێرەدا کەوتۆتە پێش سەرەکەوە، بەڵام بەپێچەوانەی ئەمەشەوە دەبێ، واتە سەرەش دەتوانێت پێش دیارخەر بکەوێت. ئەم ڕیزکردنەی سەرەوە تەنیا لەو کاتانەدا دەبێت کە بمانەوێ شوێنی تایبەتی بۆ (باس) تەرخان بکەین، واتە لێرەدا ویستنەکە جەختی لەسەر دەکرێ هەروەك لەم خشتەیەدا دەیبینین:

ئەگەر دەتەوێ    کەلوپەلەکان ببە.

کەلوپەلەکان ببە    ئەگەر دەتەوێ.

باس    خواس

نموونەی تر لەم بابەتە ئەمانەی خوارەوەن کە تیایاندا باس و خواس بەوێرگولێك جیا کراونەتەوە:

– کە زستان گەیشت، بەهار بەڕێگەوەیە.

– لە کوێوە دێ، کەس نازانێ.

– کەی دەڕۆنەوە، لە زانینی مندا نییە.

دەبێ ئەوەمان لە بیر نەچێت کە هەریەکێکیش لەم پاڕستانە لە ناوەوە جارێکی تر لە باس و خواس پێکهاتوون. ڕۆنانی تەواوی ڕستە ئاڵۆزەکە دەتوانین بەمجۆرە نیشان بدەین:

| | | | |
|---|---|---|---|
| کە زستان گەیشت | | بەهار بەڕێگەوەیە | |
| باس ١ | | خـــــواس ١ | |
| باس ٢ | | | |
| ڕۆنانی بابەتی | خواس ٢ | باس ٣ | خواس ٣ |

| له كوێوه دێ | | كەس نازانێ | |
|---|---|---|---|
| باس ١ | | خـــــواس ١ | |
| باس ٢ | خواس ٢ | باس ٣ | خواس ٣ |

دیسان له ڕستەی ئالۆزیشدا دەشێ باس کەرتێکی ئالۆز بێت نەك سادە وەك له ڕستەی:

– بەڵام له ڕاستیدا کاکە کە زستان گەیشت بەهار بەڕێگەوەیە.

لێرەدا دوو ڕێگەچارە دێتە ئاراوە:

١– دەکرێ (بەڵام له ڕاستیدا کاکە) بەبەشێك له باسی پارستەکە دابنرێ، واتە (باس٢) له نەخشەکەی سەرەوەدا.

٢– یان بەبەشێك له (باس١) ڕستە ئالۆزەکە (هەردوو ڕستەکە) واتە (باس١).

هەڵبژاردنی یەکێك لەم دوو ڕێگەچارەیە پێوەندی بەئاوازی باسەکەوە هەیە، ئەگەر باسەکە ئاوازی کەرەسەیەکی سەربەخۆی بدرێتێ و بەوەستان له پارستەکەی دواوەی جیاب کرێتەوە، ئەوا دەبێتە بەشێك له (باس١) ئەگینا دەچێتە پاڵ (باس٢). بەڵام گرینگ ئەوەیە کە بزانرێ له هەموو بارێکدا هەر بەشێکە له باس.

بڕوانە شوێن و پێکهاتەی باس١، باس٢ لەم دەقەی خوارەوە:

(کە کۆلۆمیس گەشتەکەی دەست پێ کرد و گەیشتە کەنارەکانی ئەمریکا، چاوی بەجۆرێکی تر له مرۆڤ کەوت کە له ڕەنگ و جۆر و کولتووردا جیاوازبوون).

لێرەدا (باس١) له سەرەتاوە دەست پێ دەکات و درێژ دەبێتەوە تا کۆتایی

(کەنارەکانی ئەمریکا)، بەڵام (باس٢) بریتییە لە بەشێکی ڕۆنانی (کە لەگەڵ (بەشێکی بابەتی)، کۆلۆمیس، باس٣ بریتییە لە (چاوی).

هەندێ جار پارستە لە شێوەی ڕستەیەکی کورتکراودا دێت، لەم کاتانەشدا دیسان ڕێکخستن بەپێی باس و خواس لە ئارادا هەیە وەك لەم نموونانەدا دەبینری:

١- "ئاگر! ئاگر!"    منداڵەکە قیژاندی

خواس    باس

٢- "کوا کوا"

باس

٣- "لە شار لە ناو شار"

خواس

٤- من | دەچم سەیرکەم

باس | خواس

٥- کوا | منیش دێم.

باس | خواس

## بەشی پێنجەم

# لە سەرووی ڕستەوە "فراوانکردنی ڕستە"

## سەرەتا

هـەروەك چـۆن دەكـرێ گـرێ وەك كـۆمـەڵـە وشـەیـەك لـێك بـدرێتـەوە كـە لـە سەرەیەك و دیـارخـەرێك یـان چـەند دیـارخـەرێك پێك دێ، بـەهـەمـان شێوە دەشێ ڕسـتـەی ئـاڵـۆز وەك كـۆمـەڵـە پـارِسـتـەیـەك تـێی بـڕوانـرێ كـە بـەلای كـەمـەوە لـە ڕسـتـەیـەكی سـەرە و ڕسـتـەیـەكی بـەند (دیـارخـەر) یـان چـەند ڕستەیەكی دیـارخـەر پێك بێ. وەك لـەم پێكهاتـانـەی خـوارەوەدا دەبینرێ:

١– أ– پیاوێكی بالآبەرز (گرێ)

سەرە دیارخەر

– منداڵەكەی بەردەرگا (گرێ)

سەرە دیارخەر

– ئەم دوو منداڵە جوانە (گرێ)

دیارخەر دیارخەر سەرە دیارخەر

– زیرەكترین قوتابی (گرێ)

دیارخەر سەرە

ب– نازانم [كەی دەگەیت]. (ڕستەی ئاڵۆز)

ڕستەی سەرە ستەی دیارخەر

– [كەهات] پێم بڵێ. (ڕستەی ئاڵۆز)

ڕستەی دیارخەر ڕستەی سەرە

– هەندێ جار ئادەمیزاد باش دەزانێت [کە کارێکی خراپ دەکات] (ڕستەی ئاڵۆز)

(جەژنانە، ل٤٦)

ڕستەی دیارخەر ڕستەی سەرە

– ئەو کوڕەی [کە لێرە دانیشتووە] برامە. (ڕستەی ئاڵۆز)

ڕستەی دیارخەر

ڕستەی سەرەیە

هەروەك چاوەڕوان دەکرێ ئەو پێوەندییەی لە نێوان وشە و گرێدا هەیە هەر ئەو پێوەندییەیە کە لە نێوان ڕستە و پاڕستەدا دەبینرێ. ئەو پێوەندییەش بەدوو شێوە فراوان دەکرێ، فراوانکردنەکە یان بۆ دەرەوەیە یان بۆ ناوەوە.

١– فراوانکردن بۆ دەرەوە:

چۆن گرێ لە ئەنجامی فراوانکردنی وشە بۆ دەرەوە دێتە دی، بەهەمان شێوە ڕستەی ئاڵۆز بەفراوانکردنی پارستە بۆ دەرەوە دێتە دروستبوون. کەواتە گرێ و ڕستەی ئاڵۆز یەکەی ڕێزمانی گەورەترن لە وشە و ڕستە[١].

بۆ ڕوونکردنەوەی فراوانکردنی گرێ و ڕستە بۆ دەرەوە سەیری ئەم نموونانەی خوارەوە بکە:

٢– أ– ئەو منداڵانە (فراوانکردنی گرێ بۆ دەرەوە)

دیارخەر سەرە

(١) بەپێی ڕێزمانی ئەرکی (ڕستە) گەورەترین دانەی ڕێزمانی نییە، بەڵکو ڕستە بچووکترین دانەی ڕێزمانییە و دەق گەورەترین دانەی ڕێزمانییە، چونکە ڕێزمانی دێرین ڕستە بەگەورەترین دانەی ڕێزمانی دادەنێت و وشەش بەبچووکترین دانەی ڕێزمانی.

– باشترین کتێب. (فراوانکردنی گرێ بۆ دەرەوە)

دیارخەر سەرە

– ئەو دوو خانووە. (فراوانکردنی گرێ بۆ دەرەوە)

دیارخەر دیارخەر سەرە

ب– کە خوشکم خۆراکی بەیانی ئامادە کرد، هەموو خێزان لە خەو هەستابوون.

(فراوانکردنی ڕستەی ئاڵۆز) (مەم، ل١٢٤)

ڕستەی دیارخەر ڕستەی سەرە

– کاتێ گەیشتمە قوتابخانە، قوتابییەکی زۆر لە گۆڕەپانەکە ڕیز بووبوون.

(فراوانکردنی ڕستەی ئاڵۆز بۆ دەرەوە)

ڕستەی دیارخەر ڕستەی سەرە

٢– فراوانکردن بۆ ناوەوە:

ئەم جۆرەشیان وەکو جۆری پێشتر چۆن گرێ دەتوانرێ بۆ ناوەوە فراون بکرێ بەهەمان شێوە ڕستەی ئاڵۆزیش بۆ ناوەوە فراوان دەکرێ. وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا ڕوون کراوەتەوە:

أ– منداڵێکی جوانی هەژاری بێ کەس. (فراوانکردنی گرێ بۆ ناوەوە)

سەرە دیارخەر

– شەقامە قوڕاوییەکەی بەردەرگای قوتابخانە. (فراوانکردنی گرێ بۆ ناوەوە)

سەرە دیارخەر

ب– نامەوێت بەئاسانی لە دەستم بچێت. (فراوانکردنی ڕستەی ئاڵۆز بۆ ناوەوە)

(هەڵۆ، ل٢٤)

سەرە دیارخەر

– زۆری نەبرد، بایەکی بەهێز هەڵی کرد. (فراوانکردنی ڕستەی ئاڵۆز بۆ ناوەوە)

سەرە دیارخەر

جیاوازی نێوان گرێ و ڕستەی ئاڵۆز لەوەدایە کە بناغەی یەکەمیان وشەیە، بەڵام بناغەی دووەم ڕستەیە.

٣– أ– کوڕی ئازا. (گرێ)

وشە (سەرە)

ب– کە هاتی دەتبینم (ڕستەی ئاڵۆز)

ڕستە (سەرە)

پرسیارێك کە لێرەدا دروست دەبێت ئەوەیە ئایا بیرۆچکەی ڕستەی ئاڵۆز بواری ئەوە دەدات کە هەموو لایەنەکانی واتای ڕستەی پێ لێك بدرێتەوە یان دەبێ ڕستە وەك پێکهاتەیەکی فرە ئاست سەیر بکرێ؟ بەڕای من لەم بوارەدا ڕستەی ئاڵۆز و گرێ دوو ڕەفتاری جیاواز دەگرنە بەر. لە کاتێکدا کە کەرەسەکانی گرێ دەچنە سەر یەك و بەسەر یەکدا دەشکێنەوە

و هەریەکەیان بۆ کەرەسەی دوای خۆی ڕاستەوخۆ دەگەڕێتەوە، ئەو ڕستانەی کە ڕستەی ئاڵۆز دروست دەکەن بەتەواوی بەسەر یەکدا ناشکێنەوە و لەم ڕووەدا وەك وشەی ڕیزکراو دێنە بەرچاو.

با ئەم بیرە لە ڕێی ئەم نموونانەوە وردتر بکەینەوە:

٤- أ- یەکەم بەرهەمی گەورەی پیرەمێرد. (گرێ)

ب- هەموو ئەو ئاشە کۆنانە. (گرێ)

لە (٤- أ)دا وشەی (یەکەم) ڕاستەوخۆ بۆ (بەرهەم) دەگەڕێتەوە و (گەورە) بۆ (یەکەم بەرهەم) دەگەڕێتەوە نەك بۆ (بەرهەم) بەتەنیا هەروەك لەو وێنەدا دەردەکەوێ. (تیرەکە پێوەندی ڕاستەوخۆ پیشان دەدات):

- (یەکەم بەرهەمی) گەورەی پیرەمێرد.

هەروەها لە (٤ -ب)دا وشەی (ئەو) یەکەم جار بۆ (ئاش) دەگەڕێتەوە و بەیەکەوە گرێیەك دروست دەکەن کە (کۆن) وەسفی دەکات، ئەمانەش هەموویان دەکەونە بەرتیشکی هەموو، واتە دەبنە بوارێ بۆی. سەیری ئەم وێنەیە بکە:

- هەموو«(ئەو ئاشە) کۆنانە».

دەبێ تێبینی ئەوە بکەین کە ئەو پێوەندییانەی کەرەسەکانی ناو گرێ دەلکێنێ بەیەکترەوە ئاڵۆزتر نین لەو پێوەندییانەی کە ڕستەکانی نێوان ڕستەی ئاڵۆز بەیەکترەوە گرێ دەدەن.

لە ڕستەی ئاڵۆزدا گەڕانەوە یان پێوەندی ڕاستەوخۆ تا ڕادەیەك بەهەمان قەبارە دەبینرێ هەروەك لەو ڕستە ئاڵۆزانەدا دەردەکەوێ:

٥- خوشکەکەی لەسەر جێگاکەیەوە بازی دایە خوارێ و بەتانییەکی لە

خۆیەوە پێچا و بۆ لای براکەی چوو[1].

لێرەدا ڕستە ئاڵۆزەکە لە سێ ڕستە پێك دێ:

٦- أ- خوشکەکەی لەسەر جێگاکەیەوە بازی دایە خوارێ.

ب- بەتانییەکی لە خۆیەوە پێچا.

ج- بۆ لای براکەی چوو.

ئاشکراشە کە کردەکان بەدوای یەکتردا ڕوویان داوە، واتە ڕستەی (ج) دوای (ب)دا دێ و ڕستەی (ب) دوای (أ)دا دێ. واتە ڕستەی (ج) ڕاستەوخۆ بەندە بەڕستەکەی پێش خۆی، هەروەك ڕستەی (ب) بەندە بەوەی پێشییەوە. بەم پێیە: خوشکەکەی تا لەسەر جێگاکەی نەیەتە خوارێ بەتانی لە خۆی ناپێچێ و تا بەتانییەکەش نەپێچێ لە خۆیەوە، بەرەو براکەی ناچێ. کەواتە ڕستەی (ج) پێوەندی ڕاستەوخۆی بەڕستەی (أ)ەوە نییە هەر ئەمەشە کە لە ڕستەی (٦)ەوە ناتوانین بڵێین ڕستەی (٧) دروستە، چونکە هەنگاوێك پەڕیوە.

٧- خوشکەکەی لەسەر جێگاکەیەوە بازی دایە خوارێ و بەرەو لای براکەی چوو.

بەڵام ڕستەیەکی وەك (٨) دروستە لە ڕستەی (٦)ەوە هەڵیهێنجرێ:

٨- بەتانییەکی لە خۆیەوە پێچا و بەرەو لای براکەی چوو.

با بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر ئەم ڕستە ئاڵۆزەش شی بکەینەوە:

٩- کاتێ ماڵئاواییم لێ کرد، بێ ئەوەی دەنگی لێوە بێت دووجار دەستی ماچ کردم.

---

(١) ئەم ڕستەیە لە ڕێزمانی دێریندا پێی دەوترێت ڕستەی لێکدراو، بەڵام لە ڕێزمانی ئەرکیدا جۆرێکە لە جۆرەکانی (ڕستەی ئاڵۆز).

ڕستە ئاڵۆزەکە لە سێ ڕستە پێکهاتووە:

١٠- أ- کاتێ ماڵئاواییم لێ کرد. (دیارخەر)

ب- بێ ئەوەی دەنگی لێوە بێت. (دیارخەر)

ج- دووجار دەستی ماچ کردم. (سەرە)

ڕستەی (ب) ڕاستەوخۆ دەبێتە دیارخەر بۆ ڕستەی سەرە کە (ج)ە، ڕستەی (أ) دەشێ وەك دیارخەر بۆ ڕستەی (ب) و (ج) بەیەکەوە سەیر بکرێ، بەڵام زیاتر هەر دیارخەری ڕستەی سەرەیە، بۆیە لێکدانی ڕستەی (أ) و (ب) ڕستەیەکی ئاڵۆزی واتادار ناهێنێتە بەرهەم، لە کاتێکدا کە لێکدانی ڕستەی (ب) و (ج) ئەم کارە ئەنجام دەدا:

١١- کاتێ ماڵئاواییم لێ کرد بێ ئەوەی دەنگی لێوە بێت.

١٢- بێ ئەوەی دەنگی لێوە بێت دووجار دەستی ماچ کردم.

ئەمە لە کاتێکدا کە ڕستەی (١١) ناڕێزمانی نییە، بەڵکو ناپەسندە. واتە لەگەڵ ئەوەشدا کە ڕستەی (١١) لە چوارچێوەی یاساکانی کوردی دەرنەچووە، کەچی واتایەکی تەواو نادات بەدەستەوە، هەر لەبەرئەوەی بیرۆچکەی (سەرە) و (دیارخەر) بەلاوەنراوە.

ڕێزمانی ئەرکی وای بۆ دەچێ کە بیرۆچکەی (ڕستەی ئاڵۆز) دەتوانێ بەتەواوی ڕێکخستنی ڕستە لە ڕووی ئەرکەوە لێك بداتەوە. ڕستە لە ڕوانگەی ئەرکییەوە وەك (ڕستەی ئاڵۆز) پێناسە دەکرێ و ڕستەی ئاڵۆز تاکە یەکەیەکی ڕێزمانییە کە هاڵیدەی (لە سەرووی ڕستەوە دان بەبوونیدا بنێت). بەمجۆرە دەتوانێ دەست لە زاراوەی ڕستە هەڵبگری لەوەی کە یەکەیەکی ڕێزمانی بێت و تەنیا لەو کاتانەدا بەکاری دێنێ کە دانەیەکی ڕێنووسی پێکدێنێ و دەچێتە نێوان دوو خاڵ یان دوو بۆشاییەوە. بەمەش

لە دوو واتایی دوور دەکەوێتەوە. ڕستە دەکاتە پێکهاتەی نووسین و ڕستەی ئاڵۆز وەك پێکهاتەی ڕێزمانی بەکار دێنیّ[1].

## جۆرەکانی پێوەندی نێوان ڕستەی ئاڵۆز

پێوەندی نێوان پێکهاتەکانی ڕستەی ئاڵۆز بەباوەڕی هالیدەی پێوەندییەکی مەنتیقییە، واتە (واتایی– ئەرکی). لێکدانەوەی ئەم پێوەندییانە لە دوو تەوەرەدا دەبینیّ:

**یەکەم/** پێوەندی بەندێتی و جۆرەکانی

پێوەندی بەندێتی ئەو پێوەندییەیە کە لە نێوان هەموو یەکەیەکی ئاڵۆزدا دەبینرێن وشەی لێکدراو و گریّ و ڕستەی ئاڵۆز... کە هاوسەنگی و ناهاوسەنگی تیّ دەکەویّ. بڕوانە ئەم لێکدانانەی خوارەوە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| – بالا | بەرز | (سەرەکی و لاوەکی) | وشەی لێکدراو |
| سەرە | دیارخەر | | |
| – دار و | بەرد و | (هاوسەنگی) | وشەی لێکدراو |
| سەرە | سەرە | | |
| – زیرەکترین | قوتابی | (ناهاوسەنگی) | گریّ |
| دیارخەر | سەرە | | |
| – باخچەی | مندالان | (سەرەکی و لاوەکی) | گریّ |
| سەرە | دیارخەر | | |
| – کە هاتم | تۆ لەویّ نەبووی | (ناهاوسەنگی) | ڕستەی ئاڵۆز |
| دیارخەر | سەرە | | |

(1) Halliday, 1985, p193.

– هاتن بەڵام زۆر نەمانەوە          (هاوسەنگی)          ڕستەی ئاڵۆز

سەرە          سەرە

لەم نموونانەی سەرەوەدا دەبینین زاراوەی سەرە و دیارخەرمان بەکار هێناوە سەرە (کەرەسە سەرەکییەکەیە) و دیارخەر (کەرەسە لاوەکییەکەیە). هەروەها دووجۆر پێوەندی بەندێتی دەستنیشان کراوە ئەویش هاوسەنگی و ناهاوسەنگییە. بەزۆری ڕستەی ئاڵۆز تێکەڵەیەکە لە هاوسەنگی و ناهاوسەنگی وەك لەم نموونەیەدا دەبینرێ:

– حەز دەکەم ئەگەر بتوانم بەڵام ناتوانم.

أ١          ١ب          ٢

لە نێوان ڕستەی (١و٢)دا پێوەندییەکی هاوسەنگی هەیە، بەڵام لە نێوان (١أ، ١ب)دا پێوەندییەکی ناهاوسەنگی و هیچ پێوەندییەك لە نێوان (١ب و٢)دا نییە. لێرەشدا دیسان پێویستمان بەزاراوەی (سەرە) و (دیارخەر) دەبێ. وەك لەم وێنەیەدا دەبینین.

| | سەرە | دیارخەر |
|---|---|---|
| هاوسەنگی | ١ | ٢ |
| ناهاوسەنگی | أ (سەربەخۆ) | ب (ناسەربەخۆ) |

هەروەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد کە پێوەندی بەندێتی دووجۆری هەیە ئەویش هاوسەنگی و ناهاوسەنگییە. لێرەدا هەریەکەیان ڕوون دەکەینەوە.

**أ– پێوەندی بەندێتی هاوسەنگی:**

پێوەندی بەندێتی هاوسەنگی ئەو پێوەندییەیە کە لە نێوان دوو توخمی یەکسان یان زیاتر لە دوو توخم لە وشەی لێکدراو یان لە گرێدا یان لە

ڕستەی ئاڵۆزدا بەسەر یەکەوە کە یەکێکیان دوای ئەوی تر دەکەوێت دروست دەبێت. لەم جۆرە پێوەندییەدا هەردەم کەرەسەی سەرەکی دەکەوێتە سەرەتا و کەرەسەی لاوەکیش دەبێتە تەواوکەری (دیارخەر) هەردووکیشیان سەربەخۆن. واتە هیچ بەشێکیان تیادا پشت بە بەشێکی تر نابەستێت. بۆیە ڕستەکان بەریز بەدوای یەکتردا دێن بێ ئەوەی هیچ ڕستەیەك یان بەشێك بەرهەڵستی ئەوی تر بکات وەك لەم نموونانەدا ڕوون کراوەتەوە:

– نان یان ئاو (هاوسەنگی)

١ ٢

– پیاو و ژن و منداڵ (هاوسەنگی)

١ ٢ ٣

– هاتم و دانیشتم (هاوسەنگی)

١ ٢

– کتێبەکەم بۆ برد بەڵام نەیخوێندەوە (هاوسەنگی)

١ ٢

– نە من هاتم، نە تۆ هاتی، نە ئەویش هات (هاوسەنگی)

١ ٢ ٣

**ب– پێوەندی بەندێتی ناهاوسەنگی:**[(١)]

واتە پێوەندی هەر دیارخەرێك بەسەر ئەوی ترەوە بەجۆرێك هەر دیارخەرێك وەسفی بەشەکەی پێش یان دوای خۆی دەکات و پشتی پێ دەبەستێت. لەم جۆرەیاندا هەردەم (سەرە) بنچینە و سەربەخۆیە و

(١) لە شیکردنەوەی نموونەکاندا بۆ پێوەندی هاوسەنگی ژمارەی (١، ٢، ٣)مان بەکار هێناوە، بەڵام بۆ پێوەندی ناهاوسەنگی هێمای (أ، ب، ج)مان بەکار هێناوە.

(دیـارخــەریش) لاوەکـی یـان نـاسـەربـەخـویـە پشت بـەسـەرە دەبـەسـتـێت. بەواتایەکی تر لە پێوەندی ناهاوسەنگیدا دەبینین بەشەکان یان ڕستەکان سەربەخۆ نین پشت بەیەکتر دەبەستن. بێ ئەوەی ڕستەکان بەڕیز بەدوای یەکتر دابێن.

سەیری ئەم نموونانەی خوارەوە بکە:

– کورتە باڵا (ناهاوسەنگی) (وشەی لێکدراو)

أ ب

– باشترین هاوڕێ (ناهاوسەنگی) (گرێ)

أ ب

– که تاریکی دادێت درەختەکان جۆرێکی تر ئەنوێنن. (ناهاوسەنگی) (ڕستەی ئاڵۆز)

(هەڵۆ، ل١١٦)

أ ب

– ئەگەر لێم بپرسێ وەڵامی دەدەمەوە. (ناهاوسەنگی) (ڕستەی ئاڵۆز)

أ ب

لەم نموونانەی سەرەوەدا دەبینین (ب)ەکان هەموویان سەرەکین و سەربەخۆن بەڵام (أ)ەکان ناسەرەکین (دیارخەر)ن واتە بەستراون بە ڕستەی سەرەکییەوە بۆیە پێیان دەوترێت (ناسەربەخۆ) بەتەنیا واتایان نابێت. ئەگەر شوێنیشیان ئاڵوگۆڕ بکرێ هەر ئەو بەشەی کە ناسەربەخویە وەکو خۆی دەمێنێتەوە نابێتە سەربەخۆ. وەك ئەمانەی خوارەوە:

– باڵا کورت.

– هاوڕێی باش

– درەختەکان جۆرێکی تر ئەنوێنن کە تاریکی دادێت.

– وەڵامی دەدەمەوە ئەگەر لێم بپرسێ.

**دووەم/ پێوەندی لۆجیکی و سیمانتیکی:**

ژمارەیەکی زۆر لە پێوەندی لۆجیکی و سیمانتیکی لە نێوان سەرە و دیارخەردا بەدی دەکرێ. بەڵام دەکرێ وەك هالیدەی لە دوو جۆری زۆر گشتیدا کۆیان بکەینەوە لە ژێر ناوی فراوانکردن و پەخشکردندا. کە بەتایبەتی لە پێوەندی نێوان کەرەسەکانی ڕستەی ئاڵۆزدا دەبینرێن(١).

بۆ ڕوونکردنەوە بڕوانە ئەم ڕستە ئاڵۆزەی خوارەوە کە پێکهاتووە لە سەرە و چەند دیارخەرێك:

(بۆ منداڵەکە پێم وتیت، کەسێکمان شتێکی ئەوتۆ دەربارەی ڕابردووی

سەرە　　　　　　　　　　دیارخەر

ژیانی نازانین، تەنانەت کە پرسیار لە خۆشی ئەکەین، لە زنجیرەیەك

دیارخەر

یادگاری ئەم کۆڵانە و ئەو کۆڵان بەولاوە شتێکی تر ناتوانێت بدات

دیارخەر

بەدەستەوە، بەڵام سەبارەت بەمام فیتەل، بەدرێژایی تەمەنی خۆم شتی

دیارخەر　　　　　　　　　　دیارخەر

دەربارە دەزانم)

(حوسێن عارف، ل٩١)

ڕستەی ئاڵۆز مەرج نییە هەر هەموویان لەم جۆرەی سەرەوە بن. هەندێ سەرەکان لە شوێنی تردا سەرهەڵدەدەن و پێوەندی نێوان ڕستەکانیش هەمیشە یەك جۆر نین. نموونەیەکی ئاسایی تر وەك ئەمەی خوارەوە دەبێ:

– گوێ نادەمێ بڕۆیت کە کارەکەت ئەنجام دا بەمەرجێ بێیتەوە کە پێویست بوویت.


سەرە +　　　　دیارخەر (کات)+　　　　دیارخەر (مەرج)

(1) Halliday, 1985, p193.

لێرەدا نموونەکە بەسەرە دەست پێ دەکات و دوو دیارخەری بەدوادا دێت کە یەکێك پێوەندی کات و ئەوی تریان پێوەندی مەرج لەگەڵ سەرەکەدا گرێیان دەدات بێگومان دەشکرێ ڕیزکردنی ڕستەکان بگۆڕدرێت.

ئەم بیری دیارخەریە دەشێ گەورە و دەوڵەمەند و وردتر بکرێ تاوەکو ئەم پێوەندییانە بە وردی پیشان بدات بەم ڕێگایانەی خوارەوە کە لەم نەخشەیەدا ڕوون کراوەتەوە:

پێوەندی لۆجیکی و سیمانتیکی[١]




**١- پێوەندی فراوانکردن** (Expansion):

لەم جۆرە پێوەندییەدا ڕستەی دیارخەر ڕستەی سەرەکە گەورە و فراوان دەکات بەڕێگەی:

أ- ڕوونکردنەوە.

ب- درێژکردنەوە.

ج- دەوڵەمەندکردن.

**أ- فراوانکردن بەڕێگەی ڕوونکردنەوە** Elabansion

واتە پاڕستەیەك واتای پاڕستەیەکی تر فراوانتر دەکات بەوەی هەموو پاڕستەکە یان خاڵێك تێیدا دووپات دەکاتەوە، زانیاری زیاتر و پوختەتری

(١) هەمان سەرچاوەی پێشو، ل١٩٣.

دەخاتە سەر ئینجا بەبەکارهێنانی وشەی تر بێت یان بەسەیرکردنی بارەکە یان ڕووداوەکە لە ڕوانگەی ترەوە یان هەر بەبەهێزکردنێکی مەبەستی ڕستەی یەکەم بێت وەك:

– قوتابییەکان چاوەڕێیان نەکرد، هەڵاتن.

لێرەدا (هەڵاتن) کە ڕستەی دووەمە، بیری (چاوەڕێ نەکردن) زیاتر ڕوون دەکاتەوە. پێوەندی ڕوونکردنەوە وەك پێوەندی یەکسانی وایە لە بیرکاریدا (پ١ = پ٢) و بەبێ ئامراز یان بەهۆی ئەم ئامرازانەوە ئاشکراتر دەبێ:

بەواتایەکی تر، بۆ نموونە، بەکورتی

١– بەواتایەکی تر (واتە)

لێرەدا ڕستەی لاوەکی یاخود دووەم هەمان بیر (فکرە)ی ڕستەی سەرەکی (ڕستەی یەکەم) دووبارە دەکاتەوە، بەڵام بەبەکارهێنانی وشەیەکی تر بۆ مەبەستی زیاتر ڕوونکردنەوە و بەهێزکردنی واتاکەی وەك:

– سەعاتەکەی ئەو نووستووە، ئیش ناکات.

– وتەکان یەك لە یەك ناڕێکترن، درۆن.

هەروەها دەتوانرێت ئامرازی لێکدەری وەك (واتە) بەکار بهێنرێت:

– کیسەڵی پیرەی دەوران کەوتبووە جموجۆڵ، ئەمە خاوەنی ئەو جێیە بووە پێش ئەوەی بکرێ بەباغ و باغچە، واتە لە ڕۆژگارێکدا کە زەوی ڕووت و خاو بوو.

(گوڵان، ژ٤٠٥، ل٤١)

٢- بۆ نموونە:

واتە ڕستە لاوەکییەکە واتای ڕستە سەرەکییەکە ڕوونتر دەکاتەوە بەوەی نموونەیەك یان زیاتر لەو بارە دەدات کە لە ڕستەی یەکەمدا باسی لێوە دەکرێ یان دەرئەنجامێکی لێوە پەیدا دەکات، لێرەدا هەندێ جار ئامرازی (بۆ نموونە) سەرهەڵدەدات:

- مرۆڤ حەز بە بەدگومانی دەکات، لە بەرانبەر ئەوەی کە لە خۆی ناچێت، بۆ نموونە بەرانبەر بیانییەك.

(ڕامان، ژ٥٧، ل١٩٤)

- لە دێ شتی سەیر سەیر بەرچاو دەکەون بۆ نموونە کەسانێ هەن یاری بەخاڵی ڕەش دەکەن.

(هاوماڵەکان، ل٥١)

٣- بەکورتی:

واتە ڕستە لاوەکییەکە ڕستەی مەبەستە سەرەکییەکە زیاتر ڕوون دەکاتەوە بە زیادکردنی لێکدانەوەیەکی تر یان هەر زیادەیەك کە پشتی مەبەستەکە بگرێ. لەم جۆرەیاندا هەندێ جار وشەی (بەکورتی) سەرهەڵدەدات وەك:

- من هیچ سەیرم پێ نەهات، چاوەڕێی ئەم شتەم دەکرد.

- برادەرێکم هەیە؛ نیوە شاعیر و نیوە پەخشاننووس و نیوە ڕۆژنامەنووسە، بەکورتی کابرا نووسەرە.

(داغستانی من، ل١٣١)

- ئێمە بەتەمای ئەوە نەبووین خانوو بفرۆشین، بەکورتی ئەوان زۆریان لێ کردین.

- کوڕەکە لەوە نەدەچوو لەگەڵ ئێمەی بێت، ئەو سەیری دارەکانی دەکرد.

**ب- فراوانكردن بەڕێگەی درێژكردنەوە Extension**

لە درێژكردنەوەدا ڕستەیەك واتای ڕستەیەكی تر درێژ دەكاتەوە بەوەی شتێكی نوێی دەخاتە سەر[١].

درێژكردنەوە هەندێ جار بەشێوەی زیادكردن (*إضافە*) یان گۆڕینەوە (تنوع) دەبێ، هەندێ جاریش بەشێوەی بریتی (بدائل) هەروەك ئەم خشتەیەی خوارەوە:

| پۆل | واتا |
|---|---|
| **١**- زیادكردن | |
| (و) زیادكردن بەگەرمی (ئیجابی) | **أ** و ب |
| (نە) زیادكردن بەناكردن | نە **أ** نە ب |
| بەڵام زیادكردن بەپێچەوانە | **أ** بەپێچەوانەی ب |
| ٢- بەگۆڕین (تنوع) | |
| لەبری (جیاتی). جێ گرتنەوە | **أ** نا بەڵام ب |
| جگە (*إستثناء*) لێدەركردن | **أ** بەڵام هەموو ب |
| یان. بریتی خستن (بدیل) | یان **أ** یان ب |

درێژكردنەوەش هەروەها دەكرێ بەڕێگەی سەربەخۆ بێت یان ناسەربەخۆ لێكدانی درێژكردنەوە بەسەربەخۆیی ڕستەی لێكدراو دێنێتە بەرهەم كە بەهۆی (و، بەڵام، یان، نا)وە دەردەبڕێت[٢].

لێرەشدا هەردوو جۆرەكەی درێژكردنەوە دەبینرێن:

(1) Halliday, 1985, p207.

(٢) بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە، ڕەفیق محەمەد محیە دین، ١٩٩٧، ل٤٣.

١– زیادكردن

أ– زیادكردنی سەربەخۆ

لەم جۆرەدا دوو كردە لە یەكتر دەدرێن بێ ئەوەی پێوەندییەكی هۆیی یان كاتی لە نێوانیاندا بەدی بكرێ:

– پیاوەكەی كار دەكات و ئەویش منداڵەكان بەخێو دەكات.

ئاماژەی كردەكان دەشێ پێوەندییان لە دنیای دەرەوەدا بەیەكترەوە هەبێت و ئەگەر باس لە یەك ئاستی هێماكاری بكەن دەبێ لە یەك كاتدا بن یان بەدوای یەكتردا بێن(١)، بەڵام ئەمە سیمای تایبەتی ئەم جۆرە درێژبوونەوە نییە. نموونەی تر.

– حەزمان دەكرد سەرتان لێ دەین، بەڵام ئەو كاتە سەرقاڵی شتی تر بووین.

– زووتر هەواڵەكەم دەدایتێ، بەڵام ناوونیشانتم لە لا نەبوو.

– نە ئەوان منیان پرسی، نە منیش ئەوانم پرسی.

ب– زیادكردنی ناسەربەخۆ

ئەم جۆرە زیادكردنە زیاتر بەئامرازی بەستنی (لەكاتێكدا) دەست پێ دەكات، وەك:

– ئەو گوندە قوتابخانەیەك و نەخۆشخانەیەكی تێدایە لە كاتێكدا گوندی لەوە گەورەتر بێ بەشە لەم ڕاژانە.

ئەوەی تێبینی دەكرێ ئەوەیە كە سنوورێكی ئاشكرا لە نێوان زیادكردن و پێچەوانەدا بەدی ناكرێ و ئەم ڕستانەش نەك هەر زیادكردن، بەڵكو پێچەوانەش پیشان دەدەن لە هەمان كاتدا.

(١) عبدالله حسین، ١٩٩١، ل٤٨.

زیادکردنی ناسەربەخۆ هەندێ جار بەهۆی (هەروەها، جگە لەوەش، بەپێچەوانەوە، سەرەڕای ئەوە، و–ش) دەبینرێ[1].

– سەرەڕای کوشتن دەستی دزیشی هەبوو.

– جگە لە ئیشەکەی خۆی ئیشی تریش دەکات.

**٢– گۆڕین:**

أ– گۆڕینی سەربەخۆ:

لە گۆڕینی سەربەخۆدا یەکێك لە ڕستەکان بەتەواوی یان ناتەواوی لەبری ئەوی تر دەبێت.

– ئیشەکە عەیبی نەبوو، بەڵام لە کاتی خۆیدا نەکرا.

– لەجیاتیی ئەوەی دانیشی قسەی زل بکەیت، یارمەتییەکی دایکە پیرەکەت بدە.

لەگەڵ ئامرازی (یان)دا هەندێ جار جێگە گرتنەوەی تەواو دێتە کایەوە[2].

– یان لێرە بنوو یان لەماڵی ئێمە.

– یان ئەوەتە سبەینێ لە ڕێگا شتێکم بەسەر دێت یان هەر وام کە سەفەرم دێتە بەر.

(ڕەشپۆشێك ل٢٦)

هەندێ جاریش دوو هەڵبژاردن شان بەشانی یەکتری دەمێننەوە.

– بەیانیان یان نان و هێلکە یان نان و ماست دەخوات.

لەم جۆرەدا ئامرازی بەستنی (بەپێچەوانەوە) لەگەڵ ئامرازی تردا دێ وەك:

(١) ڕەفیق محەمەد محیە دین، ١٩٩٧، ل٤٨.

(٢) هەمان سەرچاوە ، ل١٠١.

– نـەك يـارمـەتـی نـەدایـن، بـەڵـكو بـەپێچـەوانـەوە كۆسپی بـۆ دروست دەكردین.

ب– گۆڕینی ناسەربەخۆ:

گۆڕینی ناسەربەخۆ بەئامرازی بەستنی وەك (لەبری، لە جێی، ئەگەر.... نە، هتد) دەست پێ دەكەن كە لە گۆڕینی سەربەخۆدا نایەن، وەك:

– لەبری (لەجیاتی) ئەوەی یارمەتیمان بدات، كۆسپی دەهێنایە ڕێگامان.

– ئەگەر پارەكەت نەبردبێت، هەر لە شوێنی خۆیەتی.

لەم ڕستەیەدا (ئەگەر... نە) واتا و ئەركی (یان) دەبینێ كە لە گۆڕینی سەربەخۆدا دێت، بۆیە دەكرێ واتای ڕستەكە بەهۆی ئەمەوە دەرببڕێ:

– یان پارەكەت بردووە، یان لە جێی خۆیەتی.

جیاوازی نێوانیان لەوەدایە كە (یان) لە گۆڕینی سەربەخۆدا دێت، لەبەرئەوەی ڕستەكان جێگۆڕكێ ناكەن، بەپێچەوانەشەوە (ئەگەر .. نە) لە گۆڕینی ناسەربەخۆدا دێ و دەكرێ ڕستەكان شوێنیان بگۆڕن:

– پارەكە هەر لە شوێنی خۆیەتی، ئەگەر نەتبردبێ.

ئەم خشتەیەی خوارەوە ئامرازەكانی درێژكردنەوە لە لێكدانی سەربەخۆ و ناسەربەخۆدا پیشان دەدات:

| ئامرازەكان | سەربەخۆ | ناسەربەخۆ |
|---|---|---|
| (١) زیادكردن | ئەرێ: و<br>نەك: بەڵكو<br>نەرێ: نە.... نە<br>بەپێچەوانە: بەڵام | لە كاتێكدا |
| (٢) گۆڕین | یان... یان<br>نە.... نە | لە بریتی، لە جێی<br>ئەگەر... نە |

دەبێ تێبینی ئەوەش بکەین کە هەندێ لە ئامرازەکانی درێژکردنەوە تەنیا کاتێ بەکار دێن کە کاری ڕستەکە دیار بێت، واتە یان ڕابردوو یان ڕانەبردوو بێت.

وەك:

– دارا هات بەڵام دانەنیشت. (ڕابردوو)

– دێم بەڵام نان ناخۆم. (ڕانەبردوو)

هەندێکی تریان تەنیا کاتێ بەکار دێن کە ڕستەکە بێ کار بێت یان چاوگی تێدا بێت کە کات نیشان نادات وەك:

– سەرەڕای پیاوکوشتن، دەستی لە دزیشدا هەبوو.

– جگە لە ڕووڕەشی، هیچی بۆ نەمایەوە.

بەشی زۆری ئامرازەکان دەتوانن لە هەردوو جۆرەکە بن وەك (و، یان)

– کوشتن و بڕین پیشەی دێرینی دوژمنانی کورد بووە.

– یان کوردستان یان نەمان.

هەندێکیشیان کاتێ ڕستە دەبەستن کە (ئەوەی (کە) یان کە...) بەدوادا بێت:

– جگە لە کوشتن هیچ پیشەیەکی تر نازانێ.

– جگە لەوەی پیاو دەکوژێ، دزیش دەکات.

– سەرەڕای پارە موڵکێکی زۆریشی هەیە.

– سەرەڕای ئەوەی کە نانی دەخوات، قسەشی پێ دەڵێت.

**ج- فراوانكردن بەڕێگەی دەوڵەمەندكردن** Enhancement:

مەبەست لە دەوڵەمەندكردن ئەوەیە كە ڕستەیەك واتای ڕستەیەكی تر دەوڵەمەند دەكات بەزانیاری زۆرتر دەربارەی مەرجی ڕووداوەكە یان كات یان شوێن یان چۆنیەتی ڕووداوەكان. لەم جۆرەیاندا هەندێ ئامراز یان وشەی تایبەتی بەكاردەهێنرێت بەپێی ئەم ئامراز و وشانە دەتوانین چەند جۆرێكی لێ جیا بكەینەوە وەك لەم نەخشەیەدا ڕوون كراوەتەوە:

| | جۆر | واتا |
|---|---|---|
| ١- كات | | |
| | هەمان كات | أ لە هەمان كاتدا ب |
| | دواتر | أ ئینجا ب |
| | زووتر | أ پێش ب |
| ٢- شوێن | | |
| | هەمان شوێن | أ لەوێ ب |
| ٣- چۆنیەتی | | |
| | هۆكار | أ بەهۆی/ لە ئەنجامی ب |
| | بەراورد | أ وەك ب |
| ٤- مەرج | | |
| | ئەنجام | أ لەبەر ب |
| | مەرج (ئەرێ) | ئەگەر أ ئەوسا ب |
| | مەرج (نەرێ) | ئەگەر نا أ ئەوسا ب[١] |

كە دەوڵەمەندكردن لەگەڵ سەربەخۆیی یەك دەگرن ئەوا دەبێتە هۆی

(1) Halliday, 1985, p211. بەدەستكارییەوە

بەکارهێنانی هەندێك ئامرازی وەك (لە دوایدا، کەواتە، بۆ، هێشتا، پێش ئەوەی، ئەوسا، لەو شوێنەکە، چونکە، بۆیە، ئەگەر، بەم شێوەیە.. هتد)[1] لە ڕستەکەدا بەپێی ئەم ئامراز و وشانە دەتوانین جۆرەکان دەستنیشان بکەین وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا دەبینین:

**کات**:

– لەو کاتەدا دایکیشم تووشی دڵەڕاوکێ دەبوو ڕەنگی هەڵدەبزڕکا.

(کانگەی بەڵا، ل١٦)

– دایە هەموو شتێکم لەو ماڵە خۆش دەوێت، لە هەمان کاتیشدا ڕقم لە هەموو شتێکە.

(کاروان، ژ١٣٨، ل٧٤)

– دڵی خورپەیەك ئەکا، ئەوسا بەهەڵەداوان دێ، ئەشڵەژێ.

(توێشووی سەفەرێکی سەخت، ل٤)

– پێش ئەوەی وەرچەرخێم و سەر وەرگێڕم، دەرگاکە لە پشتمەوە کرایەوە.

(خۆرهەڵاتی دەریای ناوەڕاست، ل١١)

– پاشان هەموو ناڕەزاییەکانی خۆی کرد بە پرسیارێك و ئاراستەی باوکمی کرد.

(کانگەی بەڵا، ل٢١)

---

(١) بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە ئەم سەرچاوانەی خوارەوە:
أ– عەبدوڵڵا حوسین، ١٩٩١، ل٨١.
ب– د. کوردستان موکریانی، ١٩٨٦، ل٢٤.
ج– ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم، ١٩٨٠، ل٤٨.

شوێن:

– ئەو شوێنەی لەسەری وەستابوو دەرزی تێ کەوت و لە ژێرەوەی چاڵێکی گەورە دروست بوو.

(تاریکستانی لم، ل٣٩)

– پارەکەی ون کرد لە هەمان شوێن کتێبێکی دۆزییەوە.

**چۆنیەتی:**

– بەوردی بگەڕێ، بەم شێوەیە پێنووسەکە دەدۆزیەوە.

**مەرج:**

– ئەگەر خۆی بێت و قسەم لەگەڵدا بکات ئەوسا تێ دەگات مەسەلە چییە.

– ئەگەر سەختی شاخەکەش بخەیتە لاوە، گرفتی ڕێگاکە یەخەت دەگرێ.

(گەلە گورگ، ل٣٠)

**هۆکار:**

– قوتابییەکە نەیدەویست دووبارە دەست بەقسە بکات، بۆیە بەبێ دەنگی وەستا.

– چونکە نەیدەناسین، دەترسا و دەسڵەمییەوە.

(ڕامان، ژ٦٦، ل١٨٣)

– دەبوایە نامەکەی لە دەستم دەرکێشایە، چونکە نەمدەتوانی لەوە زیاتری بخوێنمەوە.

(خۆرهەڵاتی دەریای ناوەڕاست، ل١٧٣)

بەڵام کاتێ دەوڵەمەندکردن لەگەڵ ناسەربەخۆیی یەك دەگرن پاڕستەی ئاوەڵفرمانی پێك دێت. هەروەك چۆن لە سەربەخۆییدا پاڕستەی کاتی و شوێنی و چۆنیەتی و هۆیی هەبوو، بەڵام لەم جۆرەیاندا ئەم پاڕستانە یان لەگەڵ کاتی دیاریکراودا دێت یان کاتی دیارنەکراو لەگەڵ چەند ئامرازێکی وەك: (لەگەڵ، بەهۆی، دوای، بەر لەوەی، لە پێش، لە پاش... هتد) وا لە خوارەوە هەندێکیان دەخەینە بەرچاو:

نموونە بۆ جۆری یەکەم واتە کات دیار:

کات: (کاتێ، لەو کاتەی، بەزووترین کات، لەو دەقەی، هەرکاتێك، لە پاشان، لەوەتەی، لەپێش..هتد).

– کاتێ کە بەتەواوی کچەکە نزیك بۆوە، دیتی کوڕەکە خزمی خۆیەتی.

– لە وەتەی دەستی بەکار کردووە، زۆر بەکەمی دەیبینین بێتە دەرەوە.

– قوتابییەکان چوونە دەرەوە پێش ئەوەی پرسیارەکان ببینن.

شوێن: (لەو شوێنەی، لە هەر شوێنێك، لە هەموو شوێنێك...)

– لە هەر شوێنێك بیگاتێ، قسەی پێ دەڵێ.

– لەو شوێنەی کار دەکات، هەر لەوێش دەژی.

– لە هەموو شوێنێك چوویم بۆ شوێنی هەرچەند دووریش، بیرم هەر لە لای داغستان بووە.

(داغستانی من، ل١٠٧)

چۆنیەتی: (وەك، بەو چەشنە، بەجۆرێك...)

– وەك ئەو ڕووت و ڕەجاڵەم دێتە بەرچاو کە لە شوێنێکی زستانا لێرەوە باوەشی خۆی بۆ ئەم ئاگرە بکاتەوە کە بە دەیان کیلۆمەتر لێی دوورە.

(کانگەی بەلا، ل٢٩)

– بەم چەشنە دوو ژن لەم سەر زەمینەدا هەن، کە قەرداریانم.

(داغستانی من، ل٦٤)

هۆکار: (چونکە، کەواتە، بۆئەوەی، هەتا وەکو هەرچەندە کە،... هتد)

– شمەکەکانم بەسەراونخونی هەڵگرت بۆئەوەی باران تەڕیان نەکات.

– بۆ ئەوەی نەیبینن زوو خۆی لە پەنا چێورمەی گۆڕێکی نزیك ڕێگاکە حەشار دا.

(کوێخا سێوێ، ل٤٠)

مەرج

– ئەگەر بێ و ماوەیەك لەگەڵی ڕابوێریت زوو لە بەرچاوت دەکەوێ.

– ئەگەر بەکردار بێ بەتوانا و دارایی بێ ئەوا پێی ناوێرم.

جگە لەو ئامرازانەی کە ناومان بردن هەندێ ئامرازی تر هەن کە لە ناو و ئاوەڵفرمان و فەرمان وەرگیراون پێیان دەوترێت ئامرازی ئاڵۆز بەم شێوەیە:

١– ئامرازی فەرمانی

ئەم جۆرەیان تەنها بۆ مەبەستی فراوانکردنی دیاردەی لێکچوونی دوو پارستەکە بەکار دەهێنرێت بۆ نموونە:

– بابڵێین (گریمان) ئەوان نەهاتن، چی بکەین باشە؟

– گریمان ماڵەکەیان لەو گەڕەکەی خوارەوەیە، بەڵام کامەیانە؟

(نووسەری نوێ، ژ١٣، ل١٢١)

– گریمان بەقسەی ئێوە تەنها نانی وشکی خوارد! کرێی خانوو و هاتوچۆ و جلوبەرگ لە کوێ دێنێت؟

(نووسەری نوێ، ژ١٥، ل١٣١)

٢– ئامرازی ناوی: (ئەو ڕۆژەی، ئەو کاتەی..)

– ئەو ڕۆژەی کە گەیشتنە جێ، کچەکەیان لە دایك بوو.

– ئەو کاتەی هەواڵەکەتم پێ گەیشت من لە نەخۆشخانەبووم.

(ڕەشپۆشێك، ل٣٢)

٣– ئامرازی ئاوەڵفرمانی: (ئەوەندەی، لەوەتەی...)[١]

– ئەوەندەی من ئاگادار بم، ئەوان هێشتا نەڕۆیشتوون.

– ئەوەندەی لێ بزانم، هەر ئەوەیە کە پێم وتی.

– لەوەتەی دەیناسم، هەر ئەمەیە پیشەی.

بەڵام ئەو ئامرازانەی کە لەگەڵ پارستەی کات نادیاردا بەکار دێن بەتایبەتی ئەمانە دەگرێتەوە:

کات:

– دوای نەختێ دانیشتن، هەروەك چەند جارە لەسەر داوای دایکم چووم ماستاوم هێنا و یەك و پەرداخم دا بەدەستیان و یەکێکیشیان بۆ خۆم.

(کانگەی بەڵا، ل٤)

– پێش ڕۆیشتن ڕووناکییەکان بکوژێنەوە.

– لە کاتی بیرکردنەوەم لە ڕێگایەك کە چۆن دەربچم، ئیتر ڕێگاکانی تریشم لە بیر کرد.

شوێنی:

– ئەو شوێنانەی بەردەوام لە بەرچاو و لە خەیاڵمدان، نادیارن و هەموو کەسێ نایانبینێ.

(١) ڕەفیق محەمەد محیە دین، ١٩٩٧، ل٤٨.

– لە ڕێگای پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکان، بەهای خۆیان لە دەست دەدەن.

(گەلاوێژی نوێ، ل٣٧)

چۆنیەتی:

– تۆ مەڕۆ بەبێ تەواوکردنی ئیش و کارەکانت.

– بەئەوپەڕی لەخۆبایيبوون و دڵنیاییيەوە قومی لە جگەرەکەی دەستی دەدا.

(کانگەی بەلا، ل٣)

هۆکار:

– بەهۆی مردنەوە، هەموو شتێ لە بەرچاو دەکەوێ.

– بەهۆی ڕووناکییەوە، چاوم کەوتنەترووکە ترووك و دەهێشان.

(ڕامان، ژ٦٢، ل١٧٢)

– بۆ مەبەستی خۆیان، هەموو شتێ دەکەن.

لە ڕستەی کات نادیاردا دەبینین کە پاڕستەکە فەرمانی تێدانییە، واتە خۆی کاتی تێدا دەرناکەوێت و بۆ دۆزینەوەی پەنا دەبرێتە بەر ڕستەی سەرەکی دیسان بکەرەکەشیان هەر دەبێ بکەری ڕستە سەرەکییەکە بێت، هەرچەندە دەشێ لە پاڕستەکە خۆیدا دەرکەوێت:

– دوورکەوتنەوەکەی ئەو لە کارەکە وای کرد ئەوانی تر کارەکان بەباشی ئەنجام بدەن.

یەکێك لە جیاوازییە سەرەکییەکانی نێوان ڕستەی کات دیار و کات نادیار لەوەدایە کە جۆری دووەم دوو واتای تێ دەکەوێ، لە کاتێکدا کە ڕستەی کات دیار لەبەرئەوەی پێویستی بەئامرازە، تەنیا یەك واتا یان یەك پێوەندیی واتایی پیشان دەدات.

با بەراوردی ڕستەی ١– (أ و ب) و ٢– (أ و ب) بکەین.

١– أ– بەبێ ئامادەبوونم لە شوێنەکە من ناتوانم بڵێم چی ڕووی داوە.

ب– لەبەرئەوەی لە شوێنەکە نەبووم، ناتوانم بڵێم چی ڕووی داوە.

٢– أ– بەبێ ئامادەبوونم لە شوێنەکە من هەموو زانیاریەك لە بارەیەوە دەزانم.

ب– هەرچەندە لە شوێنەکە نەبووم من هەموو زانیارییەك لە بارەیەوە دەزانم.

**فراوانکردن بەبێ ئامراز:**

زۆرجار دوو ڕستەی کات دیار یان زیاتر دەکرێ بەبێ ئامراز بەرێگەی فراوانکردن لێك بدرێن. لە نووسیندا نیشانەکانی خاڵبەندی (لە کوردیدا بەکارهێنانی ویرگول) لە نێوان دوو ڕستە یان زیاتری لەم جۆرەدا ئەوەمان پیشان دەدات کە پێوەندی فراوانکردن لە نێوانیاندا هەیە و بەهەردووکیان یان پێکەوە ڕستەیەکی فراوانکراو پێك دێنن، هەرچەندە ئامرازی فراوانکردنەکەش دەرنەکەوتووە وەك لەم دەقەدا دەردەکەوێ کە دەکرێ هەموو بەچەند ڕستەیەکی فراوانکراو بژمێردرێ کە ڕستەکانی بەبێ ئامراز بەیەکترەوە لکێنرا بن:

(لەگەڵ حەشاماتەکەدا گەڕایتەوە ١، دەرگای ژوورەکەت کردەوە٢، لە دوای خۆتەوە ڕاتکێشا٣، کە داتخست غەڵبە غەڵبی ناو حەوشەکە کەمتر بووەوە٤، پێی قەڵس بووی٥، لەسەر قەرەوێلەکە دانیشتی کاس و پەست و بێزار٦، جلەکانت جلی ئاهەنگ و زەماوەند هەر لەبەربوون٧).

(تەنیایی، ل٣٣)

بۆ شیکردنەوەی ڕستەی وەها دەکرێ یەکێك لەم دوو ڕێگایە بگرینە بەر:

**ڕێگای یەکەم**: ئەوەیە کە پێوەندییە واتاییەکانی نێوان ڕستەیەك و ئەوەی دوای خۆی بەهۆی ئامرازەوە ئاشکرا بکەین: بەمە ژمارەی ڕستەکان کەمتر دەبنەوە، چونکە دەکرێ ڕستەی (١و ٢و ٣) و (٤ و ٥) و (٦ و ٧) لێك بدرێن و دەقەکە وەك ٣ سێ ڕستە سەیر بکرێ:

(کە لەگەڵ حەشاماتەکە گەڕایتەوە، دەرگای ژوورەکەت کردەوە و لە دوای خۆتەوە ڕاتکێشا١. کە داتخست غەڵبە غەڵبی ناو حەوشەکە کەمتر بۆوە بەڵام پێی قەڵس بووی٢. کە لەسەر قەرەوێڵەکە دانیشتی کاس و پەست و بێزار، جلەکانت جلی ئاهەنگ و زەماوەند هەر لەبەربوون٣).

**ڕێگای دووەم**: ئەوەیە کە هیچ دەستکارییەکی دەقەکە نەکرێ و وەها دابنرێ کە لە حەوت ڕستەی سەربەخۆ پێکهاتووە و ڕستەکان پێوەندی واتایی لە نێوانیاندا نییە. ئەم جۆرە شیکردنەوەیە زیاتر لەگەڵ مەبەستی نووسەرەکەدا دەگونجێت، چونکە چیرۆکنووسەکە لێرەدا دەیەوێ زنجیرەیەك ڕووداوی پچڕ پچڕ بێ پێوەندی بەیەکترەوە پیشان بدات کە ڕەنگدانەوەی باری هۆشەکی و دەروونی پاڵەوانەکەیەتی.

ڕستەی کات نادیار لە هەڵکەوتدا ناسەربەخۆیە، واتە دەبێ بەڕستەکەیەوە بەند بکرێت. هەر لەبەر ئەم ناسەربەخۆیەیە کە نیشانەی ئاشکرای لەگەڵدا نییە تا ناسەربەخۆییەکەی پیشان بدات. ئەم ڕستانەی کە بەبێ ئامراز دێن، گومان لەوەدا نییە کە ناسەربەخۆن و بەشێکن لە ڕستەی ئاڵۆز وەك لەم نموونانەدا دەردەکەوێ:

– بەدەم جنێودانەوە، دارا بەنائومێدی گەڕایەوە ماڵەوە.

– بەهەڕەشەکردن کارەکەی بردە سەر.

بۆ شیکردنەوەی ئەم جۆرە ڕستانە دەبێ بیانگێڕینەوە بۆ ڕستە کات دیارە هاوتاکانیان پێش ئەوەی جۆری پێوەندییان لەگەڵ ڕستە

سەرەکییەکەدا دەرکەوێ. ئەوسا ئەگەر ڕستەیەکی وەسفی بن، ئەوا ڕستەی کات نادیارەکە ڕستەیەکی فراوانکراوە، ئەگەر لێکدراو بێت، ئەوا درێژکراوەیە بڕوانە ئەم نموونانە:

١- أ- دوای ماڵئاوایی میوانەکە سواری ئەسپەکەی بوو.

ب- دوای ماڵئاواییکردن میوانەکە سواری ئەسپەکەی بوو. (فراوانکراو)

ج- میوانەکە ماڵئاوایی کرد و سواری ئەسپەکەی بوو. (درێژکردنەوە)

٢- أ- لە گەڕانەوەدا تووشی من هات.

ب- کە گەڕایەوە تووشی من هات. (فراوانکراو)

ج- گەڕایەوە و تووشی من هات. (درێژکردنەوە)

**فراوانکردن بەتەهەڵکێشان:**

لە تێ هەڵکێشاندا پاڕستەیەك یان گرێیەك دەچێتە ناو ڕۆنانی گرێیەکی ترەوە و ئەرکی ئەو دەبینێ وەك: [کە لە ڕێگا دیمان] لە ڕستەی

- ئەو پیاوەی کە لە ڕێگا دیمان خاوەن زەوی و سامان بوو.

بەمجۆرەی خوارەوە شی دەکرێتەوە:

- ئەو پیاوە(ی کە لە ڕێگا دیمان) خاوەن زەوی و سامان بوو.

لێرەدا پاڕستەیەك لە پلەدا بەزیوە و ئەرکی دیارخەرێك دەبینێ کە دەکرێ بەوشە یان بەگرێ ئەنجام بدرێ وەك لەم ڕستانەی خوارەوەدا دەبینرێ:

- پیاوەکە[ی لە بەردەگا وەستاوە] خزمێتی.(پاڕستە)

- پیاوەکە[ی بەردەرگا] خزمێتی. (گرێ)

– پیاوەکە[ی شەوێ] خزمێتی.     (وشە)

دەبێ تێبینی ئەوە بکرێ کە ئەم پاڕستە و گرێ و وشانەی سەرەوە ئەرکی دیارخەرێ دەبینن لە گرێیەکی ناویدا. جگە لەم ئەرکە کەرەسەی تێهەڵکێشرا و دەشێ ببێتە سەرەی (دیارخراو) گرێی ناوی وەك لەم نموونانەدا دیارە:

– [گەڕانەوەی ئێوە] بارەکە دەگۆڕێ.

– [هاتنتان] مایەی شانازییە.

یان دیارخەرێکی پاشەوە لە ئاوەڵگوزارەدا.

– من میوانەکانم نەبینی [کە گەیشتنە جێ].

ئەم خشتەی خوارەوە جۆرەکانی تێ هەڵکێشان پیشان دەدات:

| جۆرەکان | لە گرێی ناوی | لە ئاوەڵگوزارەدا |
| --- | --- | --- |
| ١– پاڕستەی دیارخەری پاش ناو | ئەو زەوییە [ی داگیری کرد] | زووتر [لەوەی بەتەما بووین]. |
| ٢– سەرەی پاڕستە | [ئەوە ئەوان دروستیان کرد] ئێمە ڕووخاندمان | زووتر لە [ئێمە] |

هەموو جۆرەکانی تێهەڵکێشان یەکێکن لەم دووە و هەرگیز لەمان تێپەڕ ناکەن. دەبێ ئەوەش بزانین کە تێهەڵکێشان و پێوەندی سەربەخۆی و ناسەربەخۆی شتی جیاوازن: لە کاتێکدا کە سەربەخۆیی و ناسەربەخۆی پێوەند بن لە ناو ڕستەدا، تێهەڵکێشان پێوەندی نییە، تێهەڵکێشان میکانیزمێکە کە لە ڕێگەیەوە پاڕستەیەك یان گرێیەك دەچێتە ناو

پێکهاتەی گرێیەکەوە. کە خۆی پێکهاتەی پاڕستەکەیە. بەمجۆرە پێوەندی ڕاستەوخۆ نییە لە نێوان پاڕستەیەکی تێهەڵکێشراو و ئەو پاڕستەیەی کە تێی ئاخێنراوە. پێوەندی پاڕستە تێهەڵکێشراوەکەو ئەو پاڕستەیەی کە تێی دەئاخێنرێ پێوەندییەکە لە دەرەوە، واتە ناڕاستەوخۆ و لە ڕێی گرێیەوە: پاڕستە تێهەڵکێشراوەکە لە ناو ڕۆنانی گرێیەکەدا ئەرکی خۆی دەبینێ و گرێیەکەش لە ناو پاڕستەکەدا.

هەروەك ئەو پاڕستانەی کە پێوەندی سەربەخۆی و ناسەربەخۆیی لە نێوانیاندایە، کەرەسەی تێهەڵکێشراو یان بۆ فراوانکردن یان بۆ پەخشکردنە. (لێرەدا باس لە جۆری یەکەم دەکەین؛ جۆری دووەم دەچێتە دواتر).

ئەو کەرەسە تێهەڵکێشراوەی بەمەبەستی فراوانکردن دێت یان بۆ دیاریکردنە یان سنوورکێشان. بەم پێیە بڵاوترین جۆری تێهەڵکێشان ڕستەی ئاوەڵناوی پاشکەوتووی سنوورکێشە وەك: (پیاوەکەی کە زەوییەکەی کێڵا) لە ڕستەی:

– پیاوەکەی کە زەوییەکەی کێڵا هاتووە بەمیوانی.

لێرەدا ڕستە ئاوەڵناوییە پاشکەوتووەکە ئاماژە بۆ سەرەکەی دەکات.

(پیاو) و لە نێوان ئەو هەموو پۆلە پیاوانەی کە وشەی (پیاو) دەیانگرێتەوە یەکێکیان هەڵدەبژێرێ.

ئەم ڕستانەی خوارەوەش هەر لەم بابەتەن.

– کوا ئەو گەڕەکە[ی بەمنداڵی تێیدا دەژیای]؟

– ئەو کوڕە دەناسیت [کە وێنەکانی گرتین]؟

هەموو ئەو هەڵبەستانەی خوێندەوە [کە بەو بۆنەیەوە داینابوون].

هەموو ئەم پارستە تێهەڵکێشراوانە ڕستە سەرەکییەکە فراوان دەکەن. هەرچەندە لە پارستەی تێهەڵکێشراودا ئەو جیاوازییەی کە لە نێوان ڕوونکردنەوە و درێژکردنەوە و دەوڵەمەندکردندا لە ڕستەی سەربەخۆ و ناسەربەخۆدا دەکرێ. (جۆرەکانی فراوانکردن) ئەو گرینگییەی نامێنێ، دەشێ هەمان جیاوازی بدۆزینەوە و لەسەر هەمان ڕێگە بڕۆین:

ڕوونکردنەوە: هەموو ئەو ڕستە ئاوەڵناوییە پاشکۆیانەی کە بە(ی کە) یان بەفرێدانی (کە) دەست پێ دەکەن بەمەبەستی ڕوونکردنەوە دێن وەك لەم ڕستانەدا دەبینین:

– ئەو کوڕە[ی کە وێنە دەگرێ] دراوسێمە.

– ئەو کوڕە[ی وێنە دەگرێ] دراوسێمە.

لە ڕستەی ئاوەڵناوی پاشکەوتوودا ناوە سەرە کە هەریەك کەسە دووجار دەگوترێتەوە و دوو شتی دەدرێتە پاڵ، واتە لەو ڕستانەی سەرەوەدا ئەو کوڕەی وێنە دەگرێ هەر ئەو کوڕەیە کە دراوسێمە.

ڕستەی ئاوەڵناوی پاشکەوتووی نادیارکەریش کە ئاسایی بە(کە) دەست پێ دەکات هەر بەمەبەستی ڕوونکردنەوە دێت، هەرچەند لە ڕووی فۆنۆلۆجییەوە لە ڕستەی ئاوەڵناوی پاشکەوتووی دیارکەر جیاوازە لەوەدا کە کۆمەڵەیەکی ئاوازی سەربەخۆ پێك دێنێ. بۆ نموونە (کە دنیای گرت).

لە ڕستەی:

– سەلاحەدین [کە دنیای گرت]. لە زومرەی کوردی بابان بوو.

بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی سەرە ناوییەکە [سەلاحەدین] بەکار دێت.

دەبێ تێبینی ئەوەش بکەین کە هەندێ جار سەرەکە لە خۆیدا ئاڵۆزە واتە لە چەند بەشێ پێکهاتووە. لە کاتی وادا ڕستە ئاوەڵناوییە پاشکەوتووەکە

هەر بۆ ناوەکە ناگەڕێتەوە، بەڵکو بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی هەموو سەرە ئاڵۆزەکە دێت، وەك لەم ڕستانەدا دەبینرێ:

– یەکەم کەس [کە هات] دارا بوو.

– چاکترین پاداشت [کە درا بێت] هینەکەی من بوو.

لێرەدا ڕستە ئاوەڵناوییەکە بەتەنیا (کەس) یا (پاداشت) ڕوون ناکەنەوە، بەڵکو بۆ هەموو سەرە ئاڵۆزەکە دەگەڕێتەوە (یەکەم کەس) و (چاکترین پاداشت).

جۆرێکی تر لە کەرەسەی تێهەڵکێشراو کە بەمەبەستی ڕوونکردنەوە بەکار دێت لە شێوەی ئاوەڵگوزارەی شوێندان. ئەمانە بەناوی شوێن دەست پێ دەکەن و (تەنیشت، ژێر، لا، کن،....هتد) بە(ی) ئیزافەوە بەناوە سەرەکەوە دەنووسێن وەك:

– کوڕەکەی [تەنیشت من] برایەتی.

– پیاوەکەی [نزیك ئێوە] خزممە.

هەرچەندە ئاوەڵگوزارەکان لێرەدا لە سروشتدا لە گرێی بەند دەچن و ئەم ناوانە زۆرجار لەگەڵ ئامرازی بەنددا دێن، دەبێ تێبینی ئەوە بکەین. کە ئامراز و گرێی بەند لەم دەربڕینەدا نایەن:

– پیاوەکەی [کە لە ژێر کەپرەکە] خزممە.

– کوڕەکەی [کە لە تەنیشت تۆ] برایەتی.

دەبێ تێبینی ئەوەش بکەین کە ڕستەی تێهەڵکێشراو کەم و زۆر بەمەبەستی درێژکردنەوە نایەت، بۆ زیادکردن یان گۆڕین، تاکە جۆر لە ڕستەکە دەشێ وەك درێژەپێدان سەیر بکرێ ئەو جۆرەیە کە خۆیەتی دەگەیەنێت لەم گوتنانەی خوارەوە:

– زەوییەکە، [ئەوەی ئێوە،] پانتایی چەندە؟

– ئەو خەڵکە [ئەوانەی خانووەکەیانمان بینی] چۆن دەژین؟

بەڵام تەنانەت ئەم ڕستەی تێهەڵکێشراوانەش دەشێ بەڕوونکردنەوە بژمێرین.

دەوڵەمەندکردن: ئەو ڕستە تێهەڵکێشراوانەی بە مەبەستی دەوڵەمەندکردن دێن ئاسایی زانیاری دەربارەی کات و شوێن و مەبەست دەدەن ئەمانە هەندێ جار دەبنە بەشێك لە سەرەی ڕستە سەرەکییەکە. ئەو ڕستە تێهەڵکێشراوانەی کە دەبنە بەشێك لە سەرە ئەو ناوی کاتانەن کە دەشێ بە پارستە دەوڵەمەند بکرێن وەك: کات، ڕۆژ، وەرز، بۆنە، .... هتد. وەك لەم ڕستانەدا دەیبینین.

– ئەو کاتە کەیە کە ڕێواس پێ دەگات؟

– ئەو ڕۆژە کەیە کە بەئازادی دەگەین؟

ئەم ڕستە تێهەڵکێشراوانە بەشێکن لە سەرەی ڕستەکە هەرچەندە لێشی جیا بوونەتەوە وەك لەمانەدا دەردەکەوێ:

– ئەو کاتە[ی کە ڕێواس پێ دەگات] کەیە؟

– ئەو ڕێگایە[ی کە تۆی لەسەری] سەرت دەخوات.

دەبێ پارستەی تێهەڵکێشراوی ناسەربەخۆ لە لایەك و پارستەی تێهەڵکێشراو بەمەبەستی ڕوونکردنەوە و دەوڵەمەندکردن لە لایەکی تر لە یەکتری جودا بکرێنەوە چونکە لە ڕۆناندا سەر زاری لەیەك دەچن. بەراوردێکی ئەم ڕستانە بکە:

١– ئەو کاتەی [کە گەیشتیت] من لە دەرەوە بووم.

(پارستەیەکی تێهەڵکێشراوی ناسەربەخۆیە).

٢- كاتێك [كە بەدڵی من بێت] بەیانییان زووە.

(پاڕستەیەكی تێهەڵكێشراو بەمەبەستی ڕوونكردنەوەیە).

٣- ئەو كاتەی [كە گوڵ چرۆ دەكات] من لە ئەورووپام.

(پاڕستەیەكی تێهەڵكێشراو بەمەبەستی دەوڵەمەندكردن).

هەندێ جار پاڕستەی تێهەڵكێشراو بەمەبەستی دەوڵەمەندكردن لە شێوەی ئامرازی بەندا دێت، بەتایبەتی دوای ناوێكی وەك: چارە، ڕێگە،... هتد.

- تاكە ڕێگە [بۆ دەرچوون لە ژیاندا] هەوڵی بێ وچانە.

ئەركێكی تری كەرەسەی تێهەڵكێشراو كە بەندە بەفراوانكردنەوە لەوەدایە كە خۆی دەبێتە سەرە لە ڕێگای بەناوكردنەوە، واتە كەرەسە تێهەڵكێشراوەكە دەبێتە سەرەیەكی بەناوكراو. وەك لەم نموونانەدا دەبینین.

- [گەڕانەوەت] بارەكە ناگۆڕێ.

- [بەهەرەشەكردن لە خەڵكی] نابیت بەشت.

ئەم جۆرە پاڕستانە لە خۆیان كردەن و دەشێ بە(كردە) ناویان ببرێن. هەروەها پاڕستەی كردە دەشێ بەدیارخەرێكی پشت سەرەیەكی ناوی بژمێردرێ. هەروەك لەم ڕستەیەدا دەردەكەوێ:

- [بەكردەی هەڕەشەكردن] نابیت بەشت.

بەم پێیە دەكرێ پاڕستەی كردە بۆ مەبەستی ڕوونكردنەوە بەكار بێت. نموونەی تر لەم جۆرە:

- [بوونی گومان] لە ڕاژەی كێشەكەدا نییە.

- [خۆبەزل پیشاندان] چاری كێشەكە ناكات.

## ٢- پێوەندی پەخشکردن

پەخشکردن ئەو پێوەندییە واتایی و لۆجیکییەیە کە تێدا ڕستە ڕاستەوخۆ ڕاستییەکانی دەوروبەر نانوێنێ، واتە باس لە دەوروبەر ناکات، بەڵکو ڕەنگدانەوەی نواندنێکی ترە: کەواتە نواندنی نواندنە؛ نواندنی یەکەم لە دەرەوە ی زمانە، دووەمیان لە ناوەوەیە. ڕستەی پەخشکراویش وەك ڕستەی تر بەشێوەی سەربەخۆ و ناسەربەخۆ و تێهەڵکێشراو...هتد دەبینرێ وەك لەم ڕستانەدا دەردەکەوێ:

١- أ- دارا دەڵێ: من نان ناخۆم. (سەربەخۆ)

ب- دارا دەڵێت کە نان ناخوات. (ناسەربەخۆ)

ج- دارا دەیەوێ نان نەخوات. (تێهەڵکێشراو)

پەخشکردن دوو جۆری بڵاوی هەیە: گوتنی ڕاستەوخۆ و گوتنی ناڕاستەوخۆ:

أ- گوتنی ڕاستەوخۆ:

گوتنی ڕاستەوخۆ ئاساییترین شێوەی پەخشکردنە وەك لەم ڕستەیەدا دەبینرێت:

- کاوە بەردەوام دەڵێ: هەموو شەوێ تا درەنگ دەخوێنمەوە.

ڕستەی پەخشکار کردەیەکی زمانییە، کردەی گوتن و ڕستەی پەخشکراویش گوتنەکە دەنوێنێ هەروەك لە خوارەوە دەبینین:

- کاوە بەردەوام دەڵێ: هەموو شەوێ تا درەنگ دەخوێنمەوە.

↓ ↓

ڕستەی پەخشکار ڕستەی پەخشکراو

لـێرەدا پـێوەنـدی نـێوان دوو ڕستـەكـە لـە جـۆری سەربـەخـۆیـە، واتـە هـەریەكـەیان بەتەنیا لە بەهادا هـاوسەنگن و هیچمان لەوی تر كەمتر نییە. لە نووسینی كوردیدا لە ڕستەی كوردی ڕستەی پەخشكراو ئاسایی لە دوای دوو خـاڵـەوە دێ. لـە قسەكـردنـدا یـان لـە ڕووی فـۆنـۆلـۆجـیـیـەوە، ڕستـەی پەخشكار بەئاوازێكی نزمتر دەردەبڕێ، واتە دەركەوتنی كەمترە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی كە ڕستەی پەخشكار ئەركی هەر ئەوەندەیە كە گوتنەكە بداتە پاڵ یەكێك. واتە هەر ئەوەندەیە كە ئاماژە بۆ ئەوە بكات كە ڕستەكەی دوای خـۆی پـەخش كـراوە، بـەتـایـبـەتـی چـونـكـە هـیـچ شتـێك لـە ڕۆنـانـی پەخشكراوەكە ئەم زانیارییە نادات. لەبەرئەوەی وەك هەموو ڕستەیەكی ترە دەكرێ بەتێبینییەكی سەربەخۆ دابنرێ.

ڕستەی پەخشكراو داڕشتنە، واتە ئەو دیاردەیەی دەینوێنێت دیاردەیەكی لێكسیكی ڕێزمانییە. با لەم نموونەیەی خوارەوە ورد بینەوە:

– ورچەكە گوتی: هەر دەتخۆم.

لە كاتێكدا كە ڕستە پەخشكارەكە (ورچەكە گوتی) ڕاستییەكی ئاسایی یان دیاردەیەكی خیبرەیی دەردەبڕێ، ڕستەی پەخشكراو (هەر دەتخۆم) دیـاردەیـەكی پلـە دوو دەنوێنـێ، شتێك كـە لـە خۆیدا نواندنـە دەكرێ پێی بگوترێ (مێتا دیاردە)، یان دیاردەی دیاردە. ئەمەش بەوەدا دەردەكەوێ كە هەر كاتێك مشتومڕ بێتە ئارا، كێشەكە لەوەدا نییە كە ورچەكە قەلەكە دەخوات یان نا، بەڵكو لەوەدایە ورچەكە وای گوتووە یان نەی گوتووە. واتە كە پرسیار لە بارەی ڕستەكەوە دەكەین، زیاتر: گوتی یان نا؟ نەك: خواردی یان نا. دێتە بیر.

كەواتە ئەم جۆرە ڕستانە كە لە ڕستەی ئاڵۆز پێك دێن. دوو ڕستەی سەربەخۆی تێدایە و پێوەندی واتایی پەخشكردن لە نێوانیاندا هەیە. ڕستەی پەخشكار كردەیەكی زمانییە و ڕستەی پەخشكراویش داڕشتنەوەیە. ئەو

فەرمانانەی لە ڕستەی پەخشکاردا دێن ئەمانەی خوارەوەن:

١- دەڵێ، (گوتی، وتی): (لە هەموو بڵاوترە).

٢- ئەو فەرمانانەی تایبەتن بە هەواڵدان و پرس و فەرمانەوە. وەك پرسی، داوای کرد، وەڵامی دایەوە، (هاتە وەڵام).

٣- هەندێ کار کە جۆری گوتنەکە دەردەخەن وەك: شیراندی، نەڕاندی، زیڕاندی، (گوتی بەتووڕەییەوە)، چرپاندی بەگوێما، هاواری کرد. (ئەمانە فەرمانی گوتن نین بەڵام دەکرێ بۆ ئەم مەبەستە بەکار بێن) وەك لەم نموونانەدا دەبینین:

١- أ- "بڕۆ دەرەوە": بەڕێوەبەر شیڕاندی بەسەریا.

ب- "ناڕۆم": بەردەستەکەی وەڵامی دایەوە.

٢- أ- "کوا کتێبەکە؟" کیژەکە پرسی.

ب- "نازانم": کوڕە وەڵامی دایەوە.

٣- "تا تووڕە نەبووە، بڕۆ دەرەوە" چرپاندم بەگوێیدا.

٤- "چەندم پێ گوتی دەستکاری کتێبەکان مەکە" باوکی نەڕاندی.

ب- گوتنی ناڕاستەوخۆ

نەك هەر گوتن، بەڵکو کردەی بیریش دەکرێ پەخش بکرێت وەك لەم نموونەدا دەبینین:

- پزیشکەکە باوەڕی دەکرد "کە نەخۆشەکەی چاك دەبێتەوە".

أ دیاردە (پەخشکار) ب پشت دیاردە (پەخشکراو)

ڕستەی ئاڵۆز دیسان لە دیاردەیەك (أ) و پشت دیاردەیەك (ب) پێك دێ. جیاوازی نێوان ئەمە و ڕستەکانی پێشتر (گوتنی ڕاستەوخۆ) لەوەدایە کە.

١– ڕستەی پەخشکار کردەیەکی ناو مێشك پیشان دەدات.

٢– ڕستەی پەخشکراو داڕشتن و گوتنێك نییە، بەڵکو بیرێکە یان مەبەستێکە، واتە واتایەکە.

شتێك کە وەك واتا پەخش بکرێ هەر دیاردەیەکی زمانە، هەروەك لە پێشترەوە گوترا (پشت دیاردەیە)، بەڵام بوونی لە ئاستێکی تردایە، ئاستی واتاسازی نەك لێکسیکی و ڕێزمانی. کاتێ شتێك وەك واتا پەخش دەکرێ، دەبێ پێشتر پەیڕەوە زمانییەکە پێچابێتیەوە و ئامادەی کردبێت، بەڵام واتا یەك جار دەپێچرێتەوە نەك دووجار وەك لە داڕشتنی گوتندا ڕوو دەدات بەمجۆرە:

(دیاردەی هاتنە خوارەوەی ئاو لە ئاسمان دەکرێ وەك واتە دەرببڕێت بەکردەیەکی مێشکی وەك لە (وابزانم دەبارێ)دا، بەڵام کە هەمان دیاردە وەك کردەی گوتنەوە دەنوێنرێ (من گوتم: باران دەبارێ) واتاکە (دەبارێ) دەگۆڕێت بە(گوتنی) یان داڕشتنەوەی بیرەکە (نەك بیرەکە خۆی) کەواتە گوتنەوە دووجار دەکۆڵرێتەوە)(١).

بەمجۆرە گوتنی (ناڕاستەوخۆ) دووجار دوورکەوتنەی لە دەوروبەر تێ دەکەوێ، واتە بەدوو هەنگاودا تێ دەپەڕێ تا دێتە دی.

کە بیرێك وەك توانا ڕەوانە دەکرێ هەر ئەو وشانەی قسەکەر ناگوترێتەوە چونکە لە ڕاستیدا وشە لە ئارادا نییە، هەر لەبەرئەمەشە کە لە واتا پەخشکردندا دوو ڕستەی سەربەخۆ ناچنە پاڵ یەکتری، بەڵکو پێوەندییەکی ناسەربەخۆ لە ناو ڕستەکەدا دروست دەبێ. بەواتایەکی تر، بیر پەخشکردن بەزۆری لە شێوەی ڕستەی ئاڵۆزدا دەردەبڕێ کە پێوەندی نێوان ڕستەکانی پێوەندییەکی ناسەربەخۆن:

---

(1) Halliday, 1985, p23.

**١– أ–** من گوتم: باران دەبارێ.

↓ ↓

سەربەخۆ سەربەخۆ

ب– وابزانم باران دەبارێ.

↓ ↓

سەربەخۆ ناسەربەخۆ

دەبێ تێبینی ئەوەش بکەین کە پێوەندییە ناسەربەخۆکە تێڕوانینێکی جیاواز دەگەیەنێت. با بەراوردێکی ئەم دوو ڕستەیە بکەین.

**٢– أ–** دارا گوتی: من بۆ سبەینێ دەگەمەوە ئێرە.

ب– دارا وای بەبیردا هات کە بۆ ڕۆژی دوایی دەگاتەوە ئەوێ.

لە ڕستەی (أ) قسەکەر خۆی ناوەندی هەموو بارەکەیە. واتە کات و شوێن و پلە و پایە هەمووی لە ڕوانگەی خۆیەوە دەبینێ و لەبەرئەمەش شێوە لێکسیکییە ڕێزمانییەکە دەپارێزی بەوشەی وەك: (من، دێمەوە، سبەینێ، ئێرە). بەپێچەوانەشەوە لە ڕستەی (ب)دا ناوەندی کات و شوێن و پایە لە ڕستەی پەخشکراوەکەدا گۆڕاوە بۆ ئەو کەسەی کە گوتنەکە دەگەیەنێ، واتە پەخشکار نەك دارا، لەبەرئەوە دارا بووە بە(ئەو)، شوێنەکەی (ئێرە) گۆڕاوە بە(ئەوێ) و (سبەینێ) بۆ (ڕۆژی دوایی).

بەمجۆرە دەبینین کە گۆڕینی ڕوانگە لە قسەکەرەوە بۆ پەخشکار سیمایەکی هەمیشەیی و نەگۆڕی گوتنی ناڕاستەوخۆیە کە بیر یان واتا نەك گوتنەوە دەگوازێتەوە.

دەبێ ئەوەش بزانین کە قسەکەر شێوەی گوتنی سەربەخۆی ڕاستەوخۆ دەگرێتە بەر مەرج نییە گوتنەکە بەوردی وشە بەوشە دووپات بکاتەوە، بەڵکو هەوڵ دەدات کە گوتنەکە بەڕێگایەك بنوێنێ نزیك بێت لە گوتنی

یەکەم. هەرچی گوتنی ناسەربەخۆی ناڕاستەوخۆیە هەوڵدانە بۆ گەیاندنی مەبەستی گوتنەکە یان واتاکەی وەك لەم ئاخاوتنە سێ کەسییەدا دەردەکەوێ.

سەعاتچی: ئیش ناکات. شکاوە. دەبێ چاك کرێ.

پیاو: (ڕوو لە کوڕەکەی دەکات): دەڵێ چی؟

کوڕ: دەڵێ پێویستی بەچاککردنە.

لێرەدا قسەی کوڕەکە، واتە گوتنە ناسەربەخۆ ناڕاستەوخۆکە بۆ گەیاندنی مەبەستی سەعاتچییەکەیە، لەبەرئەوە بەوردی و وشە بەوشە گوتنی سەعاتچی نەگواستۆتەوە، بەڵام بیرەکەی یان واتاکەی بەتەواوی گەیاندووە.

ئەو فەرمانانەی لە گوتنی ناڕاستەوخۆ دابەکار دێن هەر ئەوانەن کە لە گوتنی ڕاستەوخۆدا هەن وەك: (دەڵێ، دەپرسی، داوا دەکات،... هتد) بەڵام ژمارەیەکی تر فەرمان هەن کە تەنیا لە گوتنی ناڕاستەوخۆدا دەردەکەون وەك: (ڕاسپاردە دەکات، پێشنیاز دەکات، وای پیشان دەدات، وا دەزانێ، پێی وابوو، بەبیریدا هات،...) هتد وەك لەم نموونانەدا دەردەکەوێ:

– پێی وایە قەد نامرێ.

– وا دەزانی دنیا هەر بەدڵی ئەو دەبێ.

ڕێزمانی دێرین باوەڕی بەوە هەیە کە هەموو ڕستەیەکی گوتنی ڕاستەوخۆ دەکرێ بەناڕاستەوخۆ و بەپێچەوانەوە، بەڵام لە ڕاستیدا بەرامبەرییەکی ورد لە نێوان ئەم دوو جۆرە گوتنەدا نییە. بۆ نموونە ڕستەیەکی ناڕاستەوخۆ وەك:

– کوڕەکە دەڵێ: کارەکەی کردووە.

دەشێ لە یەکێ لەم ڕستانەی خوارەوە وەربگیرێ کە هەریەکەیان لە تافدا جیاوازن.

أ– کوڕەکە گوتی: کارەکەم کرد.

ب– کوڕەکە گوتی: کارەکەم کردووە.

کەواتە لە ناڕاستەوخۆدا جیاوازی لە نێوان ڕابردووی سادە و ڕابردووی تەواو نامێنێ و بەمەش گوتنی ناڕاستەوخۆ هەموو کاتێ یەکسان ناوەستێ لەگەڵ گوتنی ڕاستەوخۆ، لە ڕووی لێکسکی و ڕێزمانییەوە نەبێت. جگە لەمەش هەندێ جار واتا دەفەوتێ. با بەراوردێکی ئەم دوو ڕستەیەی خوارەوە بکەین:

أ– ورچەکە گوتی: کەس بەقسەی نەکردم.

ب– ورچەکە بۆڵاندی [کە کەس بەقسەی نەکرد].

ب أ

لە ڕستەی دووەمدا پاڕستەکە (ب) دەشێ نەك هەروەك ڕستەیەکی پەخشکراوی ناسەربەخۆ لێك بدرێتەوە، واتە وەك گوتنێکی ورچەکە بەڵکو وەك ڕستەیەکی دەوڵەمەندکار کە هۆکاری بۆڵاندنە دەربخات، واتە (کە) دەشێ بەواتای (چونکە) لێك بدرێتەوە. وەك

– ورچەکە بۆڵاندی چونکە کەس بەقسەی نەکرد.

بەشی شەشەم

# ڕستە لە ناو دەقدا

## سەرەتا

هەروەك ئاشكرایە لەم دواییيانەدا هەندێ لە زمانەوانان هەوڵیان داوە بواری زمانەوانی فراوان بکەن بۆ ئاستی بەرزتر لەوانە ئاستی پاش ڕستە، واتە کە لە ڕستە دەردەچین بەرەو یەکەی گەورەتر بەرەنگاری کۆمەڵە ڕستەیەکی بەدوو یەکتردا دێین کە پێوەندییەکی لۆجیکی یان سیمانتیکی لەگەڵ یەکتریدا گرێیان دەدات. ئەم یەکە گەورەیە تاکە یەکەیە کە هاڵیدەی دان بەبوونیدا دەنێ و بەپاش ڕستە لە قەڵەمی دەدات. ئەم یەکەیە هەر ئەوەیە کە هەندێ ڕێزمانی تر بەدەق یان بەدیکۆرسی دەژمێرن.

لەبەرئەوەی لەم ڕۆژانەدا بایەخدان بە شیکردنەوەی پاش ڕستە یەکسانە بەشیکردنەوەی دەق، بۆیە سەرەتا دەبێ چەند پێناسەیەك دەربارەی دەق بخەینە ڕوو، هەروەك دەزانین پێناسەی دەقیش لە لێکۆڵەرێکەوە بۆ یەکێکی تر یان لە قوتابخانەیەکەوە بۆ قوتابخانەیەکی تر جیاوازە.

یەکێك لە پێناسە هەرە باوەکانی دەق ئەوەیە کە بریتییە لە چەند ڕستەیەکی بەدوا یەکتردا هاتوو[١]. لە ڕاستیدا ئەم پێناسەیە لەوانەیە هەندێ دەق بگرێتەوە بەتایبەتی ئەوانەی زۆر ڕەسمین، بەڵام کەموکورتی ئەم پێناسەیە ئەوەیە کە هیچ ئاماژەیەك بۆ پێوەندی نێوان ڕستەکان ناکات. مەرجیش نییە ئەو ڕۆنانە تەواوەی کە لە نێو بەشەکانی ڕستەدا هەیە هەمان جۆر ڕۆنان لە نێو بەشەکانی دەقیشدا هەبێ[٢]. واتە زۆرجار دەق لەوانەیە لە گرێیەکی ناوی یان گرێیەکی بەند یان گرێیەکی کاری پێکهاتبێ بێ ئەوەی کۆمەڵە ڕستەیەك بێت. وەك ئەم نموونانە:

تیشك – کتێبخانە – بۆ فرۆشتن..

(١) جون لاینز، ١٩٨٧، ل٢١٨.

(2) Maria Treasa, 2001, p266.

پێناسەیەکی تری دەق ئەوەیە کە (زنجیرە ڕۆنانێکی دەربڕینی زمانە کە یەکەیەکی تەواو پێك دێنیٚ)[١]. لەم پێناسەیەدا هیچ ئاماژەیەك بۆ کۆمەڵە ڕستە ناکریٚ بەڵکو زیاتر جەخت لەسەر زنجیرە ڕۆنانێك دەکرێت کە یەکەیەکی تەواو پێك دێنیٚ لەوانەیە زنجیرە ڕۆنان وشە یان ڕستە یان گریٚ بگرێتەوە، یەکەی تەواو لە کۆنەوە هەر بەمەبەستی (ڕستە) دیٚ.

بەبیروڕای لاینز (دەق بریتییە لە چەند ڕستەیەکی بەدوایەکتردا هاتوو کە یەکتر تەواو دەکەن و پێوەندییەکی بەتین بەیەکیان دەبەستێتەوە)[٢] لەم پێناسەیەدا زیاتر جەخت لەسەر ئەو پێوەندییە بەتینە دەکریٚ کە لە نێوان ڕستەکاندا هەیە. چونکە هەموو بەدواهاتنێکی ڕستە دەق داناڕێژیٚ.. بەڵکو ڕستە بەردی بناغەی دەقە. هەروەها لەوانەیە هەمان یەکگرتنی پێکهاتەمان لە ناو بەشەکانی دەقێکدا دەست نەکەویٚ وەکو ئەوەی کە لە ناو بەشەکانی ڕستە یان گرێدا دەستمان دەکەویٚ. کەواتە یەکێتیی دەق بریتییە لە یەکێتیی جۆرێکی جیاواز.

ئەو پێناسەیەی کە زۆر مەبەستمانە و کارەکەمانی پێوە دەبەستینەوە، پێناسەکەی هالیدەیە کە دەڵیٚ: (دەق یەکەیەکی سیمانتیکییە کە پێوەندی بەواتاوە هەیە. لەوانەیە دەق نووسراو بیٚ یان نەنووسراو، پەخشان بیٚ یان شیعر، گفتوگۆ بیٚ یان مەنۆلۆگ، هەروەها ئاگاداری، ناونیشان، دروشم، پەندی پێشینان، قسەی نەستەق بەدەق دادەنرێن)[٣].

(1) Edmondson, 1977, p190

(2) Lyons, 1977, p231

(3) Halliday and Ruqaia Hasan, 1976, p1-2.

دەق و نادەق:

هالّیدەی لە جیاوازی نێوان دەق و نادەقدا خاڵێکی بنەڕەت دەستنیشان دەکات ئەویش پێوەندی لکاندنە ئینجا ئەو پێوەندییە ڕێزمانی بێت یان سیمانتیکی یان لێکسیکی. لە دەقدا ڕستە بەدوایەکدا هاتووەکان بەیەکترەوە دەلکێنێ و پێوەندییەکی ئەوتۆ لە نێوانیاندا دروست دەکات کە هەموو پارچەکان یان ڕستەکان وەك یەکەیەکی یەکگرتوو لێ دەکات، بەڵام لە نادەقدا ئەو پێوەندییە لە نێوان ڕستەکاندا نییە. بەمجۆرە ئەو کۆمەڵە ڕستە بەدوایەکدا هاتووانەش کە لکاندن لە نێوانیاندا نییە یەکەیەکی یەکگرتوو پێك ناهێنن(١) ئەگەر سەیری ئەم نموونەیەی خوارەوە بکەین بەدەق داناندرێ چونکە پێوەندییەکی وەها لە نێوان ڕستەکاندا نییە.

(ئازاد کوڕێکی باشە. باران بەلێزمە دەبارێ. پێکەنینێکی ساردوسڕ پەردەی گوێمانی لەراندەوە. خێزانەکە هەموویان چوون بۆ شار. ژنێك بەخۆی و منداڵەکانی بەڕێگادا دەڕۆیشتن. خەریکە دونیا تاریك دەبێ...) لەم نموونەی سەرەوەدا دەبینین لە کۆمەڵە ڕستەیەك پێکهاتووە. بەڵام ڕستەکان لکاندنێکی وەها لە نێوانیاندا نییە و هەر ڕستەیەك بەتەنیا واتایەکی سەربەخۆ دەدات بەدەستەوە، واتە یەکەیەکی واتایی یەکگرتوو دروست ناکەن.

بەڵام ئەم نموونەیەی خوارەوە دەتوانرێ بە دەق دابندرێ چونکە پێوەندی لکاندن لە نێوان ڕستەکاندا هەیە.

(هەموو شتەکان هەڵئەپێچم و بەگومانەوە ئەیانکەمەوە، تەنیا مەرگ نەبێت کە ئەو حەقیقەتە پیرۆزەیە ناگۆڕێت و لەنگەری تێك ناچێت، گاڵتەیشم بەوانە دێت لەوانەی سڵ دەکەن و کەچی لە ڕاستی و حەقیقەت ئەدوێن....).

(هەڵۆ، ل١٨)

(١) قەیس کاکل، ٢٠٠٢، ل٢٤.

ئەگەر ئەم نموونەیەی سەرەوە وەربگرین بەڵام ڕستەکان پاش و پێش بخەین ئەوا دەبێتە نادەق. وەك:

(تەنیا مەرگ نەبێت کە ئەو حەقیقەتە پیرۆزەیە ناگۆڕێت و هەموو شتەکان هەڵدەپێچم و لەنگەری تێك ناچێت و بەگومانەوە ئەیانکەمەوە. کەچی... گاڵتەیشم بەوانە دێ.....).

**شیکردنەوەی دەق:**

زمانەوانەکان لە ڕوانگەی جیاوازەوە دەق شی دەکەنەوە بۆ نموونە براون و یۆل لە ڕوانگەی گوێگرەوە سەیری دەق دەکەن واتە بنەمای سەرەکی دروستبوونی دەق بەلایانەوە بریتییە لە هاوبەشی کردنی قسەکەر و گوێگر. بەبێ ئەم هاوبەشانە دەق دروست نابێت بۆ ئەمەش قسەکردن دەبێ لە چوارچێوەیەك دابێت کە کات و شوێن و هاوبەشەکان ڕۆڵیان تێدا هەبێت، واتە (مرۆڤ دەخەنە نێوان بۆتەی کردەی پێوەندیکردن و بەشێوەیەکی وا سەیری زمانەکە دەکەن کە دەبێتە سەرەتا و کۆتایی بۆ لێکۆڵینەوە)[١].

کەواتە بەپێی ئەم بۆچوونە گونجانی دەق دەوەستێتە سەر گوێگر و ڕادەی تێگەیشتنی لێی بۆیە خاڵی تێگەیشتن دەبێتە تەوەرەی سەرەکی بۆ دەق[٢]. (ڤان دایك) لە کتێبی دەق و دەوروبەردا هەوڵی داوە هەندێ دیاردەی دەق لێك بداتەوە کە ڕێزمان پەیان پێ نابات وەك بابەتی دەق و بەندکردنی دەق و ڕۆنانی گشتی. لە لێکۆڵینەوەکەیدا پشتی بەئاستی واتاسازی و پراگماتیك بەستووە. واتە لە بۆچوونەکەیدا (زمانەوانی هەڵسوکەوت لەگەڵ سیستمکانی زمانی سروشتیدا دەکات وەك ڕۆنانی شیاو و کردەی بۆ بەر و actual گەشەی مێژووی و جیاوازی ڕۆشنبیریی و ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان

---

(١) محمد الخطابي، ١٩٩١، ص٥١.

(2) Brown and Yule, 1983 p191.

و بنچینەی زانیارییەکان)[1] ڤان دایك بەپێچەوانەی زۆربەی زمانەوانەکانی ترەوە بەتایبەتی ئەوانەی کە ڕستە بەگەورەترین دانەی وەسفکردن دادەنێن و پێیان وایە ئەگەر توانرا وەسفی ڕستە بکرێ لە هەردوو ئاستی ڕێزمان و سیمانتیکدا ئەوا دەتوانرێ وەسفی ڕستەی لێکدراو و ئاڵۆزیش بکرێ، وای بۆ دەچێ کە (هەندێ سیستمی جیاواز لە نێوان ڕستەی لێکدراو و ئاڵۆزدا هەیە کە لە ئاستی پراگماتیکدا بەدەر دەکەوێ، واتای ڕستەش پشت بەواتای ڕستەکانی تر دەبەستێ لە هەمان دەربڕیندا)[2] بەمجۆرە ئەم دان بەیەکەیەکی گەورەتر دەنێت کە دەقە، (دەقیش بەیەکەی ڕۆنانی تیۆری دووان دادەنێ). لەم بۆچوونەدا زیاتر جەخت دەکاتە سەر لێکدانەوەی پێوەندی بەندکردنی نێوان دەق و دەوروبەر (پراگماتیك)[3] بەلایەوە بەندکردنیش چەند شێوەیەکی هەیە وەك بەستن کە پێوەندییەکی واتاییە و بەندکردن (زانیاری هاوبەش لە نێوان قسەکەر و گوێگر) ڕێزبەندی دووان واتە زانیاریمان بۆ جیهانی دەوروبەر هەروەها دووانی تەواو دووانی ناتەواو)[4].

بەڵام ڕێبازی هالیدەی بۆ دەق ئەوەیە کە لە شیکردنەوەی دەقدا جەخت دەکاتە سەر یەکە و لکاندن دواتر باس لە واتا دەکات وەك ئەرکێکی سەرەکی بۆ دەق[5]. واتە یەکێك لە لایەنەکانی دەق لکاندنی کەرتەکانیەتی کە بەندە بەدیاردەکانی گەڕانەوە وەك (ئاماژە، برێتی خستن، لابردن و بەستن) لە زماندا. کەواتە پێوەندی لکاندن یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی دەق لەم بارەوەیەوە دەڵێ:

(١) ڤان دایك، ١٩٩٩، ل٩٦.
(٢) هەمان سەرچاوە، ل١٠٤.
(٣) صلاح فضل، ١٩٩٢، ص٢٥٧.
(٤) قەیس کاکل، ٢٠٠٢، ل١٠.
(٥) محمد عزام، ١٩٩٦، ص٦.

(بـۆ ئـەوەی پـارچـەی گـوتـن یـەکـەیـەکـی یـەکگـرتـوو پـێك بـێنـێ دەبـێ ئـەو تـایبـەتییـانـەی تێدا بێت کە لە دەقدا بوونیـان هـەیە ئەو تـایبـەتییـانـەش بریتین لـە لـکـانـدنـی ڕێزمـانـی و و لێکسیکـی و واتـایـی)[١] لـەبـەرئـەوەی کـارەکەی هـالیدەی لە ڕوانگەیەکی ئەرکییەوە لە دەق دەکۆڵێتەوە[٢]، لێرەوە لە دەق لە تێڕوانینی ئەوەوە ورد دەبینەوە.

## لکاندنی دەق و جۆرەکانی

لکاندن:

بریتییە لەو پێوەندییە واتاییەی کە لە ناو دەقدا هەیە، واتە ئەو پێوەندییە خـۆی دروستـکـەری دەقـە. هـالیـدەی دەڵـێ: (پـێوەنـدی لـکـانـدن زیـاتـر لـەو کـاتـانـەدا بـەدیـاردەکەوێ کە لێکدانـەوەی یـەکێك لـە کـەرەستـەکـان پـێویستـی بـەکـەرەستـەیـەکـی تـرە و بـەبـێ بـوونـی کـەرەستـەی دووەمیش لێکدانـەوەکە نـایـەتـە دی، واتـە زۆر لـە کـەرەستـەکـان لـە پـێشـەکیدا ئـامـاژە بـۆ ئـەوە دەکـات کـە کـەرەستـەکـەی دووەم بـوونـی هـەیـە. کـاتـێ ئـەم گـەڕانـەوەش بـۆ کـەرەستـەی یـەکـەم دروست دەبـێت دەبێتـە هـۆی دامـەزرانـدنـی پـێوەنـدی لـکـانـدن)[٣].

پێوەندی لکاندن دەچێتە نێو زۆربەی ئاستەکانی زمان، بەڵام بەپێی بـۆچـوونـی هـاڵـیدەی لـکـانـدن لـە سێ ئـاستـی زمـانـەوانـیدا دروست دەبـێت ئـەویش ئـاستـی فـۆنـۆلـۆجـی و ئـاستـی ڕێزمـان و ئـاستـی سیمـانـتیك. بـەلایـەوە (لکاندن زاراوەیەکی ڕۆنانی نییە، هەرچەند پێوەندییەکان ڕۆڵیان لە بەیەك بـەستـنـەوەی پـارچـەکـانـی دەقـدا هـەیـە وەك ڕستـە و پـەڕەگـراف یـان تێهەڵکێشانی دەربڕین و گفتوگۆ)[٤].

(1) Halliday and Ruqaia Husan, 1976, p8.

(٢) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە نامەی دکتۆرای قەیس کاکل، (ل٩– ٥٠).

(3) Halliday and Ruqaia Husan, 1976, p9.

(٤) هەمان سەرچاوە، ل٥.

هەروەها سێ جۆر لکاندن لە دەقدا دەستنیشان دەکات ئەویش لکاندنی ڕێزمانی و لکاندنی لێکسیکی و لکاندنی واتاییە.

لەم بەشەدا ئێمە باس لە لکاندنی ڕێزمانی و لێکسیکی دەکەین کە هەر یەکێك لەمانە بۆ چەندین جۆر دابەش دەبن.

**ڕێگاکانی لکاندنی ڕێزمانی:**

١– لکاندنی فۆرمەکانی ئاماژە: Reference

لە دەقدا کۆمەڵێك نیشانەی پراگماتیکی بەدی دەکرێن کە بەهۆی ئەو نیشانانەوە پەیوەندی لکاندن دروست دەبێت. مەبەست لە نیشانە پراگماتیکییەکانیش ئەو نیشانانەی زمانە کە زمان و دەوروبەر لەگەڵ یەکتردا گرێ دەدەن یان کردەی گوتن دەکەنە دیاردەیەکی ڕێزمانی. نیشانە پراگماتیکییەکانیش ئەمانەن:

ئامرازەکانی نیشانە: ئەمە.. ئەمانە...، ئەوە.... ئەوانە، ڕاناوە کەسییەکان: من، تۆ، ئەو،.. ئاوەڵکاری شوێن و کات: ئێرە، ئەوێ، ئێستا....

ئەم نیشانانە واتاکانیان بەدیار ناکەوێت تاکو لە دەقدا نەبێت واتە کاتێ واتای پراگماتیکی هەڵدەگرن کە ئاماژە بۆ کەرەستەیەکی دیاریکراو دەکەن(١).

ئاماژە جۆری زۆرە بەڵام ئێمە تەنها باس لە دەقە ئاماژە دەکەین.

**دەقە ئاماژە:**

دەقە ئاماژە هەموو ئەو ئاماژانە دەگرێتەوە کە بۆ کەرەستەکانی ناو دەق دەگەڕێنەوە واتە ئاماژەکردنەکە لە ناو دەقدا ڕوودەدات و پەیوەندی بەدەرەوەی دەق نییە ئەمەشیان دوو شێوەی هەیە:

(1) Rafhoel Salkie 1997 . p64.

أ– دەقە ئاماژەی پێشەوە:

ئەم جۆرە ئاماژە بۆ کەرەستەیەکی پێش خۆی دەکات کە لە ڕستەکانی پێشەوە ئاماژەی بۆ کراوە وەك لە هەندێ بەکارهێنانی ئامرازی ناسراوی و نیشانە و جێناوە کەسییەکان و ئاوەڵکاری شوێن بەدی دەکرێ. جۆن لاینز ئەم ئاماژەیە بەجۆرێك لە لەبریتی خستن دادەنێ(١).

ئەگەر سەیری ئەم نموونانەی خوارەوە بکەین دەبینین نیشانەکان ئاماژە بۆ کەرەستەیەکی پێش خۆیان دەکەن.

**ئامرازی (ەکە)**

(ەکە) ئەرکی لکاندنی دەقە ئاماژەی پێشەوەیە، واتە ئامرازەکە ئاماژە بۆ کەرەستەیەکی پێشوو (لە ڕستەی پێشەوە) دەکات. لێرە ئەم ئامرازە لەم ئەرکە زیاتر نابینێ.

(تیشکێك لە بۆشایی ناو گەڵاکانەوە ڕاستەوخۆ لە ناو چاوی دا سەری گوێزایەوە، تیشکەکە هەر بەقەدەر لیرەیەکی زێڕ دەبوو، بستێك دوور لە لای ڕاستی سەرییەوە کەوتە سەر خۆڵەکە...) (هەڵۆ، ل٥)

(پیرێژنێك و ژنێکی سەرە هاتن بەدەنگییەوە. حەپەسابوون ڕەوەیەك منداڵیش دەوریان دا و ئەوانیش سەریان سوڕمابوو. دیم پیرێژنەکە باوەشی کرد بەدایکمدا و ئەملا و ئەولای ماچ کرد. ژنە سەرەکەش هەروەها...) (گەلەگورگ، ل١٨)

– **ئامرازی نیشانە:**

ئامرازی نیشانەش ئەرکی لکاندنی دەقە ئاماژەی پێشەوە دەبینێ واتە ئاماژە بۆ کەرەستەیەکی ڕستەی پێشوو دەکات. وەك:

(من ئەڕۆم... بەتەنیاش ئەڕۆم، سەری خۆم هەڵدەگرم پێ ئەنێم

(1) Lyons, 1977, p66.

بەجەرگی خۆماو لێت دوور ئەکەومەوە، هەرچەندە دەشێ هەندێ ئەمە بەترسنۆکی و هەڵاتن دابنێن، بەڵام چارم نییە،....)

(ڕەشپۆشێك جیهانی چوارەم، ل٤٨)

لەم دەقەی سەرەوەدا (ئەمە) ئاماژە بۆ هەموو ڕووداوەکانی نێوان ڕستەکانی پێشتر دەکات واتە، ڕۆیشتنی من و سەرهەڵگرتنم و پێ لێ نان بەجەرگی خۆما.... هتد.

**- جێناوی کەسی:**

جێناوە کەسییەکانیش ڕۆڵی لکاندنی ئاماژەیی دەبینن بەتایبەتی کەسی سێیەمی تاك کە هەردەم ڕۆڵی دەقە ئاماژەی پێشەوە دەبینێ واتە پێشتر باس لە کەسەکە دەکرێ ئینجا دواتر ئەو جێناوە ئاماژەی بۆ دەکات.

وەك:

(من لەو باوەڕە دابووم کە باوکیشم لەم بارەیەوە هەروەکو منی بۆ چووە و ئەویش هەمان پرسیار لە مێشکیدا گێژ دەخوا و بەئاشکراش پێوەی دیاربوو کە وەك من بەتەمایە خالە عەودل خۆی لە نێوان قسە و باسدا ئەمەی بۆ ڕوون بکاتەوە) (گەلەگورگ، ل١١٨)

(دوکتۆر من لە مردوویێك زیاتر نیم، تۆ دەتهەوێ ژیانم پێ بدەیتەوە؟ من جسمێکی سەرگەردانم کە بەدوای گیانی گومبووی خۆمدا دەگەڕێم. ئایا بەڕاستی تۆ دڵ و گیانم ئەدەیتەوە؟ ئایا بەڕاستی بڕیارت داوە من لەناو ئەو تاریکاییەدا بۆ دنیای ڕووناکی خۆت ڕابکێشی؟) (بێ سەرپەرشتان، ل١٩٥)

**ئاوەڵکاری شوێن:**

ئاوەڵکاری شوێنی نیشانەش وەك ئامرازە نیشانەکانی تر دەوری لکاندنی ئاماژەیی دەبینن کە بۆ کەرەستەی پێشتر دەگەڕێتەوە. وەك:

(ئەگەر پێشت خۆش بێ هەر لەو نەخۆشخانەدا ژوورێکت دەدەمێ. لێرە هەر لە لای من ژیانت بەرە سەر). (بێسەرپەرشتان، ل٩٧)

(لێرە) ئاماژە بۆ نەخۆشخانە دەکات. کە پێوەندی لکاندنی ئاماژەیی دروست کردووە. بەڵام لەو نموونەی خوارەوەدا (لەوێ) ئاماژە بۆ نەخۆشخانەکە دەکات.

(لە پاش ئەوەی باوەژنەکەم چاك بۆوە هەر لەو نەخۆشخانە دام مەزراند و شەویش هەر لەوێ دەنووست) (بێسەرپەرشتان، ل٢٠٣)

**ب- دەقە ئاماژەی دواوە**

ئەم جۆرە لکاندنی ئاماژەییە ئاماژە بۆ کەرەستەیەك دەکەن کە لە دوای خۆیانەوە دێن، واتە پێچەوانەی جۆری یەکەم لە ڕستەی پێشەوەدا ئاماژە بۆ کەرەستەی ڕستەی دواتر دەکرێت. وەك:

(لە پاشان شەو سواری سەیارەم کرد و کەوتمە ڕێ. یەکسەرە باوکم بردە ئەو نەخۆشخانەی کە خۆم ڕەئیسی بووم و خەواندم) (بێ سەرپەرشتان، ل١٩٧)

لەم نموونەی سەرەوەدا کەرەستە ئاماژەکراوەکە دەرنەکەوتووە، بەڵام بوونی دیارە، چونکە جێناوی کەسی سێیەمی تاکە ئاماژە بۆ (باوك) دەکات کە لە دواوەی هاتووە.

(زۆپاکە جارێکی تریش سوور بووە و تێلەتێلی گەیشتەوە لووتکە. لەوەدا نەما خۆیانی لەبەردا ڕابگرن. بەرەو دوا لێ کشانەوە و خۆیانیان لێ دوور خستەوە. ئایش چووەوە وێزەی دروومانەکەی، مندالەکان کەوتنەوە یاریکردن. بارامیش چوو پاڵی دایەوە و قاچی لێ ڕاکێشا)

(گەلەگورگ، ل٥٥)

لەم نموونەی سەرەوەدا جێناوی (یان) ئاماژە بۆ ئایش و منداڵەکان و

بارام دەكات كە دەقە ئاماژەی دواوەن.

(كاتێ چوومە ناو تەیارەوە لەپڕ چەند لەحزەیەك كەوتمە بیركردنەوە ڕابردوو وەك پەردەی سینەما بەپێش چاوانمدا تێ دەپەڕی و بۆ ماوەیەكی كورت گەڕامەوە سەر ژیانی ڕابردوو. بۆ ئەو زەمانە كە لە زیندان ئازادیان كردم لە كوچە و بازاڕاندا منالآن بەبەرد و دار بەدوامدا ڕایان دەكرد هاواریان دەكرد شێتە شێتە...). (بێ سەرپەرشتان، ل١٧٦)

- **لكاندنی فۆرمەكان بەلادان یان كرتاندن:**

هەر كاتێ كەرەستەی هاوبەش و دووبارە لە ڕستەكاندا هەبێ ئەوا كرتاندن دێتە ئاراوە[١]. واتە كرتاندن بریتییە لە كرتاندنی كەرەستەیەك بەمەرجێك ئەو كرتاندنە نەبێتە هۆی تێكچوونی واتا. بەواتایەكی تر (كرتاندن بریتییە لە تێگەیشتنی شتێك بێ ئەوەی بگوترێ)[٢]. كەواتە كرتاندن كردەیەكە بۆ كەمكردنەوەی كەرەستەكانی ڕستە و لكاندنی بەڕستەی ترەوە بەجۆرێك كە یەكەیەكی واتایی بینیتە ناو دەقەوە كرتاندنیش بەزۆری بەشە سەرەكییەكانی ڕستە دەگرێتەوە[٣]. وەك:

كرتاندنی كار یان لابردنی گوزارە:

لە كرتاندنی كاردا زۆربەی جار كاری ڕستەی دواوە دەكرتێ، بەلآم ئەگەر كرتێنراش ئەوا هیچ تەمومژییەكی واتایی دروست نابێت وەك:

- (زامی نەشتەر سارێژ ئەبێ، بەلآم زامی قسە هەرگیز...)

(ڕەشپۆشێكی جیهانی چوارەم، ل٣١)

- (تۆ دەمانبینی لێرە دانیشتووین هەندێكمان لە شاخان لە دایك بووین و پێگەیشتین، هەندێكیش لە دەشت، هەندێك لە ناوچەی سارد و هەندێك لە

(١) بەكر عومەر عەلی، ١٩٩٢، ل١٦.

(2) Halliday and Ruqaia husan, 1976 p144.

(٣) قەیس كاكل، ٢٠٠٢، ل١٥٣.

ناوچەی گەرم، هەندێك لە دەم ڕووبار و هەندێك لە قەراغ دەریا...)

(داغستانی من، ل١٦٣)

بەڵام لەو نموونەی خوارەوەدا تەنیا کارەکە نەکرتێنراوە بەڵکو گوزارە هەمووی لادراوە (خۆڵاوین).

(هەموو شتەکانی ژوورەکەیشم خۆڵاوین. کتێبخانەکەم، کورسییەکان، گڵۆپ و دیواری ژوور. سەر گەورەکەی سوکرات...) (هەڵۆ، ل١١١)

– ئەو بەرەو خوار ملی دەنا و تۆ بەرەو ژوور....) (گەلەگورگ، ل٢٩)

**کرتاندنی بکەر**

زۆربەی جار لە ڕستە یان لە دەقدا بکەر دەکرتێنرێ بەتایبەتی بکەری ڕستەی دواوە. وەك:

(پێکەنینێکی ساردوسڕ پەردەی گوێمانی لەراندەوە. بۆیاغچییەك هاتە ژوورەوە سەرنجی ڕانکە شڕەکەیم دا... جاران سەوزێکی قەرسیلی بوو.)

(بارام ناوێك هەبوو، ل٣٥)

لێرەدا (ڕانکەکە) بکەرەکەیە کرتێنراوە لە دوا ڕستەدا.

– **لکاندنی فۆرمەکان بەبەستن**:

بەستن بریتییە لە بەستنەوەی چەند ڕستەیەکی بەدوا یەکترداهاتوو بەهۆی ئامرازەوە یان بەهۆی ئاوازەوە لە قسەکردندا و بەهۆی وێرگولەوە لە نووسیندا. بەواتایەکی تر هەر کاتێ دوو ڕستە یان زیاتر لەگەڵ یەکدا دابنرێن و پێوەندی واتایی نێوانیان بەهۆی ئامرازێکەوە یان وشەیەکەوە یان بەبێ ئامراز دیار بێت بەوەی هاوشانی یەکترن و یەکێکیان بەشێك نییە لەوەی تر ئەوا بەستن دێتە ئاراوە.

## جۆرەکانی بەستن:

١- بەستن بەهۆی ئامراز و وشەوە:

ئەو ئامراز و وشانەی کە ڕۆڵی بەستن دەبینن لە دەقدا هەندێکیان ئەمانەی خوارەوەن (ش، بەڵام، بەڵکو،....هتد).

**ئامرازی** (ش):

(ئێستا لێم ڕوونە دایکی وەك هەموو ئێوارانی تر ئەو خواردنەی دلێر حەزی لێ دەکرد ئامادەی دەکات و لەسەر سفرەکە دایدەنێ، چاوەکانیشی دەبرێتە دەرگای حەوشە و بەتەمایە بێتەوە... تا درەنگانێکیش ئەو خۆراکە هەر وا ئەهلێتەوە). (ڕەشپۆشێکی جیهانی چوارەم، ل١٠٨)

**ئامرازی (بەڵام)**

(پاش چەند ڕۆژێك لە چۆلەوانییەك ئۆتۆمۆبێلەکەی شوان دۆزرایەوە، ئیتر هەر شوێنی سووسەیەکی لێ بکرایە خۆمم ئەگەیاندێ تا هەواڵێکیان بزانم... بەڵام هەواڵ لە من بوو بەدەرمانی شێرپەنجە و دەستگیرم نەبوو.)

(ڕەشپۆشێکی جیهانی چوارەم، ل١٤١)

**ئامرازی** (بەڵکو):

(سەرسام مەبە گەر پێت بڵێم، گرنگترین هاندەر بۆ ڕووخاندنم، بۆ کۆتایی هاتنم، وەك هەموو خەڵك بەلایانەوە وایە، بەتایبەتی بەلای خۆشمەوە وایە، کە بچم بۆ دەرەوەی وڵات، بەتایبەتی بۆ جنێف و چەند قسەیەك بۆ خەڵك بکەم، چەند قسەیەکی وا کە مەبەست لە وتنیان ئەوە نەبێ هەست و سۆز ببزوێنن. بەڵکو بۆ ئەوە بێ کارێکی بێ سنوور بکەن... وشە چەك نییە، ویژدانی خەڵك، هۆشیان، ئەرکیان، چەکی ڕاستەقینەن).

(خۆرهەڵاتی دەریای ناوەڕاست، ل٢٠٥)

وشەی تەنانەت:

(ئەی هاوار هەی، هەزار جاران هەی هەوار! ئەم بێ ئیمانانە جوانووەکانیان هیچ چاودێری نەکردووە. نە ئالیکێ، نە گیایەکیان نەداونێ، تیماریشیان نەکردوون. تەنانەت ئاویشیان نەداون، بەمردنیان سپاردوون). (کوێر ئۆغلی، ل٥٣)

٢- بەستن بەبێ ئامراز:

هەندێ جار لە زمانی کوردیدا بەستن بەبێ ئامراز ڕوو دەدات. واتە چەند ڕستەیەك بەدوای یەکتردا دێن بێ ئەوەی هیچ ئامرازێك ئەو ڕستانە بەیەکەوە ببەستێتەوە. ئەوەی لێرەدا بەرچاو دەکەوێت بەتایبەتی لە نووسیندا (وێرگولە) با سەیرێکی ئەم نموونەیەی خوارەوە بکەین:

(دەگاتە قەراغ دێ، بەلای ماڵی ئەحەی خاڵیا تێ دەپەڕێت، لە پاڵ حەسارەکەیاندا دەوەستێت، خۆی و سەروملی ئەسپەشێ لەودیو دیوارەکەوە دیارن، ماینەکەی ماڵی خاڵی دەحیلێنێت، ئەسپەشێ زیاتر گوێ قوت ئەکات، دەکەوێتە سمکۆڵ و حیلاندن، نازەی خاڵی دەردەپەڕێت، جوامێر چوختیە، تیلەی چاوی دەداتێ..) (هەڵۆ، ل١٣)

لەم دەقەی سەرەوەدا دەتوانرێت هەریەك لەم ڕستانە بەسەربەخۆ دابندرێ. پێکەوەش بەدەقێکی تەواو دابندرێ. چونکە لە ڕووی واتاوە یەکەیەکی تەواو دروست دەکەن. هەروەها لەو نموونەی تریشدا بە هەمان شێوە دەتوانرێ پێوەندی بەستن بەئاشکرا دەرکەوێ بەبێ ئامراز (هەستام، هاتمە ژوورێ، لەبەر ئاوێنە درێژکۆلەکەی ناو هۆڵەکەدا وەستام، سەیری دەموچاوی خۆم کرد، ڕوومەتم سوور و دەموچاوم گەش بوو، هەرگیز بەو جوانییە خۆم نەهاتبووە بەرچاو، چاوم وەك پڕشنگی ئەستێرەیان تێزا بێت ئەدرەوشانەوە، دەستم بەڕوومەتما هێنا، چاوم تەواو کردنەوە و

بەقووڵی تێم ڕوانین، هێزی هەستکردنم زاڵ بوو، زانیم ساتە گەلۆرییەکە بەرۆکی بەرداوم). (هەڵۆ، ل٦٠)

**لکاندنی فۆرمەکان بەبرێتی خستن**

برێتی خستن جێگرتنەوەی کەرەستەیەکی ڕستەیە بەکەرەستەیەکی تر لە چوارچێوەی دەقدا[١]. ئەمەش جۆرێکی ترە لە پێوەندی لکاندنی نێو دەق. ئەم پێوەندییە لەسەر بنەمای ڕێزمانی دروست دەبێت و لە چوارچێوەی دەقدا بەدی دەکرێ. لە زمانی کوردیدا ئەم کەرەستانەی خوارەوە بەزۆری ئەم دەورە دەبینن.

**جێناوی کەسی سەربەخۆ**

(فەرهاد کوڕم.... من بیستوومە و دەزانم، تۆ چەندە زیرەك و بەهرەداریت. حەیفە دوارۆژی ڕووناکی خۆت بدۆڕێنیت. بەو مرۆڤە بوودەڵە و خوێڕییانە تەفرە مەخۆ، ئەوانە داخی دڵی خۆیان، بەخەڵەتاندنی ئێوەومانان دەڕێژن....). (شار، ل٢٥٩)

**جێناوی کەسی لکاو:**

لەم نموونەیەی خوارەوەدا جێناوە لکاوەکان لە بریتی جێناوە سەربەخۆکان و ناوەکان بەکار هێنراون.

(شەوان منیش لەگەڵ ئەو ئەستێرانەدا کە گرەویان لەگەڵ چاوەکانی شەوبۆدا ئەکرد کەوتمە چاوشارکێ، بەڵکو ڕازی دڵە ئاوارەکەمی پێ بگەیەنن کەچی ئەوانیش وردە وردە ملیان کەچ ئەکرد و ئەتوانەوە....)

(ڕەشپۆشێکی جیهانی چوارەم، ل٤٣)

جێناوی لکاوی (یان) لە برێتی (ئەو ئەستێرانەدا) بەکارهاتووە (ی) لە

(1) Halliday and Ruqaia Husan, 1976, p88.

بڕێتی (شەوبۆ) بەکار هاتووە.

**وشەی یەکێك، ئەوانی تر**

وشەی یەکێك لە بریتی جێناو یان ناو بەکاردێ لە دەقدا. وەك:

(چاوم بڕییە ئەستێرەکان، یەکێکیان بەدەماغ و شەوق بوو، دیارە ئەمیان لەوانی دی لە ئێمە نزیکترە....) (هەڵۆ، ل٥٧)

لێرەدا یەکێك لە بڕێتی ئەستێرەکان بەکارهاتووە.

**وشەی وا**

(ئێستا لێم ڕوونە دایکی وەك هەموو ئێوارانی تر ئەو خواردنەی دڵێر حەزی لێ ئەکرد ئامادەی دەکات و لەسەر سفرەکە دای ئەنێ. چاوەکانیشی دەبڕێتە دەرگای حەوشە و بەتەمایە بێتەوە.... تا درەنگانێکیش ئەو خۆراکە هەر وا ئەهێڵێتەوە.) (ڕەشپۆشێکی جیهانی چوارەم، ل١٠٨)

## لکاندنی لێکسیکی:

لە بەشی پێشتر باسی جۆرەکانی لکاندنی ڕێزمانیمان کرد. لەوانە ئاماژەکردن، بڕێتی خستن، کرتاندن، بەستن، بەڵام لێرەدا باسی لکاندنێکی تر دەکەین کە لکاندنی لێکسیکییە، کە بەهۆی هەڵبژاردنی وشەوە دەبێت.

لکاندن مەرج نییە تەنیا بەهۆی ڕێزمانەوە پێك بێت. هەندێ جار ناوە گشتییەکان، کە کۆمەڵەیەکی داخراون لە ناو، لەجیاتی ڕێزمان بەئەرکی لکاندن هەڵدەستن. ئەم ناوانە لە چەند پۆلێکدا دەبینرێن:

١- ناوی مرۆڤ و گیانەوەر و باڵندە: خەڵك، کەس، باڵندە، زیندەوەر....

٢- ناوی بێ گیان: شت، ئامراز، هەرامەکە....

٣- ناوی ڕاستی: بیرۆکە، پرسیار، قسە...

٤- ناوی شوێن: شوێن، جێگە...

ئەم ناوانە دەورێکی باڵایان هەیە لە کاری لکاندن. وەك ئەم نموونانەی خوارەوە:

– وا دیارە کاك دارا قەناعەتی هێناوە کەوا کارگەی شیرنەمەنییەکە پارەی تیایە. من نازانم چی ئەم بیرۆکەی خستە مێشکەوە.

– دەتوانی پێم بڵێی لە شاری تاشقەند لە کوێ دەمێنیتەوە؟ من هەرگیز لەم شوێنە نەبوومە.

ئەم نموونانە ئەوە ڕوون دەکەنەوە کە ناوی گشتی لە کرداری لکاندندا ئامرازی ناسراوی (ەکە) و جێناوی نیشانەیان (ئەو....ە) (ئەم...ە) لەگەڵدا دێت وەك (ئەم بیرۆکە)یەی نموونەی یەکەم.

لە ڕووی ڕێزمانەوە ڕۆنانی [ناوی گشتی+ ەکە] وەك پیاوەکە، شتەکە، زۆر لە ڕۆنانی [جێگری ناوەکە] دەچێت وەك:

پیاوەکە پیرە ______ ئەو پیاوە پیرە

هەروەها ناوی گشتی لە کرداری لکاندندا ئاوەڵناوی لەگەڵدا دێت، وەك

ئاسکەکان ________ ئاسکە جوانەکان

کەواتە مەبەست لە لکاندنی لێکسیکی ئەوەیە دوو کەرەستە یان زیاتر لە چەند ڕستەیەکی جیاوازدا بەکار هاتبێ و بۆ یەك سەرچاوە. (وشە) بگەڕێنەوە. بەمەرجێ کەرەستەکان یان وشەکان دووبارە ببنەوە یان هاوواتا بن یان دژ واتا بن، یان پێوەندی گرتنەوە لە نێوانیاندا هەبێ.

**جۆرەکانی لکاندنی لێکسیکی:**

**دووبارەکردنەوە:**

ئەگەر لە ڕوانگەی لێکسیکییەوە سەیری بەکارهێنانی ناوی گشتی بکەین وەك کەرەستەی لکاندن ئەوا تەنیا حاڵەتێکە لە دیاردەیەکی بڵاو کە دەتوانین بە(دووبارەکردنەوە) ناوی بنێین. دووبارەکردنەوە شێوەیەکی لکاندنی لێکسیکییە کە گوتنەوەی کەرەستەیەکی لێکسیکییە لە تایەکی تەرازووەکە و بەکارهێنانی وشەیەکی گشتی بۆ ئاماژەکردن بۆ کەرەستەیەکی لێکسیکی لە تایەکەی تری تەرازووەکە وەك:

– (کوارگێکی (قارچك) گەورە لە نزیك کچەکەدا ڕوا بوو، کە بەرزایی بەقەد باڵای ئەو بوو، کاتێ سەیری ژێرەوەی کرد وایزانی دەتوانێ سەیری سەرەوەشی بکا. ئینجا خۆی بەرز کردەوە لەسەر پەنجەی پێیەکانی وەستا و سەیری لووتکەی کوارگەکەی کرد)[1].

– (سیرەی ئۆتۆمۆبێلێکی ڕەشی قەترانی هەمووتانی هێنایەوە سەرخۆ، لە نزیکتانەوە وەستا کابرایەکی کەتەی چواشانەی مل ئەستووری سمێڵ تاشراوی لێ دابەزی بێ ئەوەی ئاوڕێك لە ئێوە بداتەوە دەستی بۆ جانتا ڕەشەکەی برد، سەفتەیەك پارەی دەرهێنا... خرانە سندووقی ئۆتۆمۆبێلەکە و پێ بەسلکینەرانرا....). (ڕەشپۆشێکی جیهانی چوارەم، ل٧٧)

لەم نموونانەی سەرەوە شتێکی هاوبەشیان تێدایە ئەویش بریتییە لەوەی کە کەرەستەیەکی لێکسیکی ئاماژە دەکات بۆ کەرەستەیەکی تر کە هەردووکیان هەمان شت دەگەیەنن. وەك لەم نموونانەدا کوارگەکە بۆ هەمان کوارگ و ئۆتۆمۆبێلەکە بۆ هەمان ئۆتۆمۆبێل دەگەڕێتەوە. کەرەستەی دووبارەکراوەش لەوانەیە هاوواتا یان نزیك واتا یان دژ واتا یان وشەیەکی گشتی (گرتنەوە) بێت. هەروەها لە زۆربەی حاڵەتەکاندا (ەکە)ی

(١) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٨٨.

لەگەڵ دەبێت لە هەمان کاتدا. هیچ خاڵێکی دیاری جیاکەرەوە نییە لە نێوان ئەو شێوانەی کە پێك دێ (لە کەرەستەیەکی لێکسیکی پێوەندار +ەکە) لەگەڵ ئەو شێوانەی کە پێك دێن لە (جێناوی نیشانە + کەرەستەی لێکسیکی).

**بەکارهێنانی وشەی هاوواتا (نزیك واتا):**

کاتێ باس لە دووبارەکردنەوە دەکەین تەنها باسی دووبارەکردنەوەی کەرەستەی فەرهەنگی ناکەین، بەڵکو باس لە بوونی کەرەستەی پێوەنداری وەك هاوواتا و نزیك واتا دەکەین. کە ئەمانەش دەتوانن دەوری لکاندن ببینین لە دەقدا. مەبەست لە هاوواتا ئەو وشانەیە کە یەك واتا دەبەخشن، یان واتایان لێك نزیکە، بەڵام لە خوێندنەوە و نووسیندا جیاوازن[١]. وەك ئەو نموونانەی خوارەوە.

أ– من خواحافیزیم لێ کرد و... بەبەرزایی لووتکەکەدا سەرکەوتم. پێ هەڵگەڕانەکە زۆر ئاسان بوو.

ب– (هەستام. گڵۆپی حەوشەکەم کوژاندەوە و دیسان چوومەوە جێگاکەم. وازم لەسەر زەوی هێنا و ڕووم لە ئەستێرەکان ئەکرد، زۆریان لێ ورد بوومەوە، کەچی بۆ ئەوە نەئەچووم چین و لە کوێوە هاتوون؟ ڕاستە سەیری ئەو ئەستێرەم ئەکرد، بەڵام تەماشاکردنێکی لاوەکی و بێ مەبەست یان بڵێم ئەو حاڵەتەی منی تیابووم بواری قووڵبوونەوە و ڕۆچوونی نەئەدام).
(هەڵۆ، ل٥٦)

لەو نموونانەی سەرەوەدا بۆمان دەردەکەوێ کە لکاندنی لێکسیکی لەوانەیە هاو واتا بێت وەك لە أ–دا (سەرکەوتن و پێ هەڵگەڕان)، لە ب–دا (سەیرکردن و تەماشاکردن) هاو واتای یەکترین.

– جارێکیان چوومە شاخان و سەرم لە هەندێ دێ دا، تەنیا گوندی (تسوما) مابوو. (داغستانی من ل٢٤٤)

(١) ئەورەحمانی حاجی مارف، ١٩٧٥، ل١٨.

– لەپشت گوندی شاخ قیت بوونەتەوە، چیای سەخت و هەڵدێر بەسەر گوندەکەماندا دەڕوانن و لەو منداڵانە دەچن کە لەسەر ئاخەبان کۆ دەبنەوە و سەیری زەماوەندی ناو حەوشە دەکەن.. (داغستانی من، ل١٧)

**بەکارهێنانی وشەی دژواتا:**

لە لکاندنی لێکسیکیدا هەندێ جار وشەی دژواتا بەرچاو دەکەوێ کە هەردووکیان بۆ یەك سەرچاوە دەگەڕێنەوە. دژواتا ئەو وشانەن کە لە واتادا بەرامبەر یەکتر دژ دەوەستن[١]. دژ واتا سێ جۆری هەیە:

**أ- دژواتای تەواوکەری**[٢]

ئەم جۆرە دژواتاییە بەبەراوردکردنی هەندێ جووتە وشە دەردەکەوێت کە (کەم و زۆری تێدا نییە) ئەمە لە لایەك، لە لایەکی ترەوە نەفیکردن یان ڕەتکردنەوەی یەکێکیان لە ئەندامانی بەرامبەرەکە دانانە یان پەسندکردنی ئەوەی تریانە، وەك (نێر و مێ) (ژن و پیاو) (کچ و کوڕ) (شەو و ڕۆژ) (زیندو و مردوو).

(شەوانی قاڵە ڕێبوارێکی شەکەتن و هەنگاوی سست دەنێن. ڕۆژیشی تاوێرێکی قورسە و بەناوشانییەوە بەستراوە...). (هەڵۆ، ل٢٦)

– (لەو کاتەدا چاوم بە پیاوێك کەوت لە دوورەوە بەدوا بارەبەرێکدا دەگەڕا فەوری چوومە پێشەوە و گوتم: ئاغا وادیارە بەدوا حەماڵێکدا دەگەڕێی؟ لە وەڵامدا گوتی: بەڵێ: دەمویست ئەو چەند زەرفە میوانە و ئەو

(١) هەمان سەرچاوە، ل٢٠.

(٢) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

أ- بێ خاڵ عەبدوڵڵاسەعید، ١٩٨٩، ل٨٣.

ب- لورینو تود، ١٩٩٤، ص٩٣.

ج- محەمەد مەعرووف فەتاح، ١٩٩٠، ل١٢٤.

سندووقە چووکەم بۆ بەرێتەوە ماڵ، ...کاتێ میوەکانم بردەوە ماڵی کابرا ژنێکی بەساڵداچوو هاتە پێشەوە و گوتی: کوڕە گیانەکە ناوت چییە؟)

(بێ سەرپەرشتان، ل١٥٢)

– (بەلای منەوە دۆست و دوژمن تەوفاوتی نییە. هەروەك لەگەڵ دۆستەکانم عەلاقەمەندم و ئەگەر یارمەتییەکم لە دەست بێ، بێ کۆتایی دەیکەم. لەگەڵ دوژمنانیشدا هەر وا دەبم) (بێ سەرپەرشتان ل١٨٢)

– ڕووس هاتن گوندەکەیان سووتاند، پیاوەکانیان کوشت و ژنەکانیان یەخسیر کرد.

– (پۆل پۆل کچان بەجلە شینەکانیانەوە ڕووەو فێرگە هەنگاو دەنێن. کوڕانیش ئەمبەر و ئەوبەری جادەیان لێ گرتوون، هەندێکیشیان بەدوایانەوە بوون،...) (لە خەونەکانی نامۆیێك ل١٦)

(ژیان و مەرگ دوو ڕاستین لە ڕێی مرۆڤدا و ناتوانێت خۆیان لێ لابدا، بەڵام ژیانی سەرشۆڕی هەموو ساتێکی مەرگی زەلیلییە. هەروەها خۆریش هەموو بەیانییەك لە دایك دەبێت و گشت ئێوارانێکیش دەمرێ. دەڵێی دەیەوێ ڕاستی ژین و مەرگ بسەلمێنێ). (لە خەونەکانی نامۆیێك، ل٧١)

**ب- دژواتای پلەدار:**

ئەم جۆرە پێوەندییە بەبەراوردکردنی وشەی گەورە و بچووك، درێژ و کورت، سارد و گەرم، چاك و خراپ... هتد دەردەکەوێت. ئەم جۆرەیان توانای پلەکردنی تێدایە بەرێکوپێکی. ئەم پلەکردنەش پێوەندییەکی زۆری هەیە بەبەراوردکردنەوە. لەم نموونانەدا دەوری لکاندن دەبینیێ:

– گەورە ئاو دەڕژێنی بچووك پێی لێ دەخشێنێ.

– نە هێندە وشك بە بشکێی، نە هێندە تەڕیش بە وەك بەرە بگوشرێی.

(بێ سەرپەرشتان، ل١٣١)

– (من سنگە بچکۆلەکەی تۆ بەجێ دێڵم و سەر دەکەمە سەر سنگە گەورە و شۆخەکەی چیا...). (لە خەونەکانی نامۆیێك، ل٧١)

– گڕی ئەو ڕوومەتەی تۆ گەرم و جوانە
تریفەی مانگەشەو، جوانیش بێ ساردە
(هێمن، ل ٢٤)

– برادەری چاك خۆمان پێ دەگەیەنن و بۆ خاتری ئێمە هەموو بارێکە ڕێیەکی سەخت دەبڕن و بەگژ هەموو جۆرە مەترسییەکدا دەچن، برادەری خراپیش ئێمە پێویستمان پێ نین! (داغستانی من ل، ٣٥٥)

**ج– دژواتای پێچەوانە:**

ئەم پێوەندییە دژواتاییە بەبەراوردکردنی وشەی (کڕین و فرۆشتن) و (دان و وەرگرتن) و (شووکردن و ژنهێنان...) دەردەکەوێت.

(بەیانی ڕۆژی دوایی دەستم کرد بەسیغار فرۆشتن. لە موغازەکان جگەرەم دەکڕی و لە خیاباندا دادەنیشتم و دەمفرۆشتنەوە، شەوی دوو سێ تمەنم لەو موعامەلە دەست دەکەوت...) (بێ سەرپەرشتان، ل١٥١)

– ئەو کتێبانەی بۆم کڕیبوون، هەموویم فرۆشتنەوە... (کانگەی بەلا، ل١٦)

– (پارەی لە دەوڵەمەندان وەردەگرت و بەیارمەتی دەی دا بەلێقەوماوان...)
(بێ نەوایان، ل١٧)

**بەکارهێنانی ناوی گشتی (گرتنەوە)**

گرتنەوە جۆرێکە لە پێوەندی واتایی نێوان وشەیەك و پۆلێ وشە بەمەرجێ واتای وشەکە واتای هەموو ئەندامانی پۆلەکەی تێدا بێت. بەمجۆرە ئەندامانی پۆلەکە دەبنە جۆرێك لە وشەکە. بۆ نموونە (میوە) وشەیەکی گشتییە کە واتای (ترێ و سێو و هەنار و.. هتد) گرتۆتە خۆ، واتە دەکرێ

بگوتریٚ (تریٚ جۆرێکە لە میوە) بەڵام پێچەوانەکە دروست نییە (مێوە جۆرێکە لە تریٚ). یان خێزان– گوڵ– خەڵك–... هتد وشەی گشتین.

هەروەك لەم نموونانەی خوارەوە دەردەکەویٚ:

– (ئەو خێزانەی تاویٚ لەوەپێش گەیشتن منداڵێکیان پیٚ بوو. دایك و باوکی زۆر بەدەوروپشتیا ئەهاتن. باوکە ساردی بۆ ئەهێنا و، دایکەش خێرا خێرا دەستی بەسەر و قژیا دەهێنا...). (ڕەشپۆشێکی جیهانی چوارەم، ل١٣١)

– (لەگەڵ هەر تەکان و وەستانێکدا خەڵکەکە دەبوونەوە بەمنداڵی ناو جۆلانە. سەبرە سەبرە، نەتدەزانی زەوییەکە ئەڕوات یان ئەوەی تۆی تیا دانیشتوویت، سالاریش ئەو پیاوەی سەدان و هەزاران جارە ئەمە ڕێگایەتی لە پاڵ جامەکەدا سەری بەلارەوە خستووە و، چاوەکانی نهێنی ئەم گەردوونە بە شووشەکەوە ئەقرسێنیٚ...). (هەڵۆ، ل١٧١)

– دارا میوەیەکی زۆری کڕی بوو. پرتەقاڵەکانی بۆ ماڵی دایکی برد و سێو و گێزەر و هەنار و شتەکانی تری بۆ خۆیان هێناوە.

– (دارکەرێك بەخۆو بە ژنەکەی و بەدوو منداڵی پێکەوە لە نزیك دارستانێکدا دەژیان. دوو منداڵەکە: یەکیٚ کوڕ بوو ناوی هانزل بوو، ئەوەی تر کچ بوو ناوی گرێتل بوو، ئەو خێزانە زۆر دەستکورت و بیٚ نەوا بوون...).

(چیرۆکی بەرئاگردان، ل١٧٧)

ناوە گشتییەکان کە بەپۆلێکی سەرەکی کەرەستەی لێکسیکی دادەنرێن. زۆربەی کات هێزی لکاندنیان هەیە. ئەمانەش دەکەونە نێوان سنووری کەرەستەی لێکسیکی و شوێن گرەوە. شوێن گرەوەکان دەتوانرێن بەبەرزترین خاڵی پۆلێنکردنی لێکسیکی ناو و فرمان بژمێردرێن. بەم شێوەیەش پۆلێکی داخراو پێك دێنن و ئەرکێکی ڕێزمانی دەبینن. هەروەها وشەکانی وەك (شت، کەس، کردن، دروستکردن... هتد) کە ژمارەیان دیار

نییە ئەرکی کەرەستەی لێکسی دەبینن، بۆیە کاتێ وەك کەرەستەی لکاندن بەکار دێن دەتوانرێ وەك نموونەی لکاندنی لێکسیکی مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێ. بەڵام سنوورێکی دیاریکراو نییە لە نێوان شوێن گرەوە و وشەی گشتــی. چــونــکــە سنــووری نــێوان ڕێزمــان و وشە دیــار نــیــیــە ئــەمــەش لەبەرئەوەی وشە پۆلێکی کراوەیە.

مەبەست لە دووبارەکردنەوە تەنیا پاتکردنەوەی وشەکان وەك خۆیان نییە لە دەقێکدا بەڵکو لە بەکارهێنانی هەموو ناوێك دەگرێتەوە کە باس لە وشەکە بکات جا بەدووبارەکردنەوەی وشەکە خۆی بێت یان لە ڕێگەی بەکارهێنانی وشەیەکی هاوواتا یان نزیك واتا لە وشەکە یان ناوێکی گشتی بێت لەم ڕستەیەدا دەبینن:

سەرکەوتنەکە١

– من بەرەو بەرزایی لووتکەکە سەرکەوتم. (هەڵگەڕانەکە ٢) زۆر ئاسان بوو.

کارەکە ٣

شتەکە ٤

لێرەدا لە ڕستەی یەکەمدا هەمان وشە دووبارە کراوەتەوە وەك خۆی لە (٢)دا سەرکەوتن و هەڵگەڕان هاوواتان یان نزیك واتان لە (٣) و (٤)دا ناوێکی گشتی جێگەی (سەرکەوتنی) گرتۆتەوە، واتە (کارەکە) و (شتەکە) هەردووکیان باس لە (سەرکەوتنەکە) دەکەن. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە با سەیری ئەم نموونەی خوارەوە بکەین:

– کوڕەکە بەسەر دارەکەدا سەردەکەوێ.

أ– کوڕەکە بەردەبێتەوە.

ب– بچکۆلەکە بەردەبێتەوە.

ج– منداڵەکە بەردەبێتەوە.

د– شێتەکە بەردەبێتەوە.

لـە ڕستـەی (أ)دا کـوڕەکـە دووبــارەکـراوەتـەوە. لـە (ب)دا بـچـکۆلـەکـە کـە جۆرێکی دووبـارەکردنـەوەیـە. لـە (ج)دا لـە جێی (کوڕەکە) وشـەیـەکی گشتی (منداڵەکە) بەکار هـاتووە و لـە (د)دا (کوڕەکە) بـە (شێت) ئـامـاژەی بۆ کراوە.

هـەر وەکو بینیمـان دووبـارەکردنـەوەی لێکسیکی تـەنـها بـە ڕێگـای وشـەی هــاوجـووت (مـطـابـق) نـابـێت، بـەڵکو دەشێ لـە ڕێگـای چـەند وشـەیـەکی لێکسیکی جیاوازەوە بێت کە پێوەندی واتـاییـان بـەنـاوی یـەکـەمـەوە هـەبێت.

## ئەنجام

لە کۆتاییدا گرینگترین ئەنجامی باسەکە لەم خاڵانەی خوارەوەدا کۆ دەکەینەوە:

١- ڕێبازی ئەرکی تەنها بریتی نییە لە قوتابخانەیەك یان بیر و بۆچوونێك، بەڵکو لە چەند قوتابخانە و بیروبۆچوونێك پێکهاتووە کە هەریەکەیان تێڕوانینی جیاوازیان هەیە لە شیکردنەوەی ڕستەدا. بەڵام هەموویان لەسەر ئەوە ڕێکن کە زمان هۆکارێکی گەیاندنە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا و ڕێسا کۆمەڵایەتییەکان و دابونەریت کار لە زمان دەکەن و زمان دەبێ هەر لە ڕوانگەی ئەو ئەرکانەوە سەیر بکرێ کە ئەنجامیان دەدات.

٢- ڕێبازی ئەرکی تەنیا دان بە بوونی یەك ئاستدا دادەنێ لە ڕووی ڕۆنانی سینتاکسییەوە، واتە هەر ڕۆنان و پێکهاتێك ئەرکێکی جیا بەجێ دێنێ و قسەکەر دەتوانێ بەگوێرەی بارودۆخی گوتن ڕۆنانێك ڕێك بخات. بەپێچەوانەی هەندێ ڕێبازی تر لەوانە ڕێبازی بەرهەمهێنان و گواستنەوە کە دان بەبوونی چەند ئاستێکی سینتاکسی دادەنێ وەك ئاستی دەرەوە، ژێرەوە،... هتد.

٣- ڕێبازی ئەرکی تەنها لە سنووری ڕستەدا ناوەستێ، بەڵکو ڕوو لە ڕۆنانی وا دەکات کە لە ڕستە گەورەتر بێت. وەك ڕستەی لێکدراو، کۆمەڵەی پاڕستە، دەق، پارچە ئاخاوتن....، واتە: ڕستە بەبچووکترین دانەی ڕێزمانی دادەنێت. دەق بەگەورەترین دانە.

٤- یەکێك لە جیاوازییە بنەڕەتییەکانی نێوان ڕێبازی ئەرکی و تەحویلی ئەوەیە کە بەلای تەحویلییەکان داهێنانی زمان بریتییە لە توانستی قسەکەر بۆ دروستکردنی یان ڕێکخستنی ڕستەی نوێ. بەپێچەوانەوە ئەرکییەکان بەلایانەوە داهێنانی زمانی توانای قسەکەرە لە داهێنانی واتادا. هەروەها چۆمسکی سەیری زمان دەکات وەك زانیارییەکی ناسراو. بەلام بەلای هالیدەیەوە زمان بریتییە لە کارێك کە پێی هەڵدەستین.

٥- یەکێك لە تایبەتییە هەر گرینگەکانی ڕێبازی ئەرکی ئەوەیە کە زمان دیاردەیەکی یاسا بەند نییە، بەڵکو دیاردەیەکی ئاکام بەندە، واتە زمان بۆ ئەنجامدانی چەند ئەرکێك دروست بووە و خۆشی لە ژێر کاریگەری ئەم ئەرکانەدا کار دەکات. هالیدەش کە بەپێشەنگی ڕێبازی ئەرکی دادەنرێت سێ ئەرکی سەرەکی دەداتە پاڵ زمان ئەویش:

١- ئەرکی نواندنی (واقیع).

٢- ئەرکی نێوان کەسەکان (هاوبەشەکان).

٣- ئەرکی دەقی....

٦- ڕستە لە یەك کاتدا دەربڕی شارەزایی و گۆڕینەوە و نامەیە. بەپێی ئەم بنەمایە سێ جۆر واتا لە زمانی مرۆڤدا دەبینرێ و هەرسێ دەبنە بناغەی ڕێکخستنی واتایی لە زمانە سروشتییەکاندا ئەم سێ واتایەش بەواتای بیری و واتای کەسی و واتای تێکستی ناو دەبرێن.

٧- بەباوەڕی هالیدەی پێوەندی نێوان پێکهاتەکانی ڕستەی ئالۆز پێوەندییەکی مەنتیقییە. لێکدانەوەی ئەم پێوەندییانە لە دوو تەوەرەدا دەبینێ:

١- پێوەندی بەندێتی ٢- پێوەندی لۆجیکی و سیمانتیکی

کە ئەمەش دابەش دەبێ بۆ پێوەندی فراوانکردن و پەخشکردن. هەریەکە لەمانەش بۆ چەند جۆرێکی تر دابەش دەبن.

٨- ئەرکی دەقی ئەوە دەدات بەقسەکەر کە بتوانێ دەق دەستنیشان بکات کە بریتییە لە قسەی بەردەوامی شیاو بۆ بۆنەکان و دەق و نادەق لەیەك جیا بکاتەوە. یەکێك لە خالە گرینگەکانی دەق بریتییە لە لکاندنی کەرتەکان کە بەندە بەدیاردەی گەڕانەوە (ئاماژە، لە بری خستن، لادان و بەستن) کە ڕێگاکانی لکاندنی ڕێزمانییە، بەڵام لکاندنی لێکسیکی بەهۆی هەڵبژاردنی وشەوە دەبێت بەتایبەتی ناوە گشتییەکان وەك دووبارەکردنەوە و بەکارهێنانی وشەی هاوواتا و دژواتا و گرتنەوە....

٩- دەشێ کوردی (واتە ڕستەکانی) لە ڕوانگەیەکی ئەرکییەوە بدرێتە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە و ئەم ڕێبازەش بۆ هەندێ لایەنی ڕستە تەواو لەبارە وەك لێکدانەوەی باس و خواس و مۆداڵکاری و بوونی هەندێ وشەی ڕامان کە ڕێزمانەکانی تر بەئاسانی بۆیان لێك نادرێتەوە. بەڵام کەموکورتییەکی ڕێبازەکەش بەزەقی دیارە:

دەستەوەستانە لە ئاستی لێکدانەوەی پێوەندی نێوان ڕستەکان بەتایبەتی لەبەرئەوەی کە دیوی دەرەوە و ناوەوەی ڕستە لە یەکتری جیا ناکاتەوە.

## سەرچاوەی نموونەکان


١- حسام بەرزنجی، کانگەی بەلا، بەغدا، ١٩٨٨.

٢- حوسێن عارف، توێشوی سەفەرێکی سەخت، بەغدا، ١٩٧٥.

٣- حوسێن عارف، گەلەگورگ، بەغدا، ١٩٨٣.

٤- حەسەن جاف، لە خەونەکانی نامۆییێك، بەغدا، ١٩٨٦.

٥- و: حەمەکەریم عارف، هاومالەکان، هەولێر، ٢٠٠٠.

٦- و: حەمەکەریم عارف، لە خۆبێگانەبوون، هەولێر، ١٩٩٨.

٧- رەئووف بێگەرد، هەلۆ، بەغدا، ١٩٨٩.

٨- و: سالح محەمەدئەمین، خۆرهەلاتی دەریای ناوەراست، بەغدا، ١٩٨٠.

٩- و: سەعید یەحیا، برایم زەبۆك، بەغدا، ١٩٨٦.

١٠- سەلاح عومەر، تاریکستانی لم، هەولێر، ١٩٩٧.

١١- و: شکور مستەفا، کوێر ئۆغلی، بەغدا، ١٩٧٩.

١٢- شێرزاد حەسەن، تەنیایی، بەغدا، ١٩٨٣.

١٣- عەبدوللا سەراج، بارام ناوێك هەبوو، بەغدا، ١٩٨٢.

١٤- و: عەزیز گەردی -داغستانی من ب١ ب٢- بەغدا، ١٩٧٩.

١٥- و: عەزیز گەردی -چیرۆکی بەرئاگردان- بەغدا، ١٩٨٦.

١٦- عەزیزی مەلا رەش، کوێخا سێوێ، بەغدا، ١٩٨٦.

١٧- د. کاوس قەفتان، نیو هەنگاو دوور لە دۆزەخ، بەغدا، ١٩٧٩.

١٨- و: محەمەد شلماسی، بێ نەوایان، بەغدا، ١٩٨٨.

١٩- و: محەمەد شلماسی، بێ سەرپەرشتان، بەغدا، ١٩٨٥.

٢٠- محەمەد مەولوود مەم، چیرۆکەکانی مەم، بەغدا ب٢، ١٩٨٢.

٢١- محەمەد مەلا کەریم، دیوانی گۆران، بەغدا، ١٩٨٠.

٢٢– مستەفا سالح کەریم، ڕەشپۆشێکی جیهانی چوارەم، بەغدا، ١٩٨٤.

٢٣– هێمن، نالەی جودایی، بەغدا، ١٩٧٩.

٢٤– گۆڤاری ڕامان، ژ٥٧ و ژ٦٣– هەولێر، ساڵی ٢٠٠١ و ٢٠٠٢.

٢٥– گۆڤاری کاروان، ژ١٣٨– هەولێر، ساڵی ١٩٩٩.

٢٦– گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، ژ٢٧و ژ٢٨– سلێمانی، ساڵ ٢٠٠١ و ٢٠٠٢.

٢٧– گۆڤاری گوڵان، ژ٤٠٥– هەولێر، ٢٤/١٠/ ٢٠٠٢.

٢٨– گۆڤاری نووسەری نوێ ژ١٢و ژ١٣– هەولێر، ساڵی ١٩٩٩ و ٢٠٠٠.

## سەرچاوە کوردییەکان

### یەکەم/ کتێب:


١- د. ئەورەحمانی حاجی مارف، (وشەی زمانی کوردی)، بەغدا، ١٩٧٥.

٢- د. ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم، (ڕستەی شوێنکەوتووخواز لەگەڵ ڕستەی شوێنکەوتووی دیارخەری)، بەغدا، ١٩٨٠أ.

٣- د. ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم، (هەندێ ئامرازی سینتاکسی لە زمانی ئەدەبی ئیمڕۆی کوردیدا)، بەغدا، ١٩٨٠ ب.

٤- د. ڕەفیق محەمەد شوانی، (چەند بابەتێکی زمان و ڕێزمانی کوردی)، هەولێر، ٢٠٠١.

٥- د. کوردستان موکریانی، (سینتاکسی ڕستەی سادە لە زمانی کوردیدا)، بەغداد، ١٩٨٦.

٦- د. کوردستان موکریانی، (سینتاکسی ڕستەی کوردی)، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٠.

٧- محەمەد مەعرووف فەتاح، (زمانەوانی)، چاپخانەی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٩٠.

٨- میدیا، (سەرەتایەکی زمانناسی)، ب١، سلێمانی، ١٩٩٨.

٩- نووری عەلی ئەمین، (قواعدی زمانی کوردی)، ب٢، بەغدا، ١٩٥٨.

١٠- وریا عومەر ئەمین، (ڕێزمانی ڕاناوی لکاو)، بەغدا، ١٩٨٦.


### دووەم/ نامەی ماجستێر و دکتۆرا


١- ئەبوبەکر عومەر عەلی، (پرسیار)، نامەی ماجستێر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلحەددین، هەولێر، ١٩٩٠.

٢- بەکر عومەر عەلی، (بەستن و کرتاندن لە کوردیدا)، نامەی ماجستێر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٩٢.

٣- بێخاڵ عەبدوللا سەعید، (واتاسازی ووشە)، نامەی ماجستێر، کۆلێژی ئاداب،

زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر، ١٩٨٩.

٤- ڕەفیق محەمەد محیەدین، (ئامرازی بەستنەوە لە زمانی کوردیدا)، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی بەغدا، ١٩٩٧.

٥- شلێر ڕەسوول، (ئاوەڵگوزارە لە زمانی کوردیدا)، نامەی ماجستێر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ١٩٨٩.

٦- تاڵیب حوسێن عەلی، (هەندێ لایەن لە پەیوەندی نێوان ڕستە و واتا لە کوردیدا)، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر. ١٩٩٨.

٧- عەبدوڵڵا حوسێن، (ناکردن لە کوردیدا)، نامەی ماجستێر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ١٩٩١.

٨- عەبدوڵڵا عەزیز محەمەد، (گۆڕانی واتای وشە لە زمانی کوردیدا)، نامەی ماجستێر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر، ١٩٩٠.

٩- فەریدوون عەبدول محەمەد، (نادیاری)، نامەی ماجستێر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ١٩٨٨.

١٠- قەیس کاکل تۆفیق، (تیۆری کردە قسەییەکان)، نامەی ماجستێر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٩٦.

١١- قەیس کاکل تۆفیق، (پەیوەندییەکانی نێو دەق)، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر، ٢٠٠٢.

١٢- هۆگر مەحموود فەرەج، (پراگماتیك و واتای نیشانەکان)، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٠.

١٣- یوسف شەریف سەعید، (دۆخەکانی ژێرەوە لای فیلمۆر)، نامەی ماجستێر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر، ١٩٩٠.

### سێیەم/ موحازەرەکان

١- محەمەد مەعرووف فەتاح، موحازەرەکانی خوێندنی باڵا، (ماجستێر)، زمانەوانی، ١٩٩٣.

٢- د. محەمەد مەعرووف فەتاح، موحازەرەکانی خوێندنی باڵا، (دکتۆرا)، پراگماتیك و سیمانتیك، ٢٠٠١.

٣- د. وریا عومەر ئەمین، موحازەرەکانی خوێندنی بالاّ، (دکتۆرا)، سینتاکس، ٢٠٠١.

٤- د. یوسف شەریف سەعید، موحازەرەکانی خوێندنی بالاّ، (دکتۆرا)، قوتابخانە زمانەوانییەکان، ٢٠٠١.

**چوارەم/ گۆڤارەکان:**

١- فەریدوون عەبدول محەمەد، (کاری ڕانەبردووی ئیلزامی لە ڕستەی کوردی خواروودا)، گۆڤاری زانکۆ، ژ١، هەولێر، ساڵی ١٩٩٧.

٢- محەمەد مەعرووف فەتاح، (سنور و بنەما و ئەرکەکانی کۆزمانەوانی)، ڕۆشنبیری نوێ، ژ١١٢، بەغدا، ساڵی ١٩٨٦.

٣- محەمەد مەعرووف فەتاح، (سەرەتا لە جۆرێك لە ڕستەی کوردیدا)، ڕۆشنبیری نوێ، ژ١٢٨، بەغدا، ساڵی ١٩٩٢.

٤- وریا عومەر ئەمین، (ئامرازەکانی بەستن)، ڕۆژی کوردستان، ژ٦٧، بەغدا، ساڵی ١٩٨٤.

٥- وریا عومەر ئەمین، (تێنەپەڕ فرمانێکی بکەر نادیارە)، ڕۆشنبیری نوێ، ژ١٠٧، بەغدا، ساڵی ١٩٨٥.

## سەرچاوە عەرەبییەکان


١– أحمد مختار عمر، (مدرسة براغ اللغوية)، مجلة كلية الآداب والتربية، كويت، عدد ١١، ١٩٧٧.

٢– أحمد مختار عمر، علم الدلالة، الطبعة الأولى، مكتبة دار العروبة، كويت، ١٩٨٢.

٣– تمام حسان، (اللغة العربية معناها ومبناها)، القاهرة، ١٩٧٣.

٤– جفري سامسون، (مدارس اللسانيات التسابق والتطور)، ترجمة: د. محمد زياد كبة، جامعة ملك سعود، ١٩٩٧.

٥– جون لاينز، (علم الدلالة)، ترجمة: مجيد عبدالحليم الماشطة والآخرون، كلية الآداب، جامعة البصرة، ١٩٨٠.

٦– جون لاينز، (اللغة والمعنى والسياق)، ترجمة: د. عباس صادق الوهاب، ط١، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٧.

٧– ر.هـ. روبنز، (موجز تأريخ علم اللغة في الغرب)، ترجمة: أحمد عوض، عالم المعرفة، كويت، تشرين الثاني ١٩٩٧.

٨– د. صلاح فضل، (بلاغة الخطاب وعلم النص)، سلسلة عالم المعرفة، كويت، أب، ١٩٩٢.

٩– فان دايك، (النص والسياق)، ترجمة: عبدالقادر قنيني، أفريقا الشرق، ١٩٩٩.

١٠– لورينو تود، (مدخل إلى علم اللغة)، ترجمة: د. مصطفى آلتوني، مطابع الهيئة المصرية العامة، ١٩٩٤.

١١– محمد الخطابي، (لسانيات النص)، المركز الثقافي العربي، ١٩٩١.

١٢– محمد حسن عبدالعزيز، (مدخل إلى علم اللغة)، بغداد، ١٩٨٣.

١٣– محمد عزام، (فضاء النص الروائي)، دار الحوار، دمشق، ١٩٩٦.

١٤– محمد عيد، (أصول النحو العربي)، القاهرة، ١٩٨٢.

١٥– محمد محمد يونس علي، (وصف اللغة العربية دلالياً في ضوء مفهوم الدلالة المركزية)، جامعة الفاتح، الجماهيرية العربية الليبية، ١٩٩٣.

١٦– د. محمد مفتاح، (دينامية النص)، لبنان، ١٩٨٧.
١٧– ميلكا أفيتش،(إتجاهات البحث الساني)، ترجمة: سعد عبدالعزيز مصلوح و د. وفاء كامل فايد، المطابع الإميرية، ١٩٩٦.
١٨– د. نايف خرما، (أضواء على الدراسات اللغوية المعاصرة)، عالم المعرفة، ١٩٧٨.
١٩– نخبة من اللغويين العرب، (قاموس علم اللغة)، بيروت، ١٩٨٣.
٢٠– د. نهاد الموسى، (نظرية النحو العربي)، بيروت، ١٩٨٠.
٢١– الدكتورة نورالهدى لوشن، (علم الدلالة)، جامعة ڤاريونس، بنغازي، ١٩٩٥.
٢٢– نوزاد حسن أحمد، (في تحليل النص مفهوم ماوراء الجملة)، جريدة خەبات، العدد١٠٩٦. ٢٠٠٢/٩/٢٠.
٢٣– الدكتورة وفاء محمد كامل، (البنيوية في اللسانيات)، عالم الفكر، كويت، المجلد ٢٦، عدد ٢، ديسمبر ١٩٩٧.
٢٤– وليم هندريكس، (مقالات في علم اللغة السيمائي والادب الشعبي)، ترجمة: د. يوئيل يوسف عزيز و د. نوزاد حسن أحمد، غير مطبوع.
٢٥– يحيى أحمد، (معنى الكلمة بين الإتجاه التجريدي والإتجاه الوظيفي)، المجلة العربية للعلوم الإنسانية، العدد السادس عشر، المجلد الرابع، خريف ١٩٨٤.
٢٦– يحيى أحمد، (الإتجاه الوظيفي ودوره في تحليل اللغة)، عالم الفكر، المجلد العشرون، العدد الثالث، كويت، ١٩٩٩.

## سەرچاوە ئینگلیزییەکان


1- Bloomfield, L.(1933). Language. New York: Holt Rinehart.

2- Chmsky, N. (1965), Aspects of the theory of syntax. cambridge, Mass: MIT Press.

3- Dik Simon (1978). Functional Grammar. North Holland, Netherlands.

4- Firbas. J (1971). On the concept of communicative Dynamism in the Theory of Functional sentence perspwctive. Sbornik Praci Filosoicke Fakulty Brnesk University A 19, PP. 135-144.

5- Grice, H. P and Goff man, E(1986). Cooperation and Face An introducton to sociolinguiatics, oxford: Basil well lid, 281-287.

6- Gillian Brown and George Yule, (1983). Discourse an Alysis, Cambridge University Press.

7- G Sampson (1980). School of Linguistics, Hutchinson, London.

8- Hymes, D.(1971), On communicative Competence, in: J.B. Pride and J. Holmes(eds), Sociolinguistics Harmonds Worth, Penguing Books.

9- John Lyons,(1977),Semsmantics, Cambridge University Press.

10- J. Vachek (1966). The Linguistic School of Prague Indiana. University Press.

11- K. Hengeveld (1989). Layers and operatorsin Functional Grammar .JL. 25, No. 1,pp. 127-157.

12- Mattews, P.H(1981). Syntax. Cambridge Univesity Press.

13- M.A.K. Halliday (1973). Exploration in the Functions of language, Edward Arnold.

14- M.A.K. Halliday and Ruqaia Hasan,(1976). Cohesion in English, Londman , London.

15- M.A.K. Halliday(1978). Languageas Social semiotic: The social interpretation Language and meaning, Longman. London.

16- M.A.K. Halliday (1985). An Intriduction to Functional Grammar, London Edward Arnold.

17- Margaret Berry (1977). Introduction to Systemic Linduistics,London: Batsford.

18- Maria Teresa Taboada (2000), Colladorating through tahk; the interactive construction of task- oriented in dialogue in English and in Spsnish, Doctoral Thesis, Department Filologia inglisa, Univesidad Complutence de Madrid.

19- Michael Toolan (1998), Language in Literature, Edward Arnold, London.

20- Raphael Salkie (19970, Text and Discouverese Analysis, Routcedye, London.

21- R.H. Robinson (1980). Ashort History of Linguistics Lndend, Longman, London.

22- Willis Edmondson (1977). Spoken Discourse A Model for Analysis, Logman, New York.

## ناوەڕۆك


پێشەکی ........ ٥
بەشی یەکەم ڕێبازە ئەرکییەکان و ڕێبازی ئەرکی هالیدەی ........ ١١
سەرەتا ........ ١٣
قوتابخانەی پراگ ........ ١٧
ڕوانگەی ئەرکی بۆ ڕستە ........ ٢٢
قوتابخانەی لەندەن ........ ٢٦
واتا و دەوروبەر لای فێرث ........ ٢٧
ئاستەکانی زمان ........ ٣٢
ئاستی دەنگ ........ ٣٤
ئاستی وشەکانی زمان ........ ٣٤
ئاستی ڕێزمان ........ ٣٥
ئاستی واتا ........ ٣٦
قوتابخانەی ڕێزمانی هالیدەی ........ ٣٦
ڕێزمانی ئەرکی دیل هایمز ........ ٤١
ڕێبازە ئەرکییە نوێیەکان ........ ٤٤
بەشی دووەم ڕستە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە ........ ٥١
سەرەتا ........ ٥٣
کردە و دەوروبەر ........ ٥٧
جۆرەکانی کردە ........ ٥٨
کردەی مادی ........ ٥٨
کردەی پەیبردن ........ ٦٦
کردەی بەدەر لە دەسەڵات ........ ٦٨
کردەی پێوەنداری ........ ٧٠

کردەی گەیاندن ..... ٧٤
کردەی بوون ..... ٧٦
بەشی سێیەم: ڕستە و هاوبەشەکانی ئاخاوتن ..... ٧٩
سەرەتا ..... ٨١
مۆداڵکاری و بۆچوون ..... ٨٣
پێناسەی مۆداڵکاری ..... ٨٣
دەربڕینی مۆداڵکاری ..... ٨٤
ڕێگاکانی دەربڕینی مۆدالکاری ..... ٨٦
مۆداڵکاری و جۆرەکانی ڕستە ..... ٩٣
نواندنی مۆداڵکاری لە ڕێزمانی ئەرکیدا ..... ٩٦
بەشی چوارەم: دەرەوەی ڕستە ..... ١٠١
سەرەتا ..... ١٠٣
باس و خواس (کۆن و نۆییێ) ..... ١٠٤
باساندن لە کوردیدا ..... ١٠٦
باس لە ڕستەی هەواڵداندا ..... ١٠٦
باس لە ڕستەی پرسدا ..... ١١١
باس لە ڕستەی فەرماندا ..... ١١٦
فرە باس ..... ١١٩
باسی پاڕستەیی ..... ١٢٨
بەشی پێنجەم: لە سەرووی ڕستەوە ..... ١٣٣
سەرەتا ..... ١٣٥
جۆرەکانی پێوەندی نێوان ڕستەی ئاڵۆز ..... ١٤٢
یەکەم: پێوەندی بەندێتی و جۆرەکانی ..... ١٤٢
پێوەندی بەندێتی هاوسەنگی ..... ١٤٣
پێوەندی بەندێتی ناهاوسەنگی ..... ١٤٤
دووەم: پێوەندی لۆجیکی و سیمانتیکی ..... ١٤٦

پێوەندی فراوانکردن و جۆرەکانی ..... ١٤٧
فراوانکردن بەڕێگەی ڕوونکردنەوە ..... ١٤٧
فراوانکردن بەڕێگەی درێژکردنەوە ..... ١٥٠
فراوانکردن بەڕێگەی دەوڵەمەندکردن ..... ١٥٥
فراوانکردن بەبێ ئامراز ..... ١٦٢
فراوانکردن بەتێهەڵکێشان ..... ١٦٤
پێوەندی پەخشکردن و جۆرەکانی ..... ١٧١
گوتنی ڕاستەوخۆ ..... ١٧١
گوتنی ناڕاستەوخۆ ..... ١٧٣
بەشی شەشەم: ڕستە لە ناو دەقدا ..... ١٧٩
سەرەتا ..... ١٧١
دەق و نادەق ..... ١٨٣
شیکردنەوەی دەق ..... ١٨٤
لکانی دەق و جۆرەکانی ..... ١٨٦
ڕێگاکانی لکانی ڕێزمانی ..... ١٨٧
دەقە ئاماژە ..... ١٨٧
ئامرازی نیشانە ..... ١٨٨
جێناوی کەسی ..... ١٨٩
ئاوەڵکاری شوێن ..... ١٨٩
دەقە ئاماژەی دواوە ..... ١٩٠
لکاندنی فۆرمەکان بەلادان یان کرتاندن ..... ١٩١
کرتاندنی بکەر ..... ١٩٢
لکاندنی فۆرمەکان بەبەستن ..... ١٩٢
جۆرەکانی بەستن ..... ١٩٣
لکاندنی فۆرمەکان بەبرێتی خستن ..... ١٩٥
لکاندنی لێکسیکی ..... ١٩٦

لکاندنی لێکسیکی و جۆرەکانی ۱۹۸
بەکارهێنانی وشەی هاوواتا ۱۹۹
بەکارهێنانی وشەی دژواتا ۲۰۰
بەکارهێنانی ناوی گشتی ۲۰۲
ئەنجام ۲۰۷
سەرچاوەی نموونەکان ۲۱۰
سەرچاوە کوردییەکان ۲۱۲
سەرچاوە عەرەبییەکان ۲۱۵
سەرچاوە ئینگلیزییەکان ۲۱۷